منتدى إقرأ الثقافى
www.iqra.ahlamontada.com

ئاستانە



سەرابی گومانەکان

نووسینی: ئەحمەد یوسف سەعید
وەرگێڕان و لەسەر نووسینی: سەرهەنگ ئەحمەد
پێداچوونەوە: م. علی خان

ئەحمەد یوسف سەید

لە ساڵی ١٩٨٥ لە ناوچەی یەنبوع لە دایک بووە، لە منداڵیەوە و لەژێر چاودێری باوکیدا دەستی کردووە بە خوێندنی زانستە شەرعییەکان، هەموو قورئانی پیرۆز و چەندین مەتنی زانستی لەبەردەکات لە تەمەنی دە ساڵیدا، لە قۆناغی ناوەندیدا ئامادەی وانەکانی زانای بەناوبانگ: (إبراهيم العجلان) دەبێت لە ناوچەی یەنبوع، پاشان کۆچ دەکات بۆشاری مەککە بۆ بەشداری خولی لەبەرکردنی سوونەت بە سەرپەرشتیاری فەرمودەناس (يحيى عبدالعزيز اليحيى) لە دوو خولدا سەحیحی بوخاری و موسلیم و زیادەکانی هەشت پەرتوکەکەی فەرموودە لەبەر دەکات، لەو ماوەیەدا دەچێتە لای زانایان بۆ فێربوونی زانستە شەرعیەکان وەک: (عبدالله محمد الأمين الشنقيطي) و (عبدالله البسام) و چەندانی دیکە، پاشان دەچێتە ناوچەی (القصيم) بۆ خوێندنی لە زانکۆی (الإمام محمد بن سعود الإسلامية، پاشان دەگەڕێتەوە شاری مەدینە، و لە زانکۆی (الإسلامية) خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات و بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەپلەی باڵا لە زانکۆی ئیسلامی لە مەدینە بەدەست دێنێت.

لە دیارترین نوسراوەکانی:

١- محاسن الإسلام.
٢- مفاتيح البصيرة عند النوازل والفتن.
٣- سابغات (كيف نتعامل مع الشبهات الفكرية المعاصرة ؟)
٤- أصول الخطأ في الشركات المثارة ضد الإسلام وثوابته.
٥- كامل الصورة.
٦- أفي السنة شك.
٧- تثبيت حجية السنة.
٨- المعين على فهم تطبيقات المحدثين.
٩- كتاب تسهيل الأسانيد.
١٠- كتاب إلى الجيل الصاعد.
١١-التفكير الناقد.

لەدیـــارترین کارەکانـــی:

دامەزراندنی:
١- (أكاديمية الجيل الصاعد) بۆ تازەلاوان .
٢-(أكاديمية البناء المنهجي) بۆ پێگەشتوان وگەنجان .
٣-(أكاديمية الحديث) تایبەت بە فەرموودە و زانستی فەرموودەناسی.
٤- (أكاديمية صناعة المحاور) تایبەت بە بابەتە هزرییەکانی سەردەم.
چەندان کۆڕ وسیمینار وبەرنامەی بەسوودی دیکەی هەیە.

سەرابی گومانەکان

نـــــاوی نووسـەر: ئەحمەد یوسـف سەیید
نـاوی وەرگـێڕ: سەرهەنگ ئەحمەد فەتاح
پێداچـــــوونـــەوەی: م. عـــــەلی خـــــان
دیزاینی ناوەوە و بەرگ: زەردەشت کاوانی
نۆبـــەتـی چـــــــاپ: یەکـــــــەم ٢٠٢١
تـیـــــــــــراژ: ١٠٠٠ دانـــــــــــــــــە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (١٩١٤) ی ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ئاستانە ©

سەرابی

گـــومانەکان

نووسینی

ئەحمەد یوسف سەعید

وەرگێڕان و لەسەرنووسینی

سەرهەنگ ئەحمەد فەتاح

پێداچوونەوەی

م. عـــەلی خـــــان

پێشەکی وەرگێڕ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی فێری کردین و ڕێنوێنی کردین.

سەڵات و سەلامی خوا لەسەر خۆشەویست و پێشەوا و سەروەرمان موحممەد ﷺ، سەلام و ڕەزامەندی لەسەر هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان تاوەکو ڕۆژی دوایی.

هەمیشە شوبهە و گومان لە چۆڵەوانی و بیابانی ناباوەڕی و شەک و گومان خۆیان قایم دەکەن، ناتوانن لە شارستانییەتی یەقین و باوەڕ خۆڕابگرن، بیابانەکانیش شوێنی شەکەتی و تینوبوونە، ئەوانەش ڕێبازی گومانسازی و لاڕێییان گرتووە نێچیرێکی لاوازی سەرابی گومانەگانن.

هەمیشە تینووەکان بەدوای پاراویدا وێڵن، کاتێک لە دوورەوە سەرابێک دەبینن وادەزانن ئاوی سازگارە، بەڵام دوای هەوڵ و ماندووبوون کە دەگانە لای هیچ شتێکیان دەست ناکەوێت جگە لە زیاتر شەکەت بوون و مەراق و پەژارە و دڵتەنگی...

خۆ ئەگەر لە ئاسۆ بڕوانن نوری ئیمان وا دەدرەوشێتەوە، کانیاوی یەقین و دڵنیایی بەئاسانی دەستپێیدەگات، بەهاری دڵەکان زۆر نزیکە. ئارامی دەروون وا بەدەرکەوتووە.

پاشان:

خوێنەری ئازیز! ئەم پەڕاوەی لە بەردەستت دایە؛ ڕێنیشاندەری سالیکی ڕێی خوایە بۆ گەشتن بە پاراوی ئیمان و یەقین، لەهەمانکاتدا ئاگادار کەرەوەیە بۆ ئەوەی بەسەرابی گومانەکان هەڵنەخەڵەتێین؛ چونکە ئەگەر بێتوو دوایان بکەوین ئەوە سەرەنجام مەراق و پەژارە و دڵتەنگی و ماندووبوونمان بۆ دەمێنێتەوە...

ئەم پەڕتوکە پێکهاتووە لە سێ بەشی سەرەکی:

بەشی یەکەم: بریتییە لە هەنگاوەکان بۆ ئاشکراکردنی هەڵەکان لە گومانی گومانسازان کە خۆی لە پێنج هەنگاودا دەبینێتەوە.

بەشی دووەم: بریتیە لە بنەماکانی هەڵەکردن لەلای گومانسازان لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا. ئەمەش خۆی لە (١٠) بنەمادا دەبینێتەوە کە نووسەر بەشێوازێکی زانستی ئەمەشی کردووە بە دوو بەشەوە:

أ- گومانەکان دژی خودی ئایینی ئیسلام: ئەمەش خۆی لە چوار بابەتدا دەبینێتەوە:

بابەتی یەکەم: گومانەکان دەربارەی بوون و کاملّی خوا و حیکمەتەکانی لە کار و کردەوەکانیدا.

بابەتی دووەم: گومانەکان دەربارەی قورئانی پیرۆز.

بابەتی سێیەم: گومانەکان دەربارەی پێغەمبەرﷺ.

بابەتی چوارەم: گومانەکان دەربارەی ئەحکامە شەرعییەکان.

ب- گومانەکان دژی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام؛ ئەمەش خۆی لە چوار بابەتدا دەبینێتەوە:

بابەتی یەکەم: گومانەکان دەربارەی سوننەتی پێغەمبەرﷺ.

بابەتی دووەم: گومانەکان دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ.

بابەتی سێیەم: گومانەکان دەربارەی کۆدەنگی زانایان.

بابەتی چوارەم: گومانەکان دەربارەی حدودە شەرعییەکان.

بەشی سێیەم: بریتییە لە بڵاوبوونەوەی بنەماکانی هەڵەکردن بەپێی جۆری بەڵگەکان؛ ئەمەش خۆی لە سێ جۆری سەرەکیدا دەبینێتەوە:

جۆری یەکەم: ئەو بنەمایانەی هەڵەکردن کە زۆر بڵاون و بوونیاد نراون لەسەر بەڵگە خەبەرییەکان.

جۆری دووەم: ئەو بنەمایانەی هەڵەکردن کە زۆر بڵاون و بوونیاد نراون لەسەر بەڵگە ئەقڵییەکان.

جۆری سێیەم: ئەو بنەمایانەی هەڵەکردن کە زۆر بڵاون و بوونیادنراون لەسەر بەڵگە ئەزموونی و حیسییەکان.

چەند تێبینییەک:

أ-

١- هەوڵم داوە بەشێوازێکی ئەکادیمی بابەتەکە وەربگێڕم و مافی خۆی پێ بدەم و لە مەبەستی نووسەر لانەدەم. بەڵام وەرگێڕانی حەرفیم بۆ نەکردووە؛ چون نێوانی هەر دوو زمانەکە جیاوازی زۆری تێدایە، بۆیە بەشێوەیەک وەرمگێراوە خوێنەر چێژی لێ ببینێت و بێزار نەبێت لە خوێندنەوەی، لەگەڵ پاراستنی بەها زانستییەکەی.

٢- ئەم کارەی من تەنها وەرگێڕان نییە، بەڵکو وەرگێڕان و لەسەر نووسینیشە، بۆیە هەوڵمداوە ڕوونکردنەوەی تەواو بدەم لەسەر کۆی گشتی بابەتەکان.

٣- بۆ جیاکاری لەنێوان ڕوونکردنەوەکانی نووسەر و وەرگێڕ هەر ڕوونکردنەوەیەکم دابێت لەکۆتاییدا نووسیومە (وەرگێڕ)، هەموو ڕوونکردنەوەکانی نووسەریش لەکۆتاییدا نووسیومە (نووسەر).

٤- نووسەر ئەم پەرتوکەی ناو نابوو (أصول الخطأ في الشبهات المثارة ضد الإسلام وثوابته)، بەڵام پێم باش بوو ناونیشانەکەی بگۆڕم بۆ (سەرابی گومانەکان).

٥- بۆ تەفسیری ئایەتەکان پشتم بە «تەفسیری ڕامان و تەفسیری ڕێبەر» بەستووە، بۆیە هەرکامێکیانم بەکارهێنابێت لەتەنیشتیدا ناوی تەفسیرەکەم نووسیوە، بەڵام لەهەندێک شوێندا خۆم بەسوود وەرگرتن لە تەفسیرە کوردییەکان لێکدانەوەم بۆ هەندێک ئایەت کردووە، بۆیە لەکۆتاییدا تەنها نووسیومە (وەرگێڕ).

٦- ئەو وتانەی لەنێوان ئەم دوو کەوانەدایە [ ] لەهەر شوێنێکدا هەبێت وتەی وەرگێڕە.

٧- هەر ڕستەیەک لەنێوان ئەم دوو هێڵەدا هاتبێت ـ ـ ئەوە ڕستەیەکی لاوەکییە ومەبەست پێی زیاتر ڕوونکردنەوەیە.

ب- پێویستە خوێنەر ئاگای لەم بابەتە بێت کە یارمەتی دەرێکی زۆر باشە بۆ وەڵامدانەوەی گومانی گومانسازان، ئەویش:

زانینی بیروباوەڕی کەسی بەرامبەر:

ئەگەر کەسی بەرامبەر باوەڕی بە بوونی خوا نەبوو، یاخود باوەڕی بە ئاین نەبوو، یان باوەڕی بە پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ نەبوو، یان باوەڕی بە پاڕێزراوی قورئانی پیرۆز نەبوو؛ ئەوکات هەڵەیەکی گەورەی لۆژیکیە گفتنوگۆی لەگەڵ بکرێت دەربارەی بابەتی حوجیەتی فەرموودە، یان بابەتی ئەحکامە شەرعیەکان، یان دەربارەی ئایەتێک، یان فەرموودەیەکی دیاریکراو، یان بابەتێکی دیاریکراوی ژیانی پەیامبەر، یان هەربابەتێکی دیکەی لاوەکی؛ چون ئەو باوەڕی بەو بنچینەیە نییە کە تێگەیشتن هەموو بابەتەکانی لەسەر بونیاد دەنرێت، بۆیە پێویستە بابەتە سەرەکییەکان پێش بخرێت واتە: سەرەتا بوونی خوای بۆ دەسەلمێنین، پاشان ڕاستی و دروستی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و پەیامبەرایەتی محمدﷺ، پاشان گفتوگۆی لەگەڵ دەکەین دەربارەی بابەتی فەرموودە، یان هەر بابەتێکی دیکەی لاوەکی کە گومانی لەسەر هەیە.

جیاکردنەوەی ئاستی نکۆڵیکار و گومانساز کارێکی زۆر پێویستە، لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا؛ چونکە کاری گفتوگۆکار ئاسان وکورت دەکاتەوە، وەک دواتر نووسەر ئاماژە بۆ شێوازی گفتوگۆی دروست وگونجاو دەکات لە ناوەڕۆکی ئەم پەڕتوکەدا.

پێشەکی (مرکز دلائل)

زۆرن ئەو کەسانەی پێشەوایەتی ملیۆنان مرۆڤیان کردووە سالانێکی زۆر، ئیتر ئەم پێشەوایەتییە لە چاکەدا بێت، یان لە خراپە.

بەڵام کەسی ژیر دەڕوانێتە گرنگرتینیان، ئەوە هەڵدەبژێرێت کە گونجاو بێت لەگەڵ عەقڵ و فیترەتدا و دووربێت لە دژێتی و تێکگیران.

بۆیە زۆر پێویستی کرد ئەم زنجیرەیە دەستپێبکەین بە ناونیشانی: بابەتە فیکرییەکان (أطروحات الفكرية)...

لەم پەڕتوکەدا: کورتەییەکی زۆر گرنگ دەبینین لە بنەماکانی هەڵەکردن (أصول الخطأ) و سەرابی گومانەکان، کە گومانسازان لە بوونی خوا، یان دەربارەی ئایینی ئیسلام دەکەونە ناوییەوە.

گرنگی ئەم پەڕتوکە لە دوو ڕوانگەوەیە:

یەکەم: کەمی ئەو کەسانەی ئەم جۆرە بابەتانە بەم شێوازە ڕێکوپێک و جوانە ڕێکبخەن، بەجۆرێک تازەترین گومانەکان بگرێتەوە.

دووەم: ئەو شارەزاییەی کە نووسەر (ئەحمەد یوسف سەید) هەیەتی لە بواری گفتوگۆکردن لەگەڵ گومانسازان بەهەموو جۆرێکیانەوە هەر لە کاتی بەرنامەی (كامل الصورة)ەوە هەتاوەکو بوونیاتنانی ئەکادیمییای (صناعة المحاور)، کە بەهەزاران فێرخواز لە هەموو وڵاتانی جیهان تێیدا بەشداربوون.

ASTANA

داواکارین لە پەروەردگار بیکاتە مایەی خێر و سوود بۆ خەڵکی و زۆرترین داواکاری لەسەربێت.

ASTANA

پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحیم، الحمد لله رب العالمین و صل اللهم علی نبینا محمد و علی اله، اما بعد:

لە کاتی بڵاوبوونەوەی گومانەکان دژی ئیسلام و بنەما نەگۆڕەکانی و کاریگەربوونی زۆرێک لە خەڵکی بەم گومانانە، بە شێوازێک کە بێ ئاگان لە هەستکردن بە شوێنی هەڵە و چەواشەکارییەکان لە گومانەکاندا.

ئەمە وا دەکات زۆر پێویستمان بە کۆمەڵە بنەما و یاساییەک ببێت؛ بۆ ئاشکراکردن و دەرخستنی هەڵە و چەواشەکارییەکان لە ناو گومانی گومانسازاندا.

سەرەڕای ئەوەی نووسراوەکانی ڕابردوو لە بابەتەکانی گومان و چەواشەکارییە لۆژیکییەکان؛ بە شێوازێکی گشتی باس لە هەڵە و چەواشەکارییەکان دەکەن، خوێنەر شارەزا ناکەن بە شوێن و شێوازی بنەماکانی هەڵە و چەواشەکارییەکان لەکاتی بەڵگەهێنانەوەی گومانسازاندا.

هەروەها ئەوەشی لەکۆتایی پەرتوکەکانی زانستی لۆژیکدا باسەکرێت دەربارەی چۆنییەتی هەڵەکان لە کاتی پێوانەکردندا، لێ تێگەیشتنی -بە شێوازێکی ئاسان و ڕوون- گەلێک زەحمەتە؛ چونکە زۆرجار بەستراوەتەوە بە شارەزابوونِ لە زانستی لۆژیک (المنطق).سەرەڕای ئەمەش؛ ئەو نموونانەی باسەکرێن

لە پەڕتوکەکانی لۆژیکدا دەربارەی شێوازی هەڵەکان، لەم سەردەمەدا بەکارناهێنرێن.

لەبەر ئەمە؛ بە باشم زانی؛ ئەم پەڕتوکە پوختە بنووسم کە کۆکەرەوەی بنەماکانی هەڵەکردنە لەلای گوماندروستکەران دژ بە ئیسلام، ئاسانکارە بۆ کەسی بڕوادار بۆ ئەوەی بتوانێت شوێن و شێوازی هەڵە و چەواشەکارییەکان دیاری بکات لەکاتی بەڵگەهێنانەوەی گوماندروستکەراندا، وە یارمەتیدەر دەبێ هەنگاو بە هەنگاو بۆ هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانیان.

لەگەڵ ئەمەشدا؛ ئەو نموونانەم باس کردووە کە لەم سەردەمەدا زۆر دووبارە دەبنەوە لەسەر زمانی گوماندروستکەران.

دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە بابەتەکانی ئەم پەڕتوکە پەیوەستن پێکەوە، ناوەند و کۆتاییەکەی ڕوون دەبنەوە بەهۆی سەرەتاکەیەوە. بۆیە، دەبێت هەموو بابەتەکانی لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی پێکەوە گرێ بدرێن، بۆ ئەوەی بە جوانی ڕوون ببنەوە و سوودێکی زۆری بۆ خوێنەر هەبێت.

داوا لە خوا دەکەم سەرکەوتوومان بکات و بەرەکەت بخاتە ئەم کارەمانەوە!

ئەحمەد یوسف سەید

Alsaiyd998@gmail.com

هەنگاوەکان بۆ ئاشکرا کردنی هەڵەکان لەگومانی گومانسازان

دوای وردبوونەوەم لە زۆربەی ئەو گومانانەی لەم سەردەمەدا دەوروژێنرێن؛ بۆم ڕوونبووەتەوە ئەو چەواشەکارییانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی سەرابی گومانەکان جیاوازن لە یەکتری. هەندێکیان زۆر بە ئاسانی ئاشکرا دەکرێن و ئەوەندە بێ ئەرزشن بە هیچ شێوازێک شایستەی وەرگرتن نین. هەندێکیشیان بە زەحمەت دەستنیشان دەکرێن لەناو گومانەکاندا.

ئەم جیاوازییەش؛ داخوازی ئەوە دەکات بە شێوازێکی زانستی و دروست لە گومانەکان بڕواندرێت، بە شێوازێک بتوانرێت هەڵسوکەوت لەگەڵ هەر گومان و کێشەیەکدا بکرێت، بەو شێوازەی دەکرێت شوێنی هەڵە و چەواشەکاریەکان دیاری بکرێت.

ڕێگاکانی دەرخستنی هەڵە و چەواشەکاریەکان زۆرن، منیش هەوڵم داوە لە پێنج هەنگاودا کۆی بکەمەوە، بە شێوازێک هەر هەنگاوێک، کۆمەڵە گومانێک ڕوونەدەکاتەوە. بەم شێوازە هەتاوەکو هەنگاوی پێنجەم. کە ئیتر گومانێک نامێنێتەوە لەم سەردەمەدا باسکرابێت ئیلا بەدڵنیاییەوە ڕوون دەبێتەوە و وەڵام دەدرێتەوە.

(دڵنیابوونەوە لە تێکگیرانی گومانەکە لەگەڵ بیروباوەڕتدا، خۆت بپارێزە لە بەهەڵەداچوون بەهۆی داهۆڵەوە (رجل القش))

زۆرجار گوماندروستکەران لەسەر ئیسلام و بنەما نەگۆڕەکانی شتانێک دەلکێنن بەئیسلامەوە کە هیچ بنەمایەکیان نییە. پاشان؛ ئەمە دەکەن بە دەستپێک و گومانەکانی لەسەر بوونیاد دەنێن. ئەم جۆرە گومانانە هیچکات بەربەرەکانێ لەگەڵ ئیسلامدا ناکەن، بەڵکو شتانێکی دروستکراو و هەڵواسراون بە ئیسلامدا.

پێویستە زۆر خۆخەریک نەکرێت بە وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە گومانانە؛ بەڵکو چەواشەکاری و وێنە ناڕاستەکان ڕوونبکرێتەوە کە لکێنراوە بەئیسلامەوە.

نموونە لەسەر ئەمە:

«ئیسلام ئایینێکی بت پەرستییە؛ چونکە مسوڵمانان کەعبە و بەردە ڕەشەکە دەپەرستن.»

نموونەیەکی دیکە:

«ئەهلی سوننە بڕوایان وایە کە پێشەوا بوخاری پارێزراو و مەعصومە و هیچ هەڵەیەکی نەکردووە.»

[وەڵام:] لەڕاستیدا ئەوەی کەعبە بپەرستێت مسوڵمان نییە، ئەوەشی بڕوای وابێت پێشەوا بوخاری پارێزراوە و هەڵەی نەکردووە، ئەهلی سوننە نییە، ئەمەش بابەتێکی زۆر ڕوونە لەلای هەموومان.

هەردوو گومانەکە بونیاتنراون لەسەر چەواشەکاری و هەڵگێڕانەوەی ڕاستییەکان؛ [بۆیە پێویست ناکات خۆمان زۆر خەریک بکەین بە وەڵامدانەوەیان].

داهۆڵ[1] (رجل القش): بریتییە لە چەند داریک، هەندێک پەڕۆ و پاڵەی پێیدا هەڵدەواسرێت و لەسەر شێوازی مرۆڤ دروستدەکرێت، لەناو زەوی و زاری کشتوکاڵیدا دادەنرێت، بۆ ترساندن و دوورخستنەوەی پەلەوەر و ئاژەڵان.

کەواتە؛ پێویستە لەسەر کەسی مسوڵمان ئاگاداری هاوشێوەی ئەم چەواشەکارییانە بێت کە لەلایەن کەسی بەرانبەرەوە وروژێنراوە، بۆ ئەوەی دەستنەکات بە گفتوگۆ و بەڵگەهێنانەوە لەسەر شتانێک، پێش ئەوەی دڵنیابێتەوە لە تێککگیرانی لەگەڵ بیر و باوەڕیدا[2].

---

(١) لە هەندێک شوێن پێیدەوترێت: دالێت. (وەرگێڕ)

(٢)نووسەر مەبەستی ئەوە نییە کە ئەم جۆرە گومانانە بەیەکجاری پشتگوێ بخرێت؛ بەڵکو لێرەدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات لە ڕووی زانستیەوە و بەپێی پێوەرە زانستیەکانی بەحس و مونازەرەوە، بەو شیوازەیە. ئەگینا، گەر زانرا ئەم جۆرە گومانانە شوێنەواری نەرێنی و کاریگەری خراپ لەسەر موسڵمانان دروستدەکەن؛ ئەوا بە ڕوونی وەڵامیان دەدرێتەوە و ڕوانگەی حەق و ڕاستی ناشکرا دەکرێت. نووسەر هەمان واتا چەند جارێک دوبارە دەکاتەوە؛ بۆیە پێویستە ئەم ڕوونکردنەوەیەت بەردەوام لەپێش چاو بێت. (وەرگێڕ)

(دڵنیابوونەوە لە هەبوونی بەڵگە لەسەر گومانەکان، نەک تەنها قسەیەکی فڕێدراوی بێ بەڵگە بێت)

ئەو گومانانەی دەوروو‌ژێنرێن لە دژی ئیسلام و بنەمانە گۆڕەکانی لە دوو حاڵەت بەدەرنین:

١-یان تەنها قسەیە کە فڕێ دەدرێت لەلایەن گوماندروستکەرەکەوە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە.

٢- یان گومانەکە پشتبەستووە بە بەڵگە.

ئەگەر گومانەکە تەنها قسەیەکی فڕێدراوی بێ بەڵگە بوو، ئەوە داوادەکرێت بسەلمێنرێت بە بەڵگەوە، ئەگەر نا؛ ئەوە شتێکی بێ بنەمایە و هیچ گرنگییەکی نییە.

هەڵەیە ئەگەر لەم جۆرە گومانانەدا ڕاستەوخۆ بەڵگە بهێنرێتەوە لەسەر باتڵی و بێ بنەماییان؛ چونکە چەسپاندنی بانگەشەکان لەسەر کەسی بانگەشەکارە نەک ئەو کەسەی نکۆڵی لێ دەکات. بەڵکو زانایانی بواری گفتوگۆ دەڵێن: «ئەو کەسەی بانگەشەی شتێکی کرد و نەیتوانی بیسەلمێنێت بە بەڵگەوە، ئەوە خۆی

دەمکوت کردووە بەدەستی خۆی، ئەمەش وا دەخوازێت کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنرێت.»

نموونە لەسەر ئەمە:

کەسێک دەڵێت: «ناکرێت دڵنیابین لە ڕاستی و دروستی دەقی فەرموودەکان، کە پێش چواردە سەدە وتراون.»

هەڵسوکەوتی ڕاست و دروست لەگەڵ ئەم گومانانەدا ئەوە نییە ڕاستەوخۆ هەڵەکەی بۆ ڕاست بکەینەوە بە بەڵگەوە، بەڵکو داوای سەلماندنی ئەم قسەیەی لێدەکرێت بە بەڵگەوە، ئەگەر نەی سەلماند، ئەوە هیچ گرنگییەک بۆ ئەم بانگەشە نامێنێتەوە؛ چونکە بانگەشەی بێ بەڵگە دەکرێت ڕووبەڕووی ببینەوە بە بانگەشەیەکی تری بێ بەڵگە[1]، بەمەش [واتە ئەگەر وابێت] ئیتر هیچ گرنگییەک بۆ بەڵگە و بورهانەکان نامێنێت، پاشان بە هیچ شێوازێک ناگەین بە ڕاستییەکان.

نموونەیەکی دیکە:

کەسێک دەڵێت: «ئیسلام ئایینێکی خوێناوی و وەحشی گەرییە.»

بەم شێوازە ئەم قسەیە فڕێ دەدات، بەبێ باسکردنی بەڵگەیەک، هەڵسوکەوتی ڕاست لەگەڵ ئەم جۆرە وتانەشدا ئەوە نییە ڕاستەوخۆ بچین باسی جوانی و لێبوواردەیی ئیسلامی بۆ بکەین، بەڵکو سەرەتا داوای بەڵگەی لێ دەکەین لەسەر ئەم گومانە، ئەگەر شتێکی باسکرد، ئێمەش هەنگاوێکی دیکەی لەگەڵ هەڵدەگرین، ئەگەر نا، ئەوا قسەیەکی فڕێدراوی بێ بنەمایە و خۆمانی لەگەڵ خەریک ناکەین.

---

(١) واتە: لەبەرانبەردا ئێمەش دەڵێین: دەکرێت لە ڕاستی و دروستی دەقی فەرموودەکان دڵنیابینەوە. (وەرگێڕ).

(دڵنیابوونەوە لە ڕاستی ئەو بەڵگەیەیی بانگەشەکارەکە پشتی پێ بەستووە، ئەمەش دوای دابەشکردنی گومانەکە بە سەر بەڵگە و بەڕەنجامدا.)

کاتێک کەسی بانگەشەکار بەڵگەیەکی هێنایەوە لەسەر بانگەشە و گومانەکەی؛ پێویستە جیاکاری بکرێت لەنێوان بەڵگە و بەڕەنجامی بەڵگە و شێوازی بەڵگەهێنانەوەکە، پاشان دەڕواندرێتە بەڵگەکە تاوەکو لە ڕاستییەتی دڵنیابینەوە، ئەمەش لە چوار ڕووەوە دەبێت:

یەکەم: لە ڕووی سەحیحی بەڵگەکەوە.

دووەم: تێگەیشتنی ڕاست و دروست لە بەڵگەکە، (ئەمەش بە چاوپۆشی کردن لەوەی ئایا دەکرێت ئەو بەڵگەیە بگات بەو بەڕەنجامە یاخود نا).

سێیەم: سەلامەتی لە هەڵبژاردنی بەڵگەکە لە ناو بەڵگەکانی ئەو بابەتەدا.

چوارەم: وەرگرتنی هاوشێوەی ئەو بەڵگەیە لەلایەن گوماندروستکەرەوە.

ئەمەش بەم وردەکارییەیی خوارەوە:

یەکەم: سەحیحی بەڵگەکە

سەرەتا پێویستە بەڵگەکە سەحیح بێت، پێش ئەوەی دڵنیا ببینەوە لە شێوازی تێگەشتنی گوماندروستکەرەکە لە بەڵگەکە؛ چونکە زۆرجار گوماندروستکەران بۆ گومان خستنە سەر ئیسلام، یان فەرموودەکان؛ کۆمەڵە بەڵگەیەک دەهێننەوە کە سەحیح نین، بەڵکو لاواز و بێ بنەمان.

نموونە لەسەر ئەمە:

گومان خستنە سـەر سوننەت بە بیانوی ئەوەی کۆمـەڵە فەرموودەیەکی تێدایە، بێ ڕێزییە بەرانبەر پێغەمبەر ﷺ. وەک: پێغەمبەر ﷺ ویستویەتی خۆی فڕێ بداتە خوارەوە لەسەر لوتکەی شاخەکان، کاتێک بۆ ماوەیەک وەحی بۆ نەهاتووە.

دەڵێن: «بوخاری ئەم فەرموودەیەی بە سەحیح داناوە، ئەویش لەلای ئێوە شارەزاترین زانای فەرموودەناسە!»

وەڵام: ئەم فەرموودەیە سەحیح نییە، لەبەرئەوەی پچڕان (انقطاع)[1] لە زنجیرەیی فەرموودەگێڕەوەکانیدا هەیە. پێشەوا بوخاریش خۆی ئەمەی ڕوونکردۆتەوە؛ چونکە سەرەتای فەرموودەکەی بە تەواوی و بێ پچران گێڕاوەتەوە، باسی خۆ فڕێدانە خوارەوەی تێدا نییە، پاشان ئەو بەشەی کۆتایی گێڕاوەتەوە کە باسی خۆفڕێدانە خوارەوەکەی تیادایە و ڕوونی کردووەتەوە

---

(١) فەرموودەی پچڕاو (المنقطع): بریتیە لەو فەرموودەیەی فەرموودەگێڕەوەیەک، یان زیاتر لە زنجیرەکەیدا پچڕاوە. (وەرگێڕ)

ASTANA

پچڕان لە زنجیرە گێڕەرەوەکانیدا هەیە، فەرموویەتی: «بلغنا» واتە: «پێمان گەشتووە.» ئەم دەستەواژەیەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم بەشەی فەرموودەکە پچڕان لە زنجیرەی فەرموودەگێڕەرەوەکانیدا هەیە و سەحیح نییە[١]. هەر وەک پێشەوا ئیبن حەجەر -بەڕەحمەت بێت- لە پەڕتوکی (فتح الباري)دا، فەرموویەتی: «ئەم بەشەی فەرموودەکە لە بەلاغاتی[٢] پێشەوا زوهرییە و فەرموودەیەکی سەحیح[٣] نییە.» جگە لەوەی واتا و هۆکاری فەرموودەکە و شێوازی پەیوەستبوونی پێغەمبەر ﷺ بەهاتنی وەحی خوایی، زۆر جیاوازە لە شێوازی خستنەڕووی گوماندروستکەران بۆ ئەم بابەتە.

نموونەیەکی دیکە:

دەڵێن: «ئیسلام پێچەوانەی واقیع و زانستی ئەزموونی دەکات، بەڵگەش لە پێغەمبەرەوە ﷺ جێگیربووە دەربارەی گۆشتی مانگا فەرموویەتی: «إنها داء» واتە: «بەڕاستی گۆشتی مانگا نەخۆشییە.»

[گومانساز دەڵێت: «ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ناڕاستی ئیسلام؛ چونکە زانستی ئەزموونی پێچەوانەکەی سەلماندووە، واقعیش دەریخستووە گۆشتی مانگا دەرد و نەخۆشی پێوەنییە، بەڵکو زۆریش بەسوود و وزە بەخشە.»]

---

(١) بوخاری (٦٩٨٢).

(٢) بریتییە لەو جۆرە فەرموودەیەی کە ڕاویەکە دەڵێت: "پێم، یان پێمان گەشتووە، یان وتراوە". یان هاوشێوەکانی. (وەرگێڕ)

(٣) (٢٩٠/١٦)، دار طيبة.

وەڵام: ئەم فەرموودەیە لاوازە. پێشەوا حاکم - بەڕەحمەت بێت - گێڕاویەتییەوە[١] لە ئیبن مەسعوودەوە و فەرموویەتی: «ئەم فەرموودەیە سەحیحە.»

پێشەوا زەهەبی لەسەر ئەم بە سەحیح دانانە فەرموویەتی: «سەیفی کوڕی مسکین»-کە یەکێکە لە گێڕەرەوەکانی فەرموودەکە- بەهەڵەدا دەچێت لە گێڕانەوەی فەرموودەدا.»

پێشەوا «ئەبوو داوود» لە پەرتوکی (المراسیل[٢])دا و «ئیبن جەعد» و چەند زانایەکی دیکەش لە ڕێگەی «مولەیکەی کچی عەمرەوە» گێڕاویانەتەوە.

پێشەوا «زەرکەش»یش ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە لە پەرتوکی (الآلیء المنثورة في الأحادیث المشهورة)، باسی ئەوەش دەکات پێشەوا «حاکم» بە سەحیحی داناوە، پاشان فەرموویەتی: «ئەم فەرموودەیە پچڕاوە (منقطع). ئەو بە سەحیح دانانەی پێشەوا حاکمیش شوێنی ڕەخنە و تێڕامانە؛ چونکە لە سەحیحی [بوخاری و موسلیم[٣]]دا هاتووە پێغەمبەر ﷺ مانگایەکی کردووە

---

(١) المستدرک، للحاکم (٤/٤٠٤).

(٢) فەرموودەی مرسل: بریتییە لەو فەرموودەیەی کە پچڕان لە زنجیرەی فەرموودە گێڕەرەوەکانی هەیە، بەزۆریش مەبەست پێی ئەو فەرموودەیەیە کە تابعییەک لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەیگێڕێتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو کەسە باس بکات لەنێوان ئەو و پێغەمبەردا هەیە. (نووسەر).

(٣) دایکمان عائیشە دەفەرموێت: «ضحّى رَسُولُ الله عن نسائه بالبقر.» واتە: "پێغەمبەر ﷺ مانگایەکی کردووە بەقوربانی بۆ خێزانەکانی." بڕوانە: سەحیحی بوخاری(٢٩٤) و (٥٥٤٨) و (٥٥٥٩)، سەحیحی موسلیم(١١١٢).

بە قوربانی بۆ خێزانەکانی، پێغەمبەریش ﷺ بە شتی خراپ خۆی لە پەروەردگار نزیک ناکاتەوە[1].»

پێشەوا عەجلونی لە پەرتوکی (کشف الخفاء)دا فەرموویەتی[2]: «پێشەوا حاکم چاوپۆشی کردووە لە بە سەحیح دانانی ئەم فەرموودەیەدا؛ چونکە پێغەمبەر ﷺ مانگایەکی کردووە بە قوربانی بۆ خێزانەکانی.»

ئەو زانایانەش لەم سەردەمەدا ئەم فەرموودەیان بە سەحیح داناوە، بە هەڵەداچوون.

ASTANA

بەهەمان شێواز لەفەرموودەی پاداشتی زوو ئامادەبوون ـ لەمزگەوت ـ لە ڕۆژی هەینیدا هاتووە "ومن راح في الساعة الثانية فكأنما قرب بقرة." واتە: "ئەوەی لە کاتی دووهەمدا ئامادەبێت پاداشتی وەک ئەو کەسەیە مانگایەکی کردووە بەخێر." بڕوانە: سەحیحی بوخاری (۸۸۱)، سەحیحی موسلیم (۸۵۰).

پەروەردگاریش دەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تَذۡبَحُواْ بَقَرَةٗ﴾ البقرة:٦٧

"بێگومان خوا فەرمانتان پێ دەکات مانگایەک سەربڕن."

یەکێک لە بنەماکانی ناسینەوەی فەرموودەی لاواز ئەوەیە پێچەوانەی فەرموودەی سەحیح، یان ئایەتێکی قورئان بێت، بەشێوازێک نەسخ نەبێت، یان کۆنەکرێنەوە پێکەوە، یان یەکێکیان تەرجیح نەکرێت؛ ئەم فەرموودەیەش لەم بەشەیە. (وەرگێڕ)

(١) الآليء المنثورة، الزكشي(١٠٠)، المكتب الاسلامي،ط١، تحقيق: محمد لطفي الصباغ.

(٢) (٧٠/٢) دار إحياء التراث.

دووەم: تێگەشتنی ڕاست و دروست لە بەڵگەکە

هەندێک لە گومانداروستکەران بەڵگەیەکی سەحیح بەکاردێنن، بەڵام، لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکەن، بە شێوازێک پێچەوانەی زمانی عەرەبییە، یان پێچەوانەی واتای گشتی و سیاقی دەقەکەیە، یان پێچەوانەی یاسا و بنەماکانی شەریعەتە، یان هەر شێوازێکی دیکە کە دەبێتە هۆی هەڵەتێگەشتن لە دەقەکان.

نموونە لەسەر ئەمە:

لێکدانەوەی وشەی «النبیذ» کە لە فەرموودەکاندا بە سەرخۆشکەر (مەشروب) هاتووە، پاشان تۆمەتبارکردنی فەرموودە گێڕەرەوەکان بەوەی بێڕێزیان کردووە بەرانبەر پێغەمبەرﷺ؛ چونکە لە فەرموودەکاندا باسی ئەوە دەکەن کە پێغەمبەرﷺ «النبیذ»ی خواردووەتەوە. (واتە: مەشرووب لەسەر لێکدانەوەی ئەوان)، کەچی لە بەرانبەریدا هەندێکی دیکەیان تانە و تەشەر لە هاوەڵە بەڕێزەکان دەدەن، لەسەر ئەوەی کە «النبیذ»یان خواردووەتەوە، (واتە: مەشرووب لەسەر لێکدانەوەی ئەوان)، لەسەر ئەمە دەڵێن: «کەواتە ئەمان کەسانێکی ڕاسااڵ و دادەپەروەر نەبوون.»

[وەڵام]: مەبەست بە وشەی «النبیذ» ئەوەیە لە پەرتوکی «لسان العرب» هاتووە: «لە فەرموودەکاندا چەند جارێک وشەی «النبیذ» هاتووە، النبیذ: بریتییە لە ئاوی خورما، یان مێوژ، یان هەنگوین، یان گەنم، یان جۆ.

دەوترێت: «نبذت التمر و العنب» واتە: خورما و تریم کرد بە «النبیذ»، کاتێک بکرێنە ناو ئاوەوە و بۆماوەیەک بۆ ئەوەی ببێتە «النبیذ».

دەوترێت: «انتبذته اتخذته نبيذا» واتە: کردم بە «النبيذ»، ئیتر ئەمەش سەرخۆشکەر بێت یاخود نا، هەر پێی دەوترێت «النبيذ».

بە شەربەتی ترێ دەوترێ «النبيذ»، هەروەک چۆن بە «النبيذ» دەوترێت: «الخمر»»[١].

[کەواتە: ئەوەی لە فەرموودەکاندا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکان «النبيذ»یان خواردوەتەوە، مەبەست پێی ئەوەیە سەرخۆشکەر نییە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەکاردێت، هەروەک چۆن لە فەرموودەکاندا بەڕوونی باسکراوە[٢]].

نموونەیکی دیکە:

کردنە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە: {لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ} الكافرون: ٦[٣] لەسەر کافر دانەنانی ئەو کەسانەی جگە لە ئیسلام ئایینێکی

---

(١) لسان العرب، ابن منظور (٥١١/٣) دار صادر.

(٢) لە سەحیحی موسلیم دا هاتووە: (باب: إباحة النبيذ الذي لم يشتد ولم يصر مسكرا) واتە: ((دروستێتی خواردنەوەی (النبيذ) مادام ئەوەندە نەمابێتەوە ببێتە سەرخۆشکەر)). لە فەرموودەی ئیبن عەباس دا -ڕەزای خوای لێ بێت- هاتووە فەرموویەتی: ((نەبیز بۆ پێغەمبەرﷺ دروست دەکرا لە شەودا. کاتێک ڕۆژی لێ دەبوویەوە دەیخواردەوە، پاشان لە شەو و ڕۆژی دووهەمیشدا دەیخواردەوە، پاشان لە ڕۆژی سێیەمدا تاوەکو عەسر دەیخواردەوە...)) بڕوانە: سەحیحی موسلیم(٢٠٠٤). پێشەوا نەوەوی -بە ڕەحمەت بێت- فەرموویەتی: ((ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر دروستێتی خواردنەوەی نەبیز مادەم شیرینە و تامەکەی نەگۆڕاوە، ئەمەش بەکۆدەنگی زانایان. بەڵام کاتێک بوو بە سەرخۆشکەر، ئەوکات خواردنەوەی حەرامە و پێویستە بڕژێندرێت.)) بڕوانە: (المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج)، (وەرگێڕ).

(٣) ((جا کەوابوو دین و ئایینی خۆتان بۆ خۆتان، منیش دین و ئایینی خۆم بۆ خۆم، بەڵێ دەبێ هەموو کات موشریکان و بێ بڕوایان لەوە نائومێد و بێ هیوا

دیکە هەڵدەبژێرن.

[وەڵام:] ئەم کارە پێچەوانەوەی واتای گشتی و چوارچێوەی سورەتەکەیە کە بە: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ﴾ الكافرون: (١). دەستی پێکردووە، بەڵکو هەر سورەتەکە ناوی «الكافرون» (بێباوەڕان)، یان (کافرانە)[1].

بکرێن کە تەنها بۆ ساتێکیش بێت موسڵمانان خواکانی ئەوان ناپەرەستن، دەبێ هەمیشە بەربەستێکی پۆڵایین لە نێوان پەرچەمی (لاإلەإلاالله) و پەرچەمی کوفر و بێ بڕواییدا هەبێت، کە ئیتر بەهیچ شێوەیەک کارۆباری ئوسرەی (لاإلەإلاالله) تێکەڵی بڕیار و عادەت و باو و خووی ئەو نەبێت)). (تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان).

(١) لە کاتێکدا خوای بێهاوتا بەڕاشکاوی بە کافر و بێباوەڕ ناوزەندیان بکات ئیتر چۆن ڕەوایە بوترێت ئەم سورەتە بەڵگەیە لەسەر بەکافر دانەنانی ئەو کەسانەی ئایینێکی دیکە هەڵدەبژێرن جگە لەئایینی ئیسلام، ئەمە جگە لەوەی لە چەندین دەقی قورئاندا هاتووە خوای کاریەجێ بەڕوونی باسی ئەوە دەکات ئایینی پەسەندکراو تەنها ئیسلامە: ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ﴾ آل عمران: ١٩. وە فەرموویەتی ئەوەی جگە لە ئیسلام پێڕەوی هەر ئایینێکی دیکە بکات لێی وەرناگیرێت و، لە دواڕۆژدا لە خەسارەتمەندان دەبێت: ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾﴾ آل عمران: ٨٥)).

* پیغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «سوێند بەو خوایەی ڕۆحی منی بەدەستە، هیچ یەکێ لە یەهوود و نەسرانییەکان نییە ببیستێت من ڕەوانەکراوم پاشان بڕوام پێ نەهێنێت، ئەوە لە ئەهلی ئاگر دەبێت لە ڕۆژی دواییدا.» موسلیم (١٥٣).

* پاشان زانایان هەموویان کۆدەنگن لەسەر بەکافر دانانی ئەو کەسەی جگە لە ئیسلام پەیڕەوی ئایینێکی دیکە دەکات، بڕوانە: (الفصل في الملل والأهواء والنحل١٤٢/٣) و (مراتب الإجماع،ص: ١١٩) دانراوی: پێشەوا ئیبن حەزم، (الشفا بتعريف حقوق المصطفى٢٨٠/٢ و٢٨٦) دانراوی: پێشەوا قاضی عیاض، (روضة الطالبين وعمدة المفتين) دانراوی: پێشەوا نەوەوی، (مجموع الفتاوى٤٦٣/٢٧ -

ASTANA

نموونەی سێیەم:

گومان خستنە سەر ئەم فەرموودەیە: «سیحان و جیحان و الفرات و النیل کل من أنهار الجنة.»[1] بەوەی ئەم فەرموودەیەیە پێچەوانەی جوگرافیا و ئاشکراکردنی بەشە نادیارەکانی زەوی دەکات، جگە لەوەی پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو وێنانەی بەمانگی دەستکرد گیراون.

ئەمە وتەی یەکێکە لە خۆبەزانازان و ڕۆژنامەنووسەکان، وا تێگەشتووە لە فەرموودەکە، کە ڕاستەوخۆ ڕووباری نیل سەرچاوەکەی لە بەهەشتەوە هەڵدەقوڵێت! ئەمەش تێگەشتنێکی زۆر هەڵەیە.

بە هیچ شێوەیەک فەرموودەکە تێگەشتنی ڕووکەشی و ساویلەکانەی وا لە خۆناگرێت، کەسێک ئەم گومانە دەبات کە بە هەڵەداچووە لە لێکدانەوەی فەرموودەکە.

پێشەوا «ئیبن حەزم» -بەڕەحمەت بێت- ئەم فەرموودەیەی باس کردووە لەگەڵ ئەم فەرموودەیەشدا: «ما بين بيتي و منبري روضة من رياض الجنة.»[2] لە پەڕتوکی «المحلى» پاشان

٤٦٤، -٥٢٤/٢٨) دانراوی: پێشەوا ئیبن تەیمیە، (أحكام أهل الذمة٥٣٣/١) دانراوی: پێشەوا ئیبن قەیم، (الرد على القائلين بوحدة الوجود)(،ص: ١٥٥) دانراوی: پێشەوا عەلی قاری. (وەرگێڕ)

(١) (واتە: سەیحان و جەیحان و فورات و نیل هەموویان لە ڕووباری بەهەشتن) صحيح مسلم (٢٨٣٩).

(2) واتە: «نێوانی ماڵەکەم و مینبەرەکەم [کە دەکاتە ڕەوزە] باخێکە لەباخەکانی بەهەشت.» سەحیحی بوخاری (١١٩٥)،وسەحیحی موسلیم (١٣٩١).

فەرموویەتی: «ئەم دوو فەرموودەیە بەو شێوەیە نییە نەزانەکان لێی تێگەشتوون کە گوایە ڕەوزە بەشێک بێت لە بەهەشت، یان ئەم ڕووبارانە ڕاستەوخۆ لەبەهەشتەوە هەڵبوقڵێن، ئەوە شتێکی بێ بنەما و ناڕاستە؛ چونکە پەروەردگار دەربارەی بەهەشت فەرموویەتی: ﴿إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَىٰ ﴿١١٨﴾ وَأَنَّكَ لَا تَظْمَؤُا۟ فِيهَا وَلَا تَضْحَىٰ ﴿١١٩﴾﴾ طه: ١١٨ - ١١٩[1] ئەمە وەسفی بەهەشتە بێگومان، ئەم سیفەتانە نە لە ڕەوزەدا[2] هەیە و نە لەم ڕووبارەنەدا، وتەکانی پەیامبەریش ﷺ هەمووی حەق و ڕاستین، کەواتە وتراوە ڕەوزە بەشێکە لەبەهەشت؛ لەبەر گەورەیی ئەم شوێنەیە، پاشان نوێژ تێداکردنی هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت، ئەم ڕووبارانەش لەبەر بە فەڕی و بەرەکەتیان دراونەتە پاڵ بەهەشت، هەروەک چۆن بە ڕۆژێکی خۆش دەوترێت: ئەم ڕۆژە لە ڕۆژەکانی بەهەشتە. بە مەڕیش وتراوە لە ئاژەڵانی بەهەشتە.»[3]

لە کاتێکدا ئەمە لێکدانەوەی زانایان بێت دەربارەی ئەم فەرموودەیە، ئیتر چۆن دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت ئەم ڕووبارانە ڕاستەوخۆ لە بەهەشتەوە هەڵدەقوڵێن!

---

(١) ((ئەگەر تۆ لەبەهشتدا بمێنیتەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە نە برسیت دەبێت، وە نە ناپۆشتەش دەبیت، چونکە جۆرەها خواردن و پۆشاکی چاکی تێدایە * وە لەبەهەشتدا هەرگیز تینووت نابێت، وە هەرگیز خۆر لێت نادات و گەرمات نابێت.)).

(٢) ڕوزە (الروضة): بریتیە لە بەشێک لە مزگەوتی پەیامبەر کە بە دیاریکراوی دەکەوێتە نێوان خانووەکەی خاتوو عائیشە (کە ئێستا گۆڕەکەی پەیامبەری تێدایە) و شوێنی میمبەرەکەی پەیامبەر ﷺ. (وەرگێڕ)

(3) المحلى بالأثار، لابن حزم (٧/٢٨٣).

سێیەم: سەلامەتی لە هەڵبژاردنی بەڵگەکە لەناو بەڵگەکانی ئەو بابەتەدا

هەندێک جار گومانسازان پشت دەبەستن بە بەڵگەیەکی ڕاست و لێکدانەوەشیان بۆ ئەو بەڵگەیە ڕاست و دروستە، بەڵام ئەم بەڵگەیان هەڵبژرادووە لەنێوان هەموو بەڵگەکانی ئەو بابەتە کە ناکرێت لێکدانەوەیەکی دروست بۆ ئەو بابەتە بکرێت تەنها بە کۆکردنەوە و ڕووانین لە هەموو بەڵگەکانی نەبێت، هۆکاری ئەم کارەشیان یان شوێنکەوتنی ئارەزووە، یان نەزانینە.

نموونە لەسەر ئەمە:

کردنە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە: {لَآ إِكْرَاهَ فِي ٱلدِّينِ} البقرة: ٢٥٦[1] بۆ هەڵوەشاندنەوەی واجبێتی فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە (الأمر بالمعروف و النهي عن المنكر) لە پێناو چەسپاندنی ئازادی، ئەو ئازادییەی لیبراڵییەکان دەیانەوێت کە دووڕە لە هەموو مەرج و شەرتێکی ئایینی.

لەهەمان کاتدا چەندەها دەقی ڕوون و ئاشکرا دەبینین لە قورئانی پیرۆزدا باسی گرنگی فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری

---

(١) ((زۆر لە هیچ کەسێک مەکەن کە موسڵمان بێت، وە خەڵک بەویستی خۆیانە کە موسڵمان دەبن یان نا... هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ئەوە بوو، ژن لەمەدینە لەپێش ئیسلام کە منداڵی بۆ نەمابایەتەوە نەزری دەکرد ئەگەر منداڵی بۆ بمێنێت بیکات بە جولەکە. کاتێل کە جولەکەکانی «بەنی نەزیر» لەمەدینە دەرکران منداڵی ئەنصرایەکانیان تێدا بوو، کەسوکاریان وتیان ڕێگا نادەین منداڵەکانمان لەگەڵ جولەکەدا بڕۆن، دەبێت موسڵمان ببن، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: "کە زۆریان لێ مەکەن بۆ موسڵمان بوون و ئارەزووی خۆیانە" «الصحيح المسند»)) (تەفسیری ڕێبەر).

ASTANA

کردن لە خراپە دەکات[1]، بەڵکو باسی سزادانی خوا دەکات بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی کە دەست لەم واجبە هەڵدەگرن و جێبەجێی ناکەن[2]، پاشان ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ﴾ البقرة: ٢٥٦ دەربارەی ئەوەیە کە بە زۆر کەس ناکرێت بە مسوڵمان، بەڵکو سەرانە (الجزية) ـی لێ وەردەگیرێ ئەگەر بە ویستی خۆی ئیسلامی هەڵنەبژارد.

---

(١) لەوانە وتەی خوای پێهاوتایە: ﴿يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ﴾ لقمان: ١٧. ((ئەی کوڕە بچکۆلە و شیرینەکەم، هەمیشە نوێژەکانت بە تەواوی و بە چاکی بەجێ بهێنە، فەرمان بە چاکە بدە و ڕێ لە گوناهـ و خراپە بگرە، لەسەر ئەو بەڵا و نەهامەتییەی توشت دەبێ خۆڕاگربە، بێگومان؛ ئەو کارانەی بۆم باسکردیت لەو کارە پەسەند و گرنگانەیە خوا دەیەوێن.)) (تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان). لەوانە: ﴿وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾ آل عمران: ١٠٤ ((پێویستە هەمیشە کۆمەڵ و دەستەیەک لە ئێوە ئەی موسڵمانان مەردم بۆ ڕێی خێر و چاکە بانگ بکەن و فەرمان بەچاکە بدەن و ڕێ لە خراپە بگرن، دیارە ئەوانەن سەرفراز و بەختیار، کە لێبڕاوانە هەڵدەستن بەو کارە پیرۆزە و خۆیانی بۆ یەکلای دەکەنەوە و بەڕاستی و دروستی و بێ ترس و لەرز لە کاربەدەستانی ڕۆژگار بەرنامەی خوا دەگەیەنن، پێغەمبەری ڕابەریشمان دەفەرموێت: «من رأى منكم منكرا فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه وإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الإيمان.»، یان: «وليس وراء ذلك حبة خردل.» «موسليم»)) (تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان). (وەرگێڕ)

(٢) پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «خەڵکی کاتێک خراپە و تاوانێکیان بینی و نەیگۆڕن [واتە: ڕێگری لە کەسی خراپەکار و تاوانبار نەکەن] ئەوە نزیکە خوا هەموویان پێکەوە سزا بدات.» سوننەنی ئیبن ماجە (٤٠٠٥)، موسنەدی ئەحمەد (١٧٧). (وەرگێڕ)

ASTANA

نموونەیەکی دیکە:

کردنە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە: {إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ} القمر: ٤٩[١] لەسەر ئەوەی مرۆڤەکان زۆریان لێکراوە لە ئەنجامدانی کار و کردەوەکانیاندا، هیچ ویست و ئیرادەیەکیان نییە، پاشان بەهۆی ئەمەوە تانە و تەشەر لە دادپەروەری پەروەردگار دەدەن!

بەڵام کاتێک لە هەموو بەڵگەکانی ئەم بابەتە دەڕوانین دەبینین؛ خوای میهرەبان لە ناخی مرۆڤەکاندا ویست و ئیرادە و توانایی هەڵبژاردنی (اختیار) دروستکردووە، سەرەنجامی مرۆڤەکانیشی بەستوەتەوە بەم ویست و هەڵبژاردنەی خۆیانەوە، وەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت: {فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ} الكهف: ٢٩.[٢] هەروەها دەفەرموێت: {أَفَمَن يُلْقَىٰ فِي النَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِي آمِنًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ} فصلت: ٤٠ [٣]

---

(١) ((...ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازە دروستکردووە و هەموو شتێک بڕاوەتەوە و بڕیارمان لەسەر داوە...)).

(٢) ((ڕێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر هەق و ڕاستیی تەنها هەر ئەوەیە کە لەلای پەروەردگارتانەوە هاتووە بۆتان، کەواتە دوای ئەو بێ دینە غافڵانە مەکەون. ئینجا پاش دەرکەوتنی هەق و ڕاستیی، هەمووشتان سەربەستن، کێ باوەڕ دێنێت و موسڵمان دەبێت؛ با باوەڕ بێنێت، کێش دەیەوێت کافر و بێ بڕوا بێت؛ با هەر کافر بێت. دیارە ئەمە هەڕەشەیە؛ چونکە هەرگیز خوای گەورە ڕازی نییە بە کوفر و داوا لە کەسێک ناکات کە بچن ڕێبازی کوفر هەڵبژێرن، بێگومان ئێمە ئاگرێکی گەرمان بۆ ناهەقکاران و ستەمکارانی کافران ئامادەکردووە...)). (تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان).

(٣) ((ئایا ئەو کەسە فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە باشترە؟ یان ئەو کەسە ڕۆژی قیامەت بە ئەمن وئاسایش دێت؟ دەسا حەز لە چی دەکەن بیکەن ئەوجا

بەهەمان شێواز ئەم ئایەتانەش دەربارەی چەسپاندنی قەدەرن، ئیتر هیچ بیانوێەک نییە بۆ ئەم بەڵگە هێنانەوەی هەندێکیان و ڕەددانەوە و بێباوەڕبوون بە هەندەکەی دیکە[1].

خۆتان ئەبینینەوە؛ چونکە هەرچی بکەن ئەو خوایە دەیبینێ و بینایە پێی)). (تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان).

(۱) ئەم بابەتە پەیوەندیدارە بە بنەمایەک لە بنەماکانی باوەڕ، ئەویش بڕوا بوونە بە قەزاوقەدەر لەبەر هەستیاری ئەم بابەتە بە ویستی خوای دادپەروەر ڕوونکردنەوەیەکی کورت دەخەینە ڕوو:

* واتای بڕوا بوون بە قەزاوقەدەر: بڕوا بوونی تەواوە بەوەی پەروەردگار شارەزا و زانایە بەو شتانەی هاتوونەتە بوون، وە دێنە بوون، هەموشی نووسیوە، پاشان بەویست و ئیرادەی خۆی هێناونییەتییە بوون و خولقاندونی.

* پلەکانی قەدەر:

لە پێناسەکەی پێشوو ڕوونەبێتەوە قەدەر چوار پلەی هەیە:

۱- (العلم) زانست: بڕوادارین خوای بالادەست زانا و شارەزای ڕەهایە بەوەی ڕوویداوە و بەوەشی ڕوودەدات، چۆن و لە چ کات و شوێنێکدا: {إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ} الأنفال: ۷۵ ((بەڕاستی خوا بە هەموو شتێک زانایە.)) (تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان).

۲- (الكتابة) نووسین: بڕوادارین خوای بێهاوتا ئەو شتانەی ڕوویداوە و ڕوودەدات هەمووی نوویسوە لە لەوحولمەحفوزدا: {أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ} الحج: ۷۰، ((مەگەر تۆ نەتزانیوە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە خوا زانیاری بە هەمووی هەیە و، هەموشی لە «لوح المحفوظ»دا تۆمار کردووە و، هیچی لێ بزرنابێت، بێگومان ئەم کارەش بۆ خوا زۆر ئاسانە.)) (وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَٰهُ فِيٓ إِمَامٍ مُّبِينٍ} يس: ۱۲ ((هەموو شتێکیشمان سەرژمێری کردووە و نووسیوە لە پەڕاو و نامەی کردەوەکان، یاخود لە «لوح المحفوظ»دا.)) (تەفسیری ڕێبەر).

ASTANA

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «خوا وردەکاری هەموو شتێکی نووسیوەتەوە پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات بە پەنجا هەزار ساڵ.» سەحیحی موسلیم (٢٦٥٣).

٣- (المشيئة) ویست و مەبەست: بڕوادارین ئەوەی هاتووەتە بوون لەم بوونەوەرەدا بە ویست و مەبەستی خوای کارڕەوا هاتووەتە بوون، هیچ شتێکیش نایەتەبوون بەبێ ویست و مەبەستی خوا، ئەوەی خوا بییەوێت هەر ئەوە دێتە بوون، ئەوەشی نەیەوێت نایەتە بوون: {إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ} یس: ٨٢ ((بێگومان، هەر کاتێ ویستی شتێ بەدی بهێنێ هەر ئەوەیە کە پێی دەفەرموێت «ببە»، ئەویش دەست بەجێ دێتە بوون.))

{وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا} الإنسان: ٣٠ ((ئێوە هیچ ویستێکتان نییە مەگەر خوای گەورە ویستی لێ بێت؛ چونکە ویستی ئێوە تابیعە بۆ ویستی خوای گەورە، بە دڵنیایی خوای گەورە خۆی زۆر زانایە بەوەی کە کێ شایەنی هیدایەتە تا هیدایەتی بدات، وە زۆر کاربەجێ و حەکیمە کە بۆی ئاسان دەکات.)) (تەفسیری ڕێبەر).

٤- (الخلق) دروستکردن، هێنانەبوون، خولقاندن: بڕوادارین خوای باڵادەست دروستکاری هەموو شتێکە، خالیقی مرۆڤ و کردەوەکانیەتی، بەدیهێنەری هەموو جوڵە و خاوەن جوڵەیەکە هەروەک چۆن بەدیهێنەری هەموو وەستاوێک و وەستانێکە {وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ} الصافات: ٩٦ ((خوای باڵادەست بەدیهێنەری ئێوە و کاروکردەوەکانیشتانە)) {ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ} الزمر: ٦٢ ((بەڕاستی خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە و، هەرخۆشی توانا و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و، هەموو بوونەوەر بەڕێوە دەبات)).

* بڕوادارین مرۆڤەکان توانا و قودەرتیان (القدرة) هەیە بۆ ئەنجامدان، یان دوورکەوتنەوە لە وتە و کردەوەکان، لە هەمان کاتدا ویست (المشيئة) و ئیرادەیان (الإرادة) پێ بەخشراوە، خواش دروستکاری خۆیان و ویست و ئیرادە و وتە و کردەوەکانیشیانە، ئەو وتە و کردەوانەش ئەنجامی دەدەن، دەڕێتە پاڵیان و لەسەری پاداشت و سزا وەردەگرن؛ چونکە ئەگەر بێت و کەسێک توانایی نەبوو، ئەوا

خوای میهرەبان سەرزەنشتی ناکات، بۆ نموونە: کەسێک توانایی نییە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان بە ڕۆژوویێت، لەبەر نەخۆشی، یان پیری، یان سەفەر بێ گومان تاوانبار نابێت، یان کەسێکی دیکە ناتوانێت نوێژەکانی بە پێوە بکات، بەهەمان شێوە تاوانبار نابێت، هەرکەسێکیش ویست و ئیرادەی لێ سەندرایەوە سەرزەنشتی ناکرێت، هەر بۆیە ئەو کەسەی زۆر(إکراه)ی لێ دەکرێت لەسەر وتن، یان ئەنجامدانی کارێک لەشەرعدا سزانادرێت لەسەر ئەو وتە و کردارە، بەڵکو سەر زەنشتیش ناکرێت، لەبەر ئەوەی ویست و ئیرادەی لێ زەوت کراوە.

* مرۆڤەکان ئەوەندە قودرەت و توانایان هەیە کە خوا پێی بەخشیون، ویست و ئیرادەشیان پەیوەستە بە ویست و ئیرادەی خواوە: {وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٣٠﴾ يُدۡخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦ ۚ وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمًۢا ﴿٣١﴾} الإنسان: ٣٠ - ٣١ ((ئەوەی کە لەم سوورەتەدا باسکرا بە دڵنیایی هەمووی یادخستنەوەیە بۆ ئێوە، جا هەر کەسێک ویستی لێیە با ڕێگا بگرێتەر بەر بەرەو لای خوای گەورە بڕوات بە ئیمان هێنان و گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە، ئێوە هیچ ویستێکتان نییە مەگەر خوای گەورە ویستی لێ بێت؛ چونکە ویستی ئێوە تابیعە بۆ ویستی خوای گەورە، بە دڵنیایی خوای گەورە خۆی زۆر زانایە بەوەی کە کێ شایەنی هیدایەتە تا هیدایەتی بدات، وە زۆر کاربەجێ و حەکیمە کە بۆی ئاسان ئەکات.)) (تەفسیری ڕێبەر).

{وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ} التکویر: ٢٩ ((ئێوە هیچ ویستێکتان نییە مەگەر خوای گەورە، پەروەردگاری هەموو جیهان ویستی لێ بێت، وە ویستی ئێوە تابیعە بۆ ویستی خوای گەورە.)) (تەفسیری ڕێبەر).

* بڕوادارین ئەوەی لەسەرمان نووسراوە ڕێگری ناکات لە ئەنجامدانی کاروکردەوەکان، وە واتای ئەوەش ناگەیەنێت ئیتر پاڵی لێبدەینەوە، بۆیە کاتێک پێغەمبەرﷺ باسی قەزاوقەدەری کرد بۆ هاوەڵان، پێیان وت: ئایا ئیتر پاڵنەدەینەوە بەپشت بەستن بەوەی لەسەرمان نووسراوە؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ((لا، اعملوا فکل میسر لما خلق له)). واتە: «نەخێر، کاروکردەوە ئەنجام بدەن هەموشتێک ئاسان دەبێت بۆئەوەی بۆی دروسبووە.» پاشان ئەم چەند ئایەتە پیرۆزەی

ASTANA

چوارەم: قەبوڵکردن و وەرگرتنی هاوشێوەی ئەو بەڵگەیە لەلای کەسی گومانساز.

گومانروستکەران دەستدەگرن بە کۆمەڵە بەڵگەیەکەوە کە ئەوان گرنگی پێ نادەن و قەبوڵی ناکەن لە زۆرێک لە بابەتەکاندا، کەچی دەیانبینی هەمان بەڵگە قەبوڵ دەکەن؛ کاتێک دەکرێت بەکاری بهێنن بۆ تانە و تەشەردان لە ئیسلام، ئەمەش بێ باری و دژبەیەکی و ناجێگیرییە.

خوێندەوە: {فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِٱلْحُسْنَىٰ ﴿٦﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسْتَغْنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِٱلْحُسْنَىٰ ﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْعُسْرَىٰ ﴿١٠﴾} اللیل: ٥ - ١٠. سەحیحی بوخاری (٤٩٤٧) (٦٦٠٥)، سەحیحی موسلیم (٢٦٤٧).

* ئەوەی نووسراوە لەسەر مرۆڤەکان چەند هۆکارێک هەیە بۆ هاتنە بوونی، هەروەک چۆن هاوسەرگیری هۆکارە بە وەچە خستنەوە، تۆو خستنە ناو زەوی هۆکارە بۆ سەوزبوونی خەڵەوخەرمان، بەهەمان شێواز کاروکردەوەی چاک هۆکارە بۆ چوونە ناو بەهەشت و کاروکردەوەی خراپیش هۆکارە بۆ چوونە دۆزەخ: {إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّىٰ ﴿٤﴾ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِٱلْحُسْنَىٰ ﴿٦﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسْتَغْنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِٱلْحُسْنَىٰ ﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْعُسْرَىٰ ﴿١٠﴾} اللیل: ٤ - ١٠. ((سوێند بەو گشت شتە جیاوازانە، بێگومان کار و تێکۆشانی ئێوەش ئەی مرۆڤ هەروا جیاواز و جۆراوجۆرە، هەتانە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی بەهەشتە، هەیشتانە هەردەم هەوڵییەتی بۆ ئەنجامدانی کاری لاڕێی و لاساریی و دنیای حەرام و یاساغ * ئەوەی مالّ وسامانی خۆی لە بەر خوا بەخشی و لە نافەرمانی خوا خۆی پاراست * و بڕوای بە پاداشتی چاکتر کرد * ئەوا ئێمەش بێ گومان بۆ بەهەشت و بۆ کاری ئاسان و چاک ئامادە و ڕێنوێنی دەکەین و دەیخەینە سەر ڕاستەڕێ * وە چروکی کرد و خۆی بێ نیاز گرت * و بڕواشی بە پاداشتی چاکتر نەکرد لەلای خوا * ئەوا ئێمەش کار ئاسانی بۆ دەکەین بۆ دژوارترین ڕێگە.)) (تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان). (وەرگێڕ)

نموونە لەسەر ئەمە:

بانگەشەکردنی زۆرێک لە مولحیدەکان بۆ کورت هەڵهێنانی زانیارییە یەقینییەکان لە بەڵگە ئەزموونییەکاندا[1]، پاشان تانەو تەشەر دان لە بەڵگە ئەقڵییەکان کە بەکاردەهێنرێت بۆ چەسپاندن و کاملّی پەروەردگار. هەرچەندە ئەم بەڵگانە پشتبەستوون بە زانراوە سەرەتاییەکان، لە هەمان کاتدا خۆیان بۆ نکۆڵیکردنی پەروەردگار بەڵگە گەلێکی عەقڵی زۆر لاواز بەکاردێنن، وەک: کردنە بەڵگەی کۆمەڵە یاسایەک بۆ دروستبوونی بوونەوەر لەسەر ئەوەی ئەم بوونەوەرە پێویستی بە بەدیهێنەرێک نییە.

ڕاستییەکەی هیچ کاتێک ئەوان بە تەجرەبە نەیانبینیوە ئەم بوونەوەرە بەهۆی ئەو کۆمەڵە یاساوە دروستبووبێت، هەرچەندە ئەم بەڵگەیە بەڵگەیەکی عەقڵی ئێجگار لاوازە، یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەو بنەمایەی خۆیان کە بڕوانەبوونە بە بەڵگە عەقڵییەکان.

نموونەیەکی دیکە:

گومان دروستکردن لە سەرچاوەی ئەو وەحییەی دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر ﷺ و نکۆڵیکردن لەوەی لەلایەن پەروەردگارەوە بێت.

بەبەڵگەی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لەتەمەنی لاویداگەشتووەبە«بەحیرایی ڕاهیب»[2]، بۆیە هەموو ئەو شتانەی لەسەردەمی پێغەمبەرایەتیدا باسی

---

(١) بەڵگە ئەزموونییەکان: بریتین لەو بەڵگانەی بەدەست دێن بە هۆی یەکێک لە پێنج هەستەوەرەکەوە. لێرەدا زیاتر مەبەست پێی ئەو زانیاریانەیە بەدەست دێن بە هۆی بینین و لێ وردبوونەوە و پشکنین و تاقیکردنەوەوە. (وەرگێڕ)

(٢) ناوی (بحیرا) دروستە بە (بَحِیرا) (بەحیرا)یان (بُحَیرا) (بوحەیرا)

کردووە لە بەحیراوە فێربووە[1]!

بخوێنرێتەوە. بڕوانە «تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي». (وەرگێڕ)

(١) ڕاستییەکەی ئەمە وتەیەکی زۆر نامەنتقی و لەرزۆکە -لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگی پێ دەدرێت لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسان و یەهوود و نەسرانی و شوێنکەوتوانیان- باشە چۆن دەگونجێت لە یەک یەکتر بینینی سنووردارداً، پێغەمبەر محمد ﷺ هەموو وەحی بە یەک جار لە ڕاهیبێکەوە وەربگرێت؟! ئەی ڕاهیبەکە بۆ خۆی ئەو وەحییەی نەگەیاند تاوەکو وەک پێغەمبەر محمد ﷺ هەزاران، بەڵکو بەملیاران شوێنکەوتووی هەبێت؟! بێگومان، ناخی مرۆڤ وا دەخوازێت خۆی بڵند بێت بەهۆی وتەکانییەوە، نەک کەسێکی دیکە.

پاشان هەموو ژیانی پێغەمبەر ﷺ هەڵوەشێنەرەوەی ئەم گومانەیە، جەنگی بەدر و جەنگی ئوحود و جەنگی ئەحزاب... هتد.

* دەبینین لە قورئانی پیرۆزدا زۆر بەوردی باسی ڕووداوەکانی ئەم جەنگانەمان بۆ دەکات، لە خۆڕاگری پێغەمبەر ﷺ و بڕوادران و ترسنۆکی منافیق و دووڕوان و... گومانیشی تێدا نییە نەڕاهیب و نەکەسی کەش ئاگاداری ئەم وردەکارییانە نەبوون بەڵکو ئەوانەش بەشداربوون ئاگاداری هەموو لایەنەکانی جەنگەکان نەبوون -چونکە مرۆڤ ئاگاداری ئەوە دەبێت لەنزیکی ڕوودەدات، توانایی مرۆڤ سنووردارە بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک بەشداری خۆپیشاندانێک بکات بێگومان ئاگای لەهەموو وردەکاری خۆپیشاندانەکە نابێت لەبەر قەرەباڵغی و سنووردارییەکانی، ئەمەش لە کاتی جەنگ و پێکداداندا ئەولاترە- کەسیش نەیدەزانی ڕوودەدات تاوەکو خوای باڵادەست خۆی وایکرد ڕووبدات، بەڵکو لەوکاتەدا بەحیرای ڕاهیب هەر نەمابوو پێشتر وەفاتی کردبوو، لێرەدا دەوترێت ئەگەر ئەمە وەحی خوا نەبێت کێ ئەم وردەکارییەی بە پێغەمبەر ﷺ وتووە؟

* یاخود ئەو ڕووداوانەی لەماڵی پیغەمبەردا ﷺ ڕوویداوە و قورئان بۆی تۆمار کردوین: لەوانە سەرەتای سورەتی (التحریم)، ئەمەش هیچ کەسێک ئاگاداری نابێت چ ڕاهیب،چ خەڵکی شارەکە، بگرە دراوسێکانیش...

ئەم کارەیان [کردنە بەڵگەی ئەم ڕووداوە] تێکەڵکردنی پێوەرەکانە، باشە خێرە ئەم ڕووداوە قەبوڵکراوە لە لایان و دەکرێت بکرێتە بەڵگە لەم بابەتەدا بە تایبەت؟! لەبەرانبەردا نکۆڵی هەموو ڕووداوەکانی ژیانی پێغەمبەر ﷺ دەکەن کە بەڵگەیە لەسەر ڕاستیی پێغمبەرایەتی و تێر و تەواوی ئایینەکەی، لەگەڵ ئەوەی ڕاستی و دروستی ئەم ڕووداوانەی دیکە زۆر ڕوونتر و جێ بڕواترە لە ڕووداوی بەحەیرا!

کەواتە وەرگرتن و کردنە بەڵگەی ڕووداوەکەی بوحەیرا و ڕەددانەوەی دەیان [بەڵکو سەدان] ڕووداو و فەرموودە کە

---

* یاخوا بابەتی زیهاری خەولەی کچی سەعلەبە، کاتێک مێردەکەی ئەوسی کوڕی سامت پێی وت: «تۆ وەک دایکم وایت» -لەسەر دەمی پێش ئیسلام هەر کەسێک ئەم وتەیەی بەرانبەر بەخێزانی بەکاربهێنایە، ئەوە بەتەڵاق هەژمار دەکرا- خەولەش هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و شەکوای حاڵی خۆیکرد، تاوەکو ئەوکات هیچ حوکمێک لەسەر ئەم بابەتە دانەبەزی بوو بۆ پێغەمبەر ﷺ بۆیە پێی فەرموو: تازە تۆ لەمێردت حەرام بوویت، خەولەش دەی فەرموو: ئاخر من بە سااڵچووم و خاوەنی چەندین منداڵم... بەردەوام بوو لەم گفتوگۆیە... پاشان فەرمووی: شەکوای حاڵی خۆم بۆلای خوا دەبەم، خوای میهرەبان ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی (المجادلة)ی دابەزاند.

لێرەدا دەوترێت: بەحیرای ڕاهیب لەکوێوە زانی ڕۆژێک دێت خەولە و ئەوس مسوڵمان دەبن، پاشان ئەوس زیهار دەکات لە خەولەی خێزانی و ئەویش دێتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ؟! بێ گومان بەحیرا بێ ئاگابووە لەم ڕووداوە وەک هەمووکەسانی دیکە، بەڵکو خەولە و ئەوس بێ ئاگابوون لەم ڕووداوە تاوەکو ڕوویدا، کەواتە ئەمە وەحی خوایە بۆ محمدی پێغەمبەر ﷺ.

ئەگەر لە قورئانی پیرۆز وورد ببینەوە چەندان نموونەی دیکەی تێدایە دڵنیاکەرەوەی ئەم ڕاستییەیە. (وەرگێڕ)

پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ پشتڕاست دەکاتەوە، ناچێگیری و دژبەیەکییە لەبەرانبەر بەڵگەکان.[۱]

هەرچەند ئەم ڕووداوەی بوحەیرا لە ڕووی سەنەدەوە لاوازە[۲]، ئەگەر واش دابنرێت ئەم بەسەرهاتە ڕوویداوە، لەناو

---

(۱) بۆ شارەزا بوون لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی بڕوانە «دلائل النبوة» دانراوی: پێشەوا بەیهەقی، «أعلام النبوة» دانراوی: پێشەوا ماوەردی، «النبوات» دانراوی: پێشەوا ئیبن تەیمیە، «النبأ العظيم» دانراوی: د.محمد عبدالله دەراز، «إثبات نبوة النبي» دانراوی: ئەبو حەسەن ئەلیەزیدی، «براهين النبوة» دانراوی: د.سامی عامری، «أفي النبوة شک» دانراوی: دکتۆرە سامیة یاسین ئەلبەدری. (وەرگێڕ)

(۲) کورتەی چیرۆکی بەحیرای ڕاهیب: ئەبو تالیب لەگەڵ کۆمەڵێک لە پیاوماقوڵانی قوڕەیش چوون بۆ شام، کاتێک گەشتنە لای بەحیرای ڕاهب کاروانەکەیان وەستاند، بەحیرای ڕاهیب هات بۆ پێشوازیان -هەر چەندە پێشتر پێش بەلایدا تێدەپەڕین، بەڵام بەحیرا نەدەهات بەدەمیانەوە، نە پێشوازیشی لێدەکردن- لە کاتی داگرتنی کۆڵ و بار لەسەر پشتی حوشترەکان بەحیرا بەناویاندا دەهات و دەچوو، هەتاوەکو هاتە نزیک پێغەمبەر ﷺ و دەستی گرت [لەوکاتەدا پێغەمبەر ﷺ تەمەنی دوازە ساڵ زیاتر بوو] وتی: «ئەمە دەبێتە گەورە و سەرداری هەموو خەڵک، ئەمە دەبێتە پێغەمبەری خوا، پەروەردگار ڕەوانەی دەکات بەڕحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو خەڵکی.»

پیاوماقوڵانی قوڕەیش وتیان: چۆن ئەمە دەزانیت؟

بەحیرا وتی: لەوکاتەوەی نزیک بوونەتەوە هەرچی درەخت و بەردێک هەیە سوجدەی[ڕێزیان] بۆ بردووە، ئەمانەش تەنها سوجدە بۆ پێغەمبەران دەبەن[شێوازی ئەم سوجدەیە دەکرێت بە لاربوونەوە، یان جوڵانیان، یان هەر شێوازێکی دیکە بێت، ئێمە نازانین: {وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَٰلُهُم بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْآصَالِ} الرعد: ۱۵] من دەیناسمەوە بەهۆی ئەو مۆری پێغەمبەرایەتییەی لەنێو شانیدایە. پاشان چوو خواردنی بۆ دروستکردن. کاتێک خواردنەکەی هێنا پێغەمبەر ﷺ لەلای حوشترەکان بوو بۆیە ناردی بە شوێنیدا، کاتێک هات

بەسەرهاتەکەدا بوحەیرا بەڕاشکاوی باسی ئەوە دەکا ئەم لاوە

هەورێک سێبەری بۆ کردبوو. کە نزیک بوویەوە بینی پیاوانی قوڕەیش هەموو سێبەری داهرەکەیان گرتووە، کاتێک دانیشت سێبەری دارەکە لاربوویەوە بولای پێغەمبەرﷺ، بۆیە بەحیرا وتی: «بڕوانن چۆن سێبەرەکە لاربوویەوە بۆلای!»

بەحیرا وەستابوو بە پێوە سوێندی دەدان نەیبەن بۆ ناوچەی ژێردەسەڵاتی ڕۆمەکان؛ چونکە بیبینن دەیناسنەوە بە سیفەتەکانیدا و دەیکوژن. پاشان وتی: کێ سەرپەرەشتیاری ئەم منداڵەیە؟ وتیان: ئەبو تالیب، بەردەوام ئەبو تالبی سوێند دەدا نەیبات لەگەڵ خۆی، هەتاوەکو ئەبو تالیب گێڕایەوە بەرەو مەککە و ئەبوو بەکر و بیلالی لەگەڵدا ڕەوانەکرد و، بەحیراش نان و زەیتی پێدان بۆ ڕێگا. سونەنی ترمزی (٣٦٢٠).

ئەم ڕووداوە ئیبن هیشام لە سیرە (١/١٨٠-١٨٣) و، ئیبن کەسیر لە «الفصول في سيرة الرسول» (ص٥٧) و، حاکم لە «المستدرک» (٢/٦١٦) و، بەیهەقی لە «دلائل النبوة» (٢/٢٤) و، ئیبن ئەبی شەیبە لە «المصنف» (١٦/٤٦٦) و، تەبەری لە «تاريخ الأمم والملوک» (٢/٢٧٨) و خەتیبی بەغدادی لە «تاريخ بغداد» (١١/٥٢٩) و، زەهەبی لە «تاريخ الإسلام» (١/٥٠٤) و، ئیبن قەیم لە «زاد المعاد» (١/٧٧) و...هتد گێڕاویانەتەوە.

*زانایان ڕاجیاییان هەیە دەربارەی ئەم ڕووداوە، هەندێکیان دەفەرموون ڕووداوێکی سەحیحە بەبێ بەشی کۆتایی کە باسی ئەبوبکر و بیلال دەکات لەوانە: ئیبن حەجەر لە «فتح الباري» (٨/٧١٦) و، حاکم لە «المستدرک» (٢/٦١٦) و، بەیهەقی لە «دلائل النبوة» (٢/٢٤) و، ترمزي لە «سوننەن» ژمارە (٣٦٢٠) و، ئەلبانی لە «صحيح السيرة» (ص٣١).

لەو زانایانەی بە ناڕاستیان داناوە دیامیتی کە قوتبەدینی حەلەبی لێی دەگێڕێتەوە لە «المورد العذب» و، عەلائی لە «التنبيهات المجملة» (ص٢٦٢) و، زەهەبی لە «تاريخ الإسلام» (١/٥٠٤)دا دەفەرموێت: «ئەمە فەرموودەیەکی زۆر لاوازە. لەوکاتەدا ئەبوبەکر لەکوێ لەوێ ئامادە بووە، لە کاتێکدا تەمەنی تەنها دەساڵ بووە؟! چونکە دووساڵ و شەش مانگ لە پێغەمبەرﷺ بچووکترە، ئەی

دەبێتە پێغەمبەری ئەخیرزەمان، بەڵام ئەوان چاو دەنوقێنن لەم شایەتیدانەی بوحەیرا.

باشە بیلال لەکوێ لەوێ ئامادەبووە؟ ئەبووبەکر دوای پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر کڕیویەتی، ئەسڵەن بیلال لەوکاتەدا هەر لەدایک نەبووە!

هەروەها ئەگەر پارچە هەور سێبەری بۆ کردووە، ئیتر چ پێویست دەکات دارەکە لاربێتەوە بۆ ئەوەی سێبەر بکات بۆ پێغەمبەرﷺ؛ چونکە سێبەری پارچە هەورەکە وا دەکات دارەکە سێبەری نەمێنێت، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان پێغەمبەرﷺ ئەم ڕووداوەی نەخستەوە یاد ئەبوو تالیب [واتە: بۆئەوەی زیاتر دڵنیابێتەوە و ئیمان بهێنێت] هەرگیز خەڵکی قوڕەیش باسی ئەمەیان نەکردووە، بەڵکو ئەو کۆمەڵە پیاوەی قوڕەیش لەگەڵیان بوون، هەرگیز شتی وایان باس نەکردووە، ئەگەر شتی وا ڕوویبدایە ئەوا زوو بڵاودەبوویەوە؛ چونکە ئەم جۆرە باسانە زوو بڵاودەبێتەوە. ئەگەر ئەمە ڕاست بوایە ئەم هەستە لای پێغەمبەرﷺ دەمایەوە لە کاتی دابەزینی وەحی لە ئەشکەوتی حیرا، ناڕەحەت نەدەبوو و نەدەترسا، پاشان ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەبووتالیب ڕازی بووبێت بە وتەی ڕاهیبەکە و گێڕابێتییەوە بۆ مەککە چۆن دواتر ڕازی دەبێت بچێت بۆ شام بۆ بازرگانی بەماڵ و سامانی خەدیجەوە...). (وەرگێڕ)

(ڕووانینە پەیوەندی نێوان بەڵگە و واتا و ناوەڕۆکی بەڵگەکە، پاشان دوورخستنەوەی هەرشتێک بەڵگەکە نایخوازێت)

دوای دڵنیابوون لە هەبوونی بەڵگە لەسەر بانگەشەکە، پاشان هاتنەجێی مەرجەکانی بەڵگەکە لە ڕاستی و دروستی لێکدانەوە و گونجانی لەگەڵ سیاق و یەککرتنەوەی لەگەڵ هەموو بەڵگەکانی بابەتەکە، ئەوە ماوە بڕوانینە پەیوەندی نێوان بەڵگە و واتای بەڵگەکە، ئەگەر پەیوەندییەکەی نێوانیان داخوازیکاری یەکدی بێت، ئەوە بەڵگەهێنانەوەکەی ڕاست و دروستە، ئەگەر ئاوابوو دەچینە هەنگاوێکی دیکە لەگەڵی، ئەگەر وانەبوو؛ وتە و بانگەشەی کەسی بەرانبەر وەرناگرین، بەڵکو ڕەددی دەکەینەوە.

نموونە لەسەر ئەمە:

کردنە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە باسی ڕێگری لە نووسینەوەی فەرموودە دەکات، لەسەر ئەوەی فەرموودەکان بۆ ئەوە ناشێن بکرێن بە بەڵگە و حوکمەکانییان لێ وەربگیرێت.

دوای بەدواداچوون بۆمان دەردەکەوێت پێویستە لەم بەڵگەهێنانەوەیەدا، پەیوەندییەکی تەواو لەنێوان ئەم دوو بابەتەدا هەبێت، گەر وانەبێت بەڵگەهێنانەوەیەکی ناتەواو و نوقسانە:

- ڕێگریکردن لە نووسینەوەی ئەو شتە.
- بەرپەرچدانەوە و نەفی کردنی بەڵگەیەتی هەمان شت.

لێرەدا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو بابەتەدا نییە، نە لەڕووی زمانەوانییەوە، نە لەڕووی یاساکانی شەرعەوە.

کەواتە فەرموودەکە باس لە ڕێگری کردن لە نووسینەوەی فەرموودەکان دەکات[1]، نەوەکو بەرپەرچدانەوە و نەفیکردنی

---

(١) * لە دیارترین باسەکان بانگەشەکەرانی لە ناوچوونی فەرموودە پشتی پێدەبەستن، بابەتی نەنووسینەوەی فەرموودەیە لە سەردەمی بانگەوازی پێغەمبەرایەتی و خەلیفە ڕاشیدینەکان، دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردووە لە نووسینەوەی هەر شتێک جگە لە قورئان! ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە فەرموودەکان بەڵگە نین، خۆ ئەگەر بەڵگە بوونایە ئەوا ڕێگری لە نووسینەوەی نەدەکرا. وەڵامی ئەم گومانەش لە چەند لایەنێکەوەیە:

لایەنی یەکەم: چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان ڕێگری کردن لە نووسینەوە لەگەڵ بەڵگەنەبوونی فەرموودە؟ ئایا بەڵگەیەتی فەرموودە بەجێ نایە تەنها بە مۆڵەتی نووسینەوەی نەبێ؟ ئەگەر ڕێگری لێکرا ئەوا بەڵگەیەتییەکەی پەک دەخرێت؟

بێ گومان پەکخستنی بەڵگەیەتی فەرموودە، بەو فەرموودەیەی ڕێگری لە نووسینەوەی فەرموودە دەکات، نەبوونی پەیوەندیەکی داخوازیکار لەنێوانیاندا ئەم بانگەشەیە پووچ دەکاتەوە.

لایەنی دووەم: ئەوە کەسەی ڕێگری کردووە لە نووسینەوەی فەرموودەکان، هەرخۆشی فەرمانی بە پاراستن و گەیاندنی کردووە و، ڕێگری کردووە لە

بەڵگەیەتی فەرموودەکان، بۆیە لادانی واتای فەرموودەکە لە

ڕەتکردنەوەی ئەو فەرموودانەی کە واتاکانیان لەقورئاندا نەهاتووە؛ هەروەک چۆن لە فەرموودەی ((الأريكة)) هاتووە، کەواتە چۆن شتانێ لە فەرموودە وەردەگرن کە پشتڕاستی ئارەزوویان دەکاتەوە و، ئەوانی تر فەرامۆش ئەکەن کە پێچەوانەی بیروباوەڕیانە؟

لایەنی سێیەم: ڕێگری کردن لە نووسینەوەی فەرموودە بەرانبەرە لەگەڵ چەن دەقێکی تر کە مۆڵەتی نووسینەوەی ئەدات، وەک چۆن لە وەڵامی داواکاری «ئەبوو شاه» بۆ نووسینەوەی وتارەکەی فەرموویەتی ﷺ: «اكتبوا لأبي شاة»، واتە: «ئەم وتارە بۆ ئەبو شاه بنووسن». هەروەها عبدالله کوڕی عەمر فەرموودەکانی دەنووسییەوە، پێغەمبەر ﷺ پشتگیری کرد و ئاماژەی کرد بۆ دەمی موبارەکی و فەرمووی: «بنووسە، سوێن بە خوا جگە لە حەق هیچی تری لێ نایەتە دەرەوە!»

هەموو ئەو دەقانەی هاتوون دەربارەی ڕێگری کردن لە نووسینەوەی فەرموودە لاوازن، تەنها فەرموودەکەی ئەبوو سەعید نەبێ کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لا تكتبوا عني ومن كتب عني غير القرآن فليمحه وحدثوا عني ولا حرج)).

ئەم فەرموودەیە لەلای زۆرێک لە زانایان بە سەحیح دانراوە، بەڵام بۆچی ئەم فەرموودەیە پێشدەخەن بەسەر ئەو فەرموودانەی ڕێگە بە نووسینەوەی فەرموودەکان دەدات؟!

گومانی تێدا نییە کارکردن بە دوو دەق کە لە ڕواڵەتدا دژ بە یەکن لەپێشترە، لە ڕەتکردنەوەی هەردووکیان یاخود یەکێکیان بەبێ بەڵگە، ئەمەش ئەوەیە زانایان هەوڵی خۆیان تێدا خستۆتەکار؛ بۆیە چەند ڕێگەیەکیان بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی دەقەکان [واتە: کارکردن بەهەردوو دەقەکە] یان کارکردن بە دەقێکیان لەوانە:

١- هەندێک لە زانایان ڕێی کارکردن بە دەقێک «الترجيح»یان بەکارهێناوە، ئەمەش بە کارکردن بەو فەرموودانەی ڕێگە بە نووسینەوەی فەرموودەکان دەدات، لەبەر بەهێزیان؛ چون ئەو فەرموودانەی باسی ڕێگری لە نووسینەوە

ڕێگری کردن لە نووسینەوە بۆ بەرپەرچدانەوە و نەفیکردنی بەڵگەیەتی سوننەت، هەڵسوکەوت و تەحەکومێکی ڕێگە پێنەدراوە.

دەکات، ئەبوو هورەیرە و زەیدی کوڕی سابت و ئەبو سەعید -ڕەزای خوایان لێ بێت- گێڕاویانەتەوە، دوو فەرموودەکەی ئەبو هورەیرە و زەید زانایان یەکدەنگن لە سەر لاوازییان، فەرموودەکەی ئەبو سەعید پێشەوا موسلیم و کۆمەڵێ تر بە سەحیحیان داناوە، بەڵام پێشەوا بوخاری وەقفی کردووە لەسەر خودی ئەبوو سەعیدی خودری. وەک چۆن ئیبن حەجەر لە (فتح الباری) باسی کردووە و، هەندێ لە ڕێگەکانی فەرموودەکەی ئەبوو سەعید، پێشەوا ئیبن عەبدولبەریش لە پەڕتوکی «جامع بیان العلم وفضله» باسی کردووە.

٢- هەندێکی دیکە لە زانایان فەرموویانە: ئەو فەرموودەیەی باس لە ڕێگری لە نووسینەوەی فەرموودە دەکات نەسخ بووەتەوە بەو فەرموودانەی مۆڵەت بە نووسینەوەی فەرموودە دەدەن.

لەسەرەتادا ڕێگری کراوە لە نووسینەوەی فەرموودەکان، بۆئەوەی تێکەڵ بە نووسینەوەی قورئانی پیرۆز نەبێت. دوای ئەوەی دڵنیا بوونەوە لەم بابەتە ئەوکات ڕێگەدرا بە نووسینەوەی فەرموودەکان.

٣- هەندێکی دیکە لە زانایان فەرموویانە: بۆ هێشتنەوەی نەریتی لەبەرکردن بووە کە لەو سەردەمەدا عەرەبەکان زۆر گرنگییان پێداوە.

ئەمەش کۆمەڵێکە لە ڕێگاکانی زانایانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم فەرموودانە، لەسەرەتای باسەکە ڕاجیایی دروستبوو لە ڕەوایەتی نووسینەوەی فەرموودە، پاشان ڕاجیاییەکە نەما و کۆدەنگی زانایان چەسپا لەسەر نووسینەوەی فەرموودەکان، پێشەوا ئیبن سەڵاحی شارەزووری دەفەرموێت: «پاشان ئەو جیاوازاییە نەما و کۆدەنگی دروستبوو بۆ ڕەوایەتی و دروستی نووسینەوەی فەرموودە.» ((علوم الحدیث)) ئیبن سەڵاحی شارەزووری (ص١٣٨)، بڕوانە ((بەڵگەیەتی فەرموودە و هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی نکۆڵیکاران)). (وەرگێڕ)

ASTANA

لەگەڵ ئەوەی ئەم بابەتەی باسمان کرد ئێجگار ڕوون و ئاشکرایە؛ کەچی دەبینین زۆربەی هەرە زۆری گوماندروستکەران لە سوننەتدا دەکەونە ناو ئەم هەڵەیەوە.

نموونەیەکی دیکە:

مولحیدەکان بیردۆزی پەرەسەندن (Evolution)، کە باسی دروستبوون و پەرەسەندنی بوونەوەرەکان دەکات، دەکەن بە بەڵگە بۆ نکۆڵیکردن لە بوونی خالق و بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرە.

[وەڵام] ئەم بەڵگەهێنانەوەیە ناتەواو و نوقسانە؛ چونکە مەرجی پەیوەندیداری نێوان بەڵگە و واتا و ناوەڕۆکی بەڵگەکەی تێدا نەهاتووەتە جێ لە دوو ڕووەوە کە هەر یەکێکیان بەڵگەن لەسەر نەبوونی پەیوەندی لە نێوان بەڵگە و بەڵگەبۆهێنراوە:

ڕووی یەکەم:

هیچ پەیوەندیەک نییە لەنێوان پەرەسەندنی زیندەوەرانی ڕووی زەمین و نکۆڵیکردنی بوونی بەدیهێنەرێک بۆ بوونەوەر، بە واتایەکی دیکە کۆمەڵە دروستکراوێکی دیکە هەن جگە لە زیندەوەرانی ڕووی زەمین وەک: گەلەئەستێرەکان و ئەستێرەکان و زەریاکان... هتد.

نکۆڵیکردن لە بەدیهێنەری ئەم هەموو دروستکراوە لە ڕێگەی پەرەسەندنی بەشێکی زۆر کەمی سەر ڕووی زەمین کە پێی دەوترێت «زیندەوەران»، لێکدانەوەیەکی ناجێگیرە [پاشان بیردۆزی پەرەسەندنیش ئەمە ناخوازێت؛ چونکە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان پەرەسەندن و نکۆڵیکردنی بەدیهێنەردا نییە].

ASTANA

ڕووی دووەم:

هیچ تەلازوم و پەیوەندییەک نییە لەنێوان بوونی یاسایەک بۆ بەدیهێنانی زیندەوەران و نکۆڵیکردنی ئەوەی ئەم یاسایەی بەدیهێناوە و بەڕێوەی دەبات.

هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە، بەڵکو بوونی ئەم یاسا ڕێکوپێک و مەحکەمە لەهەر شتێکدا وا دەخوازێت لەبیری هەموو ژیرێکدا بەدوای بەدهێنەرەکەیدا بگەڕێت، نەک نکۆڵی لێ بکات.

هەموو ئەمانە وادابنرێت - وەک سازش کردنێک - ئەمە بیردۆزێکی ڕاستە.

[ئەگینا بیردۆزەکە لە بنەمادا شتێکی پووچ و بێ مانا و خوڕافەیە[1]].

---

(١) کورتەیەک دەربارەی بیردۆزی پەرەسەندن: «چارلز داروین» (١٨٠٩-١٨٨٢) لێکۆڵەرێکی ئینگلیزی بوو لە میژووی زیندەزانی سروشتی، سەرەنجدانی زۆری باسکردووە کە کۆیکردبووەوە لە گەشتەکەیدا و، لە کەسانی دیکەشەوە کۆمەڵە بابەتێکی وەرگرتبوو، وەک لێکچوونی شێوەیی و تویکاری لەنێوان جۆری جیاوازی بوونەوەرەکان و، جۆری دابەشبوونی جوگرافیایان، پاشان گریمانەی ئەوەی لەسەر بوونیاتنا کە هەموو بوونەوەرە زیندوەکان لە ڕەچەڵەکێکی هاوبەشەوە هاتوون و، بەکردەی پەرەسەندن و، جۆراوجۆر بوون تێپەڕیوون، بەشێوەک بوونەوەرەکە دەگۆڕێت بە گۆڕانکاری سادە و کەڵەکەبوو، پاشان سروشت ئەو گۆڕانکارییە لە بێژنگ دەدات و، گۆڕانکاریە بەسوودەکان دەهێڵێتەوە و جۆری بوونەوەری نوێی لێ بەرهەم دێت بە تێپەڕبوونی هەزاران و ملیۆنان ساڵ، لەبەرانبەردا -بەگوێرەی داروین- ژمارەیەکی بێ شوماری لە بوونەوەرەکان لەناو چوون کە گۆڕانکاری زیانبەخش، یان بێ سوودی تێدا

هاتبووەوەجێ، سەرەڕای ڕۆڵی لە بێژنگدان داروین وایدانا -بەگریمانە- کە سروشت بەشدار بووە لە هاتنەکایەی سیفاتی نوێ لە بوونەوەرەکاندا، بەشێوەیەک کە ئاژەڵ سیفات گەلێکی دیاریکراو بەدەست دێنێت لە ئەنجامی ژینگەکەی و ئەو سیفەتانەش دەگواسترێتەوە بۆ نەوەکانی، بەمەش کۆک بوو لەگەڵ گریمانەکەی «لامارک» کە وتبووی: «ئەو زەرافەیەی ئێستا گەردنێکی ئێجگار درێژی هەیە، ڕۆژێک لە ڕۆژان گەردنی کورت بوو وەک ئاژەڵانی دیکە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی سروشتی دەورووبەری و ناچاربوونی بە درێژکردنەوەی ملی بۆ خواردنی سەرەوەی درەختەکان، ملی نەوە لەدوای نەوە درێژ بوویەوە تاوەکو گەشت بەو ملەی ئەمڕۆ هەیەتی».

ئەوەی گرنگە لەم بابەتەدا ئەوەیە داروین گریمانەی کرد زیندەوەرەکان هاتوونەتەبوون لەو گۆڕانکارییانەی بەکۆی ڕێکەوتەکان، واتە: بەبێ مەبەست هاتنە بوون، بە وتەی ئەو هیچ پلانێک نەبووە بۆ بەدیهێنانی ئەو هەموو جۆرە زۆرەی زیندەوەران، ئەمەشی دووپاتکردووەتەوە لە چەندین شوێن لە نووسینەکانیدا.

داروین ئەم بیروبۆچوونەی لە ساڵی ١٨٥٩ دا بڵاوکردەوە لە پەرتوکەکەیدا بەناوی: «سەبارەت بە ڕەچەڵەکی جۆرەکان» (ON THE ORIGIN OF SPECIES)پاشان ویستی شێوازێکی تێروتەسەل بدات بەدەستەوە بۆ هەڵگرتنەوەی سیفاتە بەدەستهاتووەکان، دوای چەند ساڵێک لە پەرتوکەکەی «ڕەچەڵەکی جۆرەکان» گریمانەکەی خۆی بڵاوکردەوە و ناوینا (pangenesis) کە تیایدا گریمانەی کرد سروشت کاتێک کاریگەری دەبێت لەسەر خانەکانی بوونەوەرێک؛ ئەوا ئەو خانانەی لەش مادەگەلێکی بچوک دەردەدات کە داروین ناوی ناوە (Gemmules) کە چڕ دەبێتەوە لە کۆئەندامی زاوزێی بوونەوەرەکە تاوەکو بگوازرێتەوە بۆ وەچەکانی.

ئێ ڕەچەڵەکە هاوبەشەکە لەکوێوە هات داروین؟! بوونەوەری یەکەم لە کوێوە هات کە بیروبۆچوونەکانت لەسەر بوونیات ناوە و هەموو زیندەوەرەکانت بۆ گەڕاندوەتەوە؟! داروین ئەمەی ڕوون نەکردووەتەوە لە پەرتوکی «ڕەچەڵەکی جۆرەکان». بەڵام لە نامە گۆڕینەوەکانی لەگەڵ زانای ڕووەکناس «جۆزێف

دالّتۆن هۆکەر»، باسی ئەوەی کردووە کە دیدی ئەو بریتییە لەوەی یەکەم بوونەوەر لە گۆمێکی گەرمدا پەیدا بووە لەسەرەنجامی هۆکار گەلێک وەک: (ڕووناکی و گەرمی و کارەبا)، واتە داروین کۆک بووە لەگەڵ بیرۆکەی لەدایکبوونی خۆیی کە باوبووە لەسەر دەمی ئەودا وا گومان دەبرا زیندەوەرەکان دەکرێت پێکبێن و دروست بن لە خۆوە لە بێ گیانەکان، بۆ نموونە: میێرووەکان لەپاشماوەی خواردن پەیدا دەبن، میێش و مەگەزیش لەپارچە گۆشتی بۆگەن کردوو پەیدا دەبێت.

زۆر بەکورتی ئەمانە پایەکانی گریمانەی پەرەسەندنن:

١- بوونەوەرێکی زیندوو بەشێوەیەک لە شێوەکان لە خۆیەوە پەیدابووە لە بێ گیانەکان.

٢- سروشتێک سیفاتی نوێ دەبەخشێتە بوونەوەرەکە و دەکرێت بیگۆڕێت لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر.

٣- سیفاتە بەدەستهاتووەکان بە بۆماوەیی دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکان.

٤- سروشت هەڵبژاردن دەکات بەشێوازێکی بەردەوام و کەڵەکەبوو، تادەگاتە بوونەوەری پێشکەوتووتر کە سیستەمی زیندەگی ئاڵۆزتر پێکدەهێنێت لە گۆڕانکاری سادەی یەک لەدوای یەک.

سەرەنجامیش ئەوەیە بوونەوەرە زیندووەکان پەیدا بوون بە پەرەسندن بەبێ مەبەست و ویستی بکەرێکی خاوەن ویست و مەبەست و بژاردە کە دەزانێت چی دەکات.

هەرچی بوونەوەریش هەیە لەگەردووندا داروین لەسەر ئەم چوار پایەیە هاتنەبوونیانی بوونیاد ناوە.

لێرەدا ئایا هەڵسەنگاندنی گشتی چییە بۆ ئەو چوار پایەیە، کە داروین هاتنەبوونی بوونەوەرەکانی لەسەر بوونیاد ناوە؟

* هەرچی پەیدابوونی بوونەوەرە زیندەوەکانە لە بێ گیانەکان، ئەمە ئەفسانە و خورافەیەکی داڕماوە بە چەند لێکۆڵینەوەیەک، بەناوبانگترینیان لێکۆڵینەوەکەی

ASTANA

«فرانسسکۆ ریدی» بوو پێش داروین بە دوو سەدە، وە لێکۆڵینەوەکەی «لویس پاستۆر» کە پێنج ساڵ دوای پەڕتوکەکەی داروین بڵاوکرایەوە، سەلماندی گوایە ئەو بوونەوەرانەی وا گومان دەبرا لە خۆیانەوە هاتوونەتەبوون لە بێ گیانەکانەوە وەک پاشماوەی خۆراک، ئەو لێکدانەوەیە هەڵەیە؛ بەڵکو ئەو زیندەوەرانە لە دەرەوەی ئەو پاشماوە خۆراکییانەوە هاتوون بەهۆی هەواوە، بۆیە کردەی خاوێن کردنەوەی پاستەرە و شیری پاستەرکراو دەدرێتە پاڵ پاستۆر. لەڕاستیدا لە دایکبوونی خۆیی بێ بنەمایە و داڕاماوە لە ڕووی ئەقڵەوە، خوڕافەیە وا گومان ببرێت بوونەوەرێکی زیندوو پەیدا ببێت لەخۆیەوە -واتە: بەبێ بەدیهێنەرێک- لە بێ گیانەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێداگربوون کە تاقیبکەنەوە، تاقیانکردەوە. لە ئەنجامدا خوڕافەکە فەزح بوو بەزانستی ئەزموونیش.

* هەرچی بەدیهێنانی سروشتە بۆ سیفاتی نوێ لە بوونەوەر لە ڕێگای بەکارهێنان و فەرامۆشکردن وەک: دریژبوونی ملی زەڕافە: ئەمەش خوڕافەیەک بوون داڕما بە دۆزینەوەکانی «گریگۆر میندەل» کە چەند ساڵێک دوای داروین سەلماندی سیفاتە بۆماوەییەکان بۆ نەوەکان -هەرچەند زۆربێت- ئەوە دەرناچێت لەو سیفاتانەی لە بنەمادا لە باواندا هەیە, هەروەها داڕما بەهۆی دۆزینەوەکانی زانستی بۆماوەیی (epigenetics) کە ڕوونی دەکاتەوە هۆکارە دەرەکی و ژینگەییەکان دەکرێت شێوازی خوێندنەوەی ماددەی بۆماوەیی بگۆڕێت لە بوونەوەرێکدا بۆ ئەکتیڤ کردنی سیفەتێک کە پێشتر شاردراوە بوو، یان دامرکاندنەوەی سیفەتێک کە پێشتر چالاک بوو، بەڵام هیچ ماددەیەکی بۆماوەیی زیاد ناکات کە لە بنەمادا نەبووبێت.

* هەرچی بۆماوەکردنی سیفاتە بەدەست هاتووەکانە ئەمەش خوڕافەیەکی پووچەڵە بەپێی واقیع؛ چونکە بەهێزی ماسولکەی ئاسنگەر و دارتاش -بۆ نموونە- کە لە ژیانیاندا بەدەستیان هێناوە ناگوازرێتەوە بۆ نەوەکانیان، واتە: نەوەکانیان کە لەدایک دەبن خاوەنی ماسولکەی بەهێز نین، لەگەڵ ئەمەشدا شوێنکەوتوانی داروین پێداگریان کرد تاقیبکەنەوە، تاقیانکردەوە. بۆیە «ڤایزمان» هەستا بەبڕینی کلکی نۆزدە جیل لە مشک، کەچی بەستەزمانە

دوای ماندووبونێکی زۆر بینی بێچووەکانیان هەموو جارێک سەرلەنوێ بە کلکەوە لەدایک دەبوون، واتە: سیفاتە بەدەستهاتووەکان (کە لێرەدا کلکی بڕاوی مشکە) نەگوازرایەوە بۆ نەوەکان.

* ئەوەی ماوەتەوە هەڵبژاردنی سروشتییە: هەڵبژاردنی سروشتیش ئەو ئەندازەیەی کە ڕاستە و واقعییە لە بیرۆکە و داهێنانی داروین نییە؛ چونکە هەمووان دەزانن ئاژەڵی لاواز بە سەختی دەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بارودۆخە ژینگەییە قورسەکاندا، بەڵام هەڵبژاردنی سروشتی لەلای داروین ئەمەی تێپەڕاند بە شێوەیەک هێنانە کایەی سیستەمی زیندەیی ئاڵۆز لە گۆڕانکاری سادەی یەک لە دوای یەکی بەڕێکەوت لەخۆ بگرێت، هەڵبژاردنی سروشتی لای داروین واتە: سروشت بە بەکارهێنان و فەرامۆش کردن پێکهاتەی جەستەیی سادەی بۆ بوونەوەرە کۆنەکان بەرهەم هێناوە کە دەکرێت خزمەتی بوونەوەرەکەی کردبێت لە شتێکدا! ئیتر هەڵبژاردنی سروشتی ئەمەی هێشتوەتەوە کە نەشیدەزانی کەڵەکەبوونی ئەو پێکهاتانە ئەندامێکی تەواو و تەواوکار بەرهەم دێنێت، بۆ نموونە باڵ بۆ باڵندە و، چاو بۆ ئاژەڵ. هەتاوەکو لۆجیکی زیاتر ڕوون بێتەوە، پارچە زەویەک بهێنە بەرچاوت کە پڕببێت لە کەرەستەی دروستکردنی فڕۆکە، بەم پارچە زەویەدا ژمارەیەکی زۆر نابینا تێپەڕ ببن و، هەر یەکێکیان پارچەیەک بە هەڕەمەکی هەڵبگرێت و پاشان فڕێی بداتە ناو بینایەکی گەورەوە کە دەرگاکەی دادەخرێت دوای ئەوەی هەر یەکێکیان دەچنە ژوورەوە، ئا بەم شێوازە ملیۆنان ساڵ تێپەڕی و نابیناکان هەر خەریکی هەڵگرتنەوەی پارچە فڕێدراوەکان بوون و سەرەنجام دەمردن و دەنێژران لە ژێر خاکی بیناکەدا، تۆش ڕۆژێک لە ناکاوە دەرگای بیناکەت کردەوە، یەکسەر فڕۆکەیەکی بۆینگی زەبەلاح هاتە دەرەوە، نابینایەکیش لێی دەخوڕی!

تۆش پرسیارت کرد: چۆن نابیناکان توانییان ئەم فڕۆکەیە دروست بکەن؟!

پێیان گوتی: نابیناکان مەبەستیان نەبوو فڕۆکە دروست بکەن! بەڵام ئەوەی ڕوویدا هەریەکێک لە نابیناکان پارچەیەکی بەسوودی بۆ خۆی هەڵدەگرتەوە، خۆڕاگرانە گواستیەوە بۆ ئەوەی دوای خۆی، هەیان بوو پارچە قوماشێکی

هەڵدەگرتەوە بۆ خۆپارێزی لەسەرما، هەشیان بوو پارچە ئاسنێکی هەڵدەگرتەوە بۆ خۆپارێزی لە تیشکی خۆر، هەشیان بوو لە پارچەی سوکانی فڕۆکەکەی هەڵدەگرتەوە بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت لە کاتی خواردن دروستکردندا، هەشیان بوو پارچە شوشەیەکی هەڵدەگرتەوە بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت وەک قەڵغانێک بۆ خۆپارێزی لە کاتی شەڕی لەگەڵ نابینایەکی دیکەدا، بەم شێوازە هەموویان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەهاتن و پارچەکانیان دەگواستەوە بۆ ئەوانەی دوای خۆیان، پارچەکانیش لەگەڵ یەکتریدا دەبەسترانەوە هەر لەخۆیانەوە و بە بێ مەبەست و بە بێ کردەی هیچ بکەرێک، ئا بەم شێوازە هەتاوەکو ئەو فڕۆکە لێ دروست بوو کە دەیبینیت، بۆیە وریابە، وا خەیاڵ نەکەیت کەسێک مەبەستی ئەوە بووبێت فڕۆکەیەک پێکبهێنێت!

بەهەمان لۆجیک داروین وای دانا هەڵبژاردنی سروشتی پێکهاتەی بوونەوەرە زیندووەکانی پینەکرد و بەکوێرانەیی ئاوا هاتەکایەوە، باڵی باڵندە -بۆ نموونە- یارمەتیدانەکەی بۆ فڕینی بریتییە لە pseudopurpose ئامانجێکی خەیاڵییە و هیچ حەقیقەتی نییە، چاویش بینینەکەی ئامانجێکی خەیاڵیە؛ چونکە بکەرێکی خاوە ویست و ئیرادە بوونی نییە کە ویستبێتی چاو بۆ بینایی بێت و باڵیش بۆ فڕینی باڵندەکان، بەڵکو هەموو ئەمانە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ڕێکەوتی کوێرانەوە هاتوون، ئەمە واتای هەڵبژاردنی سروشتی کوێرانەیە کە داروین هێناویەتی، لەگەڵ ئەوەی بێ بنەما و پڕوپووچە لەلای ژیرەکان، دۆزینەوە زانستیەکانیش بێ بنەمایەتی وپووچیان سەلماندووە، بەهۆی «التعقید غیر القابل للاختزال irreducible complexity» لە گشت وردەکاری بوونەوەرەکان و پەیوەندییەکانیان، واتە: پێکهاتە و ئەندامەکانی بوونەوەر زیندەوەکان یەکجار ئاڵۆز و تەواکارە، بەشێوازێک ناکرێت بوونی هەبێت ئیلا بە بوونی پارچە و بەشەکانی دیکەوە نەبێت -لە یەک کاتدا- ئەگینا ئەرکی خۆی ئەنجام نادات، واتە: ئەنجام دانی ئەرکی هەر پارچەیەک لەجەستە بەستراوەتەوە بە هەبوونی پارچە و بەشەکانی دیکە، بەمەش هەرگیز ناچێتە ژێر بیرۆکەی پەیدابوونی پلەبەندی تەنانەت لەسەر ئاستی بچوکترین یەکەی زیندوو کە خانەیە، داروین لە ڕۆژگاری خۆیدا نەیدەبینی لە ژێر میکرۆسکۆپ تەنها وەک پەڵەیەکی سادە نەبێت.

ASTANA

کەواتە هەڵبژاردنی سروشتیش وەک ئەوەی داروین وێنای دەکرد خوڕافەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، لەسەر ئەم خوڕافەتە داڕماوانە بە ئەقڵ و زانستی ئەزموونی و هەستەوەرەکان، داروین پووچترین و گەمژانەترین گریمانەی لە میژوودا داهێنا، بەوەی هەرچی دەیبینین لە تۆکمەیی و ڕێکو پێکی لەناو دروستکراوەکاندا بەڕێکەوت و بە بێ مەبەست هاتووە و پێویستی بە عیلم و حیکمەت نییە.

چی مایەوە لە گریمانەکەی داروین؟

خەیاڵەکانی مایەوە کە بەوەدەچێت بەشداریکردنێک بێت لە پێشبڕکێیەکدا بە ناونیشانی «فراوانترین خەیاڵ» کە تیایدا زانایانی سروشت پێشبڕکێ دەکەن بۆ خستنە پێکەنینی ئامادەبووان. خەیاڵەکەی مایەوە کە بە چیرۆکەکانی پێش خەوتن دەچێت دەربارەی مشکەکانی سەندەرێلا کە بوون بە ئەسپگەلێکی جوان، ئەمەش لەگەڵ یەک زیادە؛ ئەویش ئەوەیە کە گریمانەکەی داروین پێویستی بەکاتێکی یەکجار زۆر بووە، ئەو خەیاڵەی پەڕوباڵ دەخاتە سەر دایناسورەکان و ئەوانیش دوای مێش و مەگەز دەگەردوون و لەئەنجادا دەفڕن، ئەو خەیاڵەی سەبارەت بەو ورچە ڕەشەی بۆ چەند کاتژمێرێک لەناو ئاودا مەلە دەکات و دەمی دەکاتەوە بۆ ئەوەی زۆرترین مێش و مەگەز بچێتە دەمیەوە و بیخوات، ئەمەش نەهەنگی بیرخستەوە کە دەمی دەکاتەوە تا ماسیەکان بچنە ناو دەمیەوە، مادەم لێرەدا لێکچوون هەیە، دەی وا دیارە نەهەنگ لە ورچەوە پەرەی سەندووە! هەروەک لە نوسخەی فاکس میلی چاپی یەکەمی پەرتوکەکەی «ڕەچەڵەکی جۆرەکان»، لاپەڕە ١٨٤ هاتووە. وەرمگرتووە بەدەستکارییەوە لە زنجیرەی گەشتی دڵنیایی د. ئەیاد قەنەبی زنجیرەی ژمارە ٢٤. (وەرگێڕ)

(دڵنیابوون لە دژایەتی نەکردن و تێکهەڵنەگیرانی واتا و سەرەنجامی بەڵگەکە لەگەڵ بەڵگەیەکی لەخۆی بەهێزتر و ڕاجیح تردا، ئەگەر ئەمە ڕوویدا ئەوا بەهێزترینیان پێشدەخرێت)

هەندێک جار گومانساز بەڵگەیەکی ڕاستی بەدەستەوەیە و بە شێوازێکی ڕاست و دروست لێی تێگەشتووە، پەیوەندی نێوان بەڵگە و بەڵگە بۆ هێناوەکەش پەیوەندییەکی تەلازومە [واتە: بەڵگەکە داخوازیکاری بەڵگە بۆهێناوەکەیە]، بەڵام دەبینین واتا و سەرەنجامەکەی یەکناگرێتەوە لەگەڵ ڕاستییەکی [بەڵگەیەکی] لەخۆی ڕاجیحتر و بەهێزتر، بۆیە لەم دۆخەدا بەهێزترینان پێشدەخرێت.

لەوانەیە کەسێک بڵێت: چۆن دەکرێت سەرەنجامەکە یەکنەگرێتەوە لەگەڵ ڕاستییەکی لەخۆی بەهێزتردا، خۆ بەڵگەیەکی ڕاست ئەم سەرەنجامەی خواستووە؟!

وەڵام: مەرج نییە هەموو بەڵگەیەکی ڕاست لە سەدا سەد قطعي[1] بێت، ئیتر ئەو بەڵگەیە عەقڵی بێت یان ئەزموونی

---

(١) بەڵگەکان یان ئەو سەرچاوانەی مرۆڤەکان پشتی پێدەبەستن بۆ بەدەستهێنانی

زانست و زانیاری بەشێوازێکی گشتی دەکرین سێ جۆرن:

۱- بەڵگە ئەقڵیەکان: بریتییە لەو بەڵگانەی بەدەست دێت بەهۆی ئەقڵ و ژیرییەوە.

۲- بەڵگە حیسیەکان یان تەجریبییەکان: بریتییە لەو بەڵگانەی بەهۆی هەستەوەرەکانەوە (لە بینین و بیستن و دەست لێدان و چەشتن و بۆنکردن) دێتە کایەوە، یان بەهۆی ئەزموون و تەجرەبەوە بەدەست دێت.

۳- بەڵگە خەبەریەکان: بریتییە لەو بەڵگانەی بەهۆی هەواڵ و خەبەرەوە بەدەست دێت، بەڵگەکانی قورئان و سوننەت لەم جۆرەی بەڵگەکانە، بەڵگەکانی قورئان وسوننەت هەرچەندە خەبەرین لەهەمان کاتدا لەخۆگری بەڵگە ئەقڵیەکان و بەڵگە تەجریبییەکانە، واتە: پێچەوانەیان ناکات. بڕوانە: «منهج ابن تيمية المعريفي» دانراوی عبدالله نافع و «مدخل إلى نظرية المعرفة». دانراوی ئەحمەد ئەلکەرساوی.

* بەڵگەکان لەڕووی جێگیربوون (الثبوت) وە دوو جۆرن:

۱- (قطعي الثبوت): بریتییە لەو دەقەی، یان ئەو بەڵگەیەی دڵنیاین لە ڕاستی و دروستی؛ وەک: دەقەکانی قورئان و فەرموودە موتەواتیرەکان و بنەما ئەقڵیەکان و ...هتد.

۲- (ظني الثبوت): بریتییە لەو بەڵگەیەی زانایان یەک دەنگ نین لەسەر سەحیحێتی؛ وەک ئەو فەرموودانەی زانایان جیاوازیان هەیە لە بە سەحیح دانانی، یان هەندێک لێکۆڵینەوە کە ۰۰۱٪ لە ڕووی زانستیەوە نەچەسپاون.

* بەڵگەکان لەڕووی گوزارشت(الدلالة)ەوە دوو جۆرن:

۱- (قطعي الدلالة) بریتییە لەو بەڵگەیەی تەنها یەک لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بۆ نموونە خوای بێهاوتا دەفەرموێت: {وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ} البقرة: ۱۶۳.

۲- (ظني الدلالة) بریتییە لەو بەڵگەیەی زیاتر لە لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێت بۆ نموونە خوای بالادەست دەفەرموێت: { وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ

بێت یان بەڵگەیەکی شەرعی، چونکە هەندێک بەڵگەمان هەیە (ظني الثبوت)ە، هەر کاتێک ئەم جۆرە بەڵگەیە (ظني الثبوت) تەرجیح بکرێت پێی دەڵێن سەحیح و بەکاریشی دێنن لەهەموو بوارە زانستییەکاندا، بەڵام کاتێک بینیمان ئەم(ظني الثبوت) ە یەکناگرێتەوە لەگەڵ بەڵگەیەکی (قطعي الثبوت)ی لەخۆی بەهێزتر، ئەوکاتە ئەم یەکنەگرتنەوەیەمان ئەوەمان بۆ دەردەخات لە بەڵگە (ظني الثبوت)ەکەدا هەڵەیەک هەیە، بەڵام ئێمە هەستمان پێ نەکردووە.

ئاگادارکردنەوەیەک:

زۆربەی هەرە زۆری گومانەکان ئەو مەرجانەی کە باسکران لە ڕاستی بەڵگە و تێگەشتنی ڕاست و دروست لێی، پاشان بەڵگەکە داخوازیکاری بەڵگە بۆ هێنراوەکە بێت تێیاندا نایەتە

﴿قُرُوٓءٍ﴾ البقرة: ٢٢٨ وشەی «قُرُوٓءٍ» لەزمانی عەرەبیدا بە واتای (الحیض) سوڕی مانگانە و بە واتای (الطهر) پاکبوونەوەش دێت، بۆیە ئەم ئایەتە (ظني الدلالة)یە، بەهەمان شێواز ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ﴾ التكوير: ١٧ چونکە وشەی (يَعْسَعَسَ) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (أقبل) هاتن و (أدبر) ڕۆشتن دێت.

* بەکۆی گشتی بەڵگەکان هەیانە ١- (قطعي الثبوت) و (قطعي الدلالة)یە.

٢-(قطعي الثبوت) و (ظني الدلالة)یە.

٣-(ظني الثبوت) و (قطعي الدلالة)یە.

٤-(ظني الثبوت) و (ظني الدلالة)یە.

بڕوانە: «القطع والظن عند الأصوليين» دانراوی: د. سەعد شەسری (٤٢/١). (وەرگێڕ)

جێ. بۆیە سەرەنجامێکی ڕاست و دروست نادات بەدەستەوە، ئەگەر واش دابنرێت سەرەنجامەکە گریمانەیی(ظني) بێت، بەڵام هەندێک جار گوماندروستکەران دەڵێن: ئەو مەرجانەی ئێوە باسی دەکەن لە بۆچوونەکان (گومانەکان)ی ئێمەدا هەیە، بۆیە ئەگەر بێت و گفتوگۆی بوون و نەبوونی ئەو مەرجانەی لەگەڵدا بکەین، گفتوگۆکە زۆر درێژ دەبێتەوە، بۆ کورتکردنەوەی ئەم دۆخە کۆمەڵە بەڵگەیەکی سەحیحی قەتعی دژ بە واتا و سەرەنجامی بەڵگە ظنییەکانی ئەوان باس دەکەین، ئیتر ئەمە بەسە بۆ هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانیان، بەبێ ئەوەی بچینە ناو گفتوگۆیەکی دوور و درێژ دەربارەی شێواز و چۆنییەتی بەڵگەکانیان.

نموونە لەسەر ئەمە:

کردنە بەڵگەی هەندێک لە بیردۆزە نوێیەکان دەربارەی دروستبوونی گەردوون کە تاوەکو ئێستا ڕاستیەتیان نەسەلمێنراوە، تاوەکو ببن بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، بەڵکو هەندێکیان لە ئاستێکدا نین پێیان بوترێت بیردۆز، تاوەکو ئێستا تەنها گریمانەن (الفرضیات)، کەچی دەبینین هەندێک لە مولحیدەکان زۆر بەرگری لێدەکەن، ئێمە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا سێ ڕێگامان هەیە:

یەکەم: سەلماندنی ناڕاستیەتی ئەم بیردۆزانە.

دووەم: بۆیان دەسەلمێنین ئەگەر واش دابنێین ئەم بیردۆزانە ڕاستن، هیچکات وا ناخوازن ببنە هۆی نکۆڵیکردن لە بوونی خوا.

ASTANA

سێیەم:تێکگیرانی ئەم بیردۆزانە لەگەڵ کۆمەڵە بەڵگەیەکی لە خۆیان ڕاستتر و بەهێزتر وەک بەڵگە عەقڵییەکان لەسەر بوونی خوا.[1]

ئەم بەڵگە عەقڵییانە قەطعی و حاشا هەڵنەگرن، لە هەمان کاتدا زۆر بەئاشکرا دژایەتی واتا و سەرەنجامی ئەم بیردۆزانە دەکەن، لە کاتێکدا سەرەنجامی ئەم بیردۆزانە ظەنین.

ئەم سێ ڕێگایە زانایانی گفتوگۆکار لەگەڵ بێباوەڕاندا بەکاری دەهێنن.

---

(١) بڕوا بوون بەخوا بابەتێکی ڕوون وئاشکرایە وناخی مرۆڤ وەرگری ئەم حەقیقەتەیە ئەگەر کاریگەری دەرەکی باوەڕی نەشێوێنێت، زانایان لە دێر زەمانەوە بەڵگە گەلێکی زۆریان باسکردووە لەسەر بوونی خوا، لەوانە:

١- بەڵگە فیترییەکان.

٢- بەڵگە زانستییەکان.

٣- بەڵگە ئەقڵییەکان.

٤- بەڵگە حیسییەکان.

٥- بەڵگە شەرعییەکان.

ئەوەی دەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین لێرەدا چەند دانەیەکە لە بەڵگە ئەقڵییەکانە:

أ - (بەڵگەی دروستکردن وبەدیهێنان).

ب - (بەڵگەی جوانپۆشی داهێنان و دیزاین).

ج - (بەڵگەی ڕێخکستن و وردەکاری).

د - (بەڵگەی ئاگالێبوون و بەدەمەوە هاتن).

هـ - (بەڵگەی واتای ژیان).

بڕوانە: «پاکانەی هەبوون» دانراوی: محمد صالح، «براهین وجود الله» دانراوی: د. سامی عامری. (وەرگێڕ)

ڕێگای یەکەم پێی دەوترێت: بەرپەرچدانەوە یان ڕێگریکردن (المناقضة أو المنع)، ڕێگریکردن (المنع[۱]) واتە: داواکردنی بەڵگە لەسەر ڕاستی بۆچوونی گوماندروستکەر نەک سەلماندنی ناڕاستێتی بەڵگەکەی.

ڕێگای دووەم پێی دەوترێت: (النقض)هەڵواشاندنەوە یان بەدرۆ خستنەوە.[۲]

ڕێگای سێیەم پێی دەوترێت: (المعارضة)بەرهەڵستی کردن[۳].

---

(۱) (المنع)ڕێگری کردن دوو جۆرە: ۱- منع مجرد عن السند. ۲- منع مقترن بالسند. بڕوانە: «رسالة الآداب في علم آداب البحث والمناظرة» دانراوی: محمد محي الدين عبدالحميد (ص۵۷) و «التعريفات» دانراوی: علی محمد الجرجانی (ص۱۹۸). (وەرگێڕ)

(۲) (النقض)هەڵواشاندنەوە یان بەدرۆخستنەوە: بریتییە لە بانگەشەکردنی بێ بنەمایی بەڵگەی کەسی بەرانبەر و بەڵگە هێنانەوە و، باسکردنی نموونەش لەسەر ئەمە. ئەمەش دوو جۆرە:

۱- النقض الحقيقي يان النقض الإجمالي.

۲- النقض الشبيهي. بڕوانە: «رسالة الآداب في علم آداب البحث والمناظرة»ی محمد محي الدين عبدالحميد (ص٦٧) و «التعريفات»ی علی محمد الجرجانی (ص۱۹۸). (وەرگێڕ)

(۳) (المعارضة)بەرهەڵستی کردن: بریتییە لە بەڵگە هێنانەوە بەپێچەوانەی ئەوەی لایەنی بەرانبەر بەڵگەی لەسەر هێناوەتەوە. (المعارضة)بەرهەڵستی کردن سێ جۆرە:

۱- المعارضة على سبيل القلب.

۲- المعارضة بالمثل.

۳- المعارضة بالغير. بڕوانە: «رسالة الآداب في علم آداب البحث والمناظرة». دانراوی محمد محي الدين عبدالحميد(ص٦٢) و «التعريفات». دانراوی علی محمد الجرجانی(ص۱۹۸). (وەرگێڕ)

بنەماکانی هەڵەکردن لەلای گومانسازان

بنەماکانی هەڵەکردن لەلای گومانسازان
لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا

دوای لێ وردبوونەوە و شیتەڵەکردنی هەنگاوەکانی پێشوو، ئێستا دەکرێت ئەو بنەمایانەی دەبنە هۆی هەڵەکردن لە کاتی بەڵگەهێنانەوە بۆ گومانەکانی سەردەم دەستنیشان بکرێت. ئەم بنەمایانەی باسی لێوەدەکەین تایبەت نییە بە گومانە فیکرییەکانەوە، بەڵکو هەموو جۆرە بەڵگەهێنانەوەیەکی هەڵە دەگرێتەوە لە هەر بوار و بابەتێکدا بێت.

بنەماکانی هەڵەکردن لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا:

١- بە تەنیا بەنگەشەکردن و، باسنەکردنی بەڵگە لەسەر ڕاستێتی بانگەشەکە.

٢-بوونیاتنانی حوکمەکان لەسەر بەڵگەی ناڕاست، یان بانگەشکردن و چەسپاندنی حوکمەکان لەسەر سەرەنجامی تێگەشتنی هەڵە، کابرا وا تێدەگات تێگەشتنەکەی ڕاست و دروستە و لەشوێنی خۆی دایە، کەچی واش نییە.

٣-بوونیاتنانی حوکمەکە لەسەر کۆمەڵە بەڵگەیەک کە بە شێوازێکی ڕاست و دروست لێی تێنەگەشتوون.

٤- لێکدانەوەی بەڵگەکان بە شێوازێک پێچەوانەیە لەگەڵ ناوەڕۆک و واتای گشتی دەقەکاندا.

٥- هەڵبژاردنی نادروست لە بەڵگەکانی یەک بابەتدا، بە دەستگرتن بە بەڵگە نارِوونەکان (المتشابه) و وازهێنان لە بەڵگە ڕِوون و ئاشکراکان (المحکم).

٦- نەبوونی پێوەرێکی دیاریکراو و جێگیر بەرانبەر بەڵگەکان، دەبینین بەڵگەیەک وەردەگرێت و قەبوڵی دەکات، کەچی هەمان بەڵگە یان هاوشێوەکەی ڕەد دەکاتەوە لەبابەتێکی دیکەدا، بەبێ پێوەرێکی زانستی.

٧- بەڵگە داخوازی بەڵگە بۆهێنراوە ناکات.

٨- حیساب نەکردن و گوێنەدان بەو بەڵگانەی پێچەوانەی بۆچوونەکانیان دەکات، هەرچەندە بەهێزتر و ڕاجیحتریش بێت.

٩- دەستگرتن بە کۆمەڵە بابەتێکی بەتاڵ و وەهمییەوە، پاشان نکۆڵیکردن لە زانراوە سەرەتاییەکان (السفسطة[1] و إنکار الضروریات[2]).

---

(١) السفسطة: بریتییە لە بیرسازیەکی تێکەڵکراو بە ئەندێشە [و وەهم و بێ بنەمایی] مەبەست لێی بەهەڵە نیشاندانی کەسی بەرانبەرە. «التعریفات» دانراوی: علی محمد الجرجانی (ص١١٢). (وەرگێڕ)

(٢) (الضروریات)، یان (المسلمات) بریتییە لەو زانراوانەی ناکرێت کەسی ژیر نکۆڵی لێ بکات وەک

١- (مبدأ السببیة/ بنەمای هۆکار بوون) واتە: هەر ڕووداوێک ڕوودەدات بێگومان لەلایەن بکەرێکەوە ڕوویداوە، ناکرێت شتەکان بێنە بوون لە خۆیانەوە.

٢-(مبدأ عدم اجتماع النقیضین/ بنەمای کۆنەبوونەوەی دوو پێچەوانە) واتە:

١٠- تێنەگەشتن لە وتەی کەسی بەرانبەر، (واتە: تێنەگەشتن لە وتەی باوەڕداران بەشێوازێکی تێر و تەواو).

ASTANA

هەرگیز دوو شتی پێچەوانە لەیەک کاتدا لەیەک تەن دا کۆنابەوە ، وەک: (مردن - ژیان، وەستان - جوڵان، هەستان - دانیشتن...) هەرگیز ناکرێت مرۆڤێک لە یەک کاتدا مردوو و زیندوو بێت، ناکرێت لە یەک کاتدا هەم بە پێوە بێت هەم دانیشتبێت. (وەرگێڕ)

نەخشەیەکی ڕووونکەرەوە بۆ ئەو دە بنەمایەی دەبنە هۆی هەڵەکردن لە بابەتە جیاوازەکانی سەردەمدا

کاتێک ورد ببینەوە لە گومانە فیکرییەکانی سەردەم، بۆ ئەوەی شوێنی ئەو دە بنەمایەی هەڵەکردن دیاری بکەین، دەبینین بوونیان لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە جیاوازە، زانینی شوێن و هۆکاری هەڵەکردن، هەوڵ و ماندوبونمان کەمتر دەکاتەوە؛ چونکە کەسی پسپۆڕ لە بواریکی دیاریکراودا وەک: بەڵگەیەتی سوننەت (حجیة السنة)، کاتێک دیارترین بنەماکانی هەڵەکردنی ناسییەوە کە گومانڕوستکەران دەی ڕووژێنن، ئیتر ئاسان دەتوانێت وەڵامیان بداتەوە و گومانەکانیان بڕەوێنێتەوە.

لەم ڕوونکردنەوەیەدا هەوڵ دەدەم دیارترین بنەماکانی هەڵەکردن بخەمە ڕوو: لە هەموو ئەو بابەتانەی لەم ڕۆژگارەدا باسدەکرێن و گومانیان لەسەر دروستدەکرێت، ئەمەش بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی لە پەڕتوکی (قەڵغانەکان)دا[1] نووسیومە بەم شێوازەی خوارەوە:

گومانەکان لەسەر ئیسلام و بنەما نەگۆڕەکانی دەکرێن بە دوو بەشەوە:

یەکەم: گومانەکان دژی خودی ئایینی ئیسلام.
دووەم: گومانەکان دژی بنەما نەگۆڕەکانی ئایینی ئیسلام.

---

(١) قەڵغانەکان(سابغات) یەکێکە لە پەڕتوکە زۆر نایابەکانی مامۆستا «ئەحمەد سەید» کە ڕێکخراوی «ئاستانە» بە سوپاسەوە وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. (وەرگێڕ)

گومانەکان دژی خودی ئاینی ئیسلام

جۆری یەکەم خۆی لە چوار بابەتدا دەبینێتەوە:

بابەتی یەکەم: (گومانەکان دەربارەی بوون و کاملّی خوا و حیکمەتەکانی لە کار و کردەوەکانیدا)

دیارترین ئەو هەلّانەی لەم بابەتەدا دەکرێت:

أ- بەلّگە داخوازی بەلّگە بۆهێنراوە ناکات:(٧)[1].

نموونە لەسەر ئەمە:

بانگەشەی بێ پێویستی لە بوونی خوا بەهۆی یاساکانی بەڕێوەچوونی بوونەوەرەوە، پێشتر وەلّامی ئەم گومانەمان دایەوە، پاشان بوونی ئەم یاسایانە لێکدانەوەیە بۆ گەردوون و شێوازی بەڕێوەچوونی نەوەکو بەڕێوەبەری بێت، واتە: هەبوونی ئەم یاسایانە واتای ئەوە نییە ئەم بوونەوەرە بەڕێوەبەرێکی نییە، یان ئەم یاسایانە بوونەوەر بەڕێوەدەبەن، بەلّکو تەنها لێکدانەوەیە بۆ شێوازی بەڕیوەچوونی ئەم بوونەوەرە.

نموونەیەکی دیکە:

گومان دروستکردن لە بوونی خوا بەهۆی هەبوونی شەڕ و

---

(١) مەبەست بەم ژمارەیە ئەو ڕیزبەندیەیە لەلاپەڕەی (٢٥ - ٣٥) هاتووە. (وەرگێڕ)

موسیبەتەکان.[1]

---

(١) ئەم بابەتە یەکێکە لەبابەتە زۆر هەستیارەکان پێی دەوترێت (مشکلة الشر) یان (معضلة الشر) واتە: گرفتی هەبوونی شەڕ و موسیبەتەکان.

ئەم باسە زۆر کێشە و گرفتی دروست کردووە لەلای بەشێک لە خەڵکی، نەک تەنها لەم چاخەدا، بەڵکو لە دێر زەمانەوە ئەم بابەتە شوێنەواری جێهێشتووە لەسەر بیروباوەڕی بەشێک لە مرۆڤەکان.

هەڵوێستی مرۆڤەکان جیاواز بووە لەبەرانبەر ئەم گرفتەدا، هەندێکیان بێباوەڕ بوون بەهۆی ئەم گرفتەوە، یەکەم کەس بێباوەڕ بووە بەهۆی گرفتی شەڕەوە فەیلەسوفی یۆنانی(ئەبیقۆر) بوو تەنانەت هەندێک جار ئەم پرسە بە (گرفتی ئەبیقۆر) دەناسرێت.

ئەبیقۆر دەڵێت: پیویستە خوا کامل بێت لە ڕووی هێز(القدرة) و زانست(العلم) و بەزەیی(الرحمة) و چاکەویستیەوە، کەچی دەبینین لە بوونەوەر(جیهان)دا شەڕ و موسیبەت بوونی هەیە، کەواتە یان خوا بێ توانایە لە نەهێشتنی شەڕ و ئازاوەکان، یان خۆی ویستویەتی ئەم شەڕ و موسیبەتانە بوونی هەبێت، ئەگەر بێ توانا بێت ئەوە بۆ خوایەتی ناشێت، ئەگەر خۆی ویستبێتی ئەوە خوایەکی شەڕەنگێزە. سەرەنجام بێباوەڕ بوو.

ئەم گومانە هۆکاری سەرەکی بێباوەڕ بوونی زۆرێکە لە مولحیدان، هەتاوەکو شاعیری ئەڵمانی (جۆرج بۆشنەر) ناوی ناوە «بنەمای ئیلحاد». هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەم شوبهەیە زیاتر لایەنی هەست و سۆزی مرۆڤەکان دەجوڵێنێت، نەک بەڵگەیەکی ئەقڵی و لۆژیکی بێت.

گوماندروستکەر دەڵێت: بڕوانە ئەو گەردەلول و لافاوانە، بڕوانە ئەو هەموو شەڕ و کوشتارەی لە جیهاندا ڕوویداوە و ڕوودەدات، بڕوانە ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی لە بێتاوانەکان دەکرێت، بڕوانە... بڕوانە... بڕوانە... باشە ئەگەر خوا بوونی هەیە، بۆچی ڕێگە بە ڕوودانی ئەم هەموو شەڕ و موسیبەتانە دەدات؟ ئەمە ڕێڕەوی مولحیدانە.

* ڕێڕەوەی دووەم: ڕێڕەوی ڕبوبیەکان: ڕبوبیەکان ناتوانن نکۆڵی بکەن لە بەڵگەکانی بوونی خوا، بۆیە ددان دەنێن بە بوونی خوادا، بەڵام دەڵێن دوای ئەوەی خوا بونەوەری دروستکرد وازی لێ هێناوە،(واتە: نکۆڵی لە بەڕێوەبردنی گەردوون دەکەن لەلایەن خواوە) بۆئەوەی ناچار نەبن شەڕ و موسیبەتەکان بدەنە پاڵ خوا، لە دیار ترینیان: سوقرات و ئەفلاتۆنە.

* ڕێڕەوی سێیەم: ڕێڕەوی مەجوسیەکان: ئەم ئایینە ڕاوەستاوە لەسەر پەرەستنی دوو خوا، خوای خێر کە ئاگر و ڕووناکی گوزارشتی لێ دەکات - هەر بۆیە ئاگر دەپەرەستن - خوای شەڕ کە تاریکی گوزارشتی لێ دەکات، بۆیە دەڵێن: خوای خێر و شەڕ دەپەرەستین، ئەم شەڕ و موسیبەتانەش لەلایەن خوای شەڕەوەیە، کەواتە یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەستنی دوو خوایی دەگەڕێتەوە بۆ گرفتی شەڕ.

بەهەمان شێواز هەموو ئەو باوەڕانەی لەسەر پەرەستنی دوو خوایی وەستاون وەک: زەردەشتیەکان و مانەوییەکان...هتد.

* ڕێڕەوەی چوارەم (لەناو گروپە ئیسلامیەیەکان): ڕێڕەوی قەدەرییەکان: دەڵێن مرۆڤەکان خۆیان خولقێنەری کاروکردەوەکانیانن و خوا هیچ پەیوەندی بە کاروکردەوەی بەندەکانەوە نییە، هۆکاری ئەم باوەڕە چەوتەیان ڕاکردن بوو لە گرفتی شەڕ، بۆئەوەی شەڕ و خراپە نەدەنە پاڵ خوا.

بینیمان بە درێژایی میژوو ئەم بابەتە چۆن کاریگەری لەسەر باوەڕی مرۆڤەکان کردووە، لەم سەردەمەشدا بەهێزترین گومانی مولیحدان بریتییە لە گرفتی شەڕ.

لێرەدا مەبەستمان نییە وەڵامی هەموو باوەڕە لادەرەکان بدەینەوە، بەڵام بەکورتی دوو خاڵ باس دەکەین لە وەڵامی مولحیداندا.

١- مولحید و بێ دینەکان هیچ پێوەر و سەرچاوەیەکیان لا نییە بۆ دیاری کردنی سنووری خێر و شەڕ: گەورەترین کەموکورتی مولحیدان بریتییە لە نەبوونی پێوەر و سەرچاوە بۆ دیاریکردنی خێر و شەڕ، بۆیە کاتێک پرسیار دەکرێت لە مولحیدان چی دەڵێن دەربارەی: دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتان،

یان کوشتنی منداڵان، یان جووت بوون لەگەڵ گیانلەبەراندا یان...هتد؟ دەڵێن: نازانین! چونکە ئەگەر بڵێن هەموو ئەمانە شەڕ و خراپەیە، ئەوکات پرسیاریان لێ دەکرێت لەکوێوە زانیت شەڕ و خراپەیە؟ مولحیدانیش هیچ وەڵامێکیان لا نییە بۆ ئەم پرسیارە (پرسیاری سەرچاوە و پێوەر) چونکە ئەوان بێباوەڕن بەهەموو پێوەر و سەرچاوەکان، ئەگەر بڵێت - ژمارەیەک لە مولحیدان ئەم وەڵامە دەدەنەوە -: زانیم لەڕووی بڕیاری ناخ و هەستمەوە، دەڵێین: کەواتە تۆ باوەڕت بە فیترەت(الفطرة)ە، فیترەتیش بەڵگەیە لەسەر بوونی خوا، خێرە لێرەدا باوەرداریت بە فیترەت، بەڵام لە باسی بوونی خوادا بێباوەڕیت پێی؟! بۆیە ئەو پەڕی چەواشەکارییە مولحید بڕیار بدات لەسەر خێرێتی و شەڕیتی کاروبارەکان.

٢- دەڵێین: ئێوە بوونی شەڕتان کردە بەڵگە بۆ نەبوونی خوا، ئەقڵ و لۆژیک وا دەخوازێت بوونی خێر و خۆشیەکان بەڵگەبێت لەسەر بوونی خوا، هەموومان یەک دەنگین لەسەر ئەوەی خێر و خۆشیەکان زۆر زیاترن لە شەڕ و موسیبەتەکان. باشە بۆ خۆتان پەیوەستی بەشی یەکەم (بوونی شەڕ)کرد و بەشی دووەم (بوونی خێر وخۆشیەکان)تان پشتگوێ خست؟!

* کورتەی باوەڕی ئەهلی سوننە دەربارەی گرفتی شەڕ:

ئایا گرفتی شەڕ هەڕەشەیە لەسەر باوەڕمان؟

وەڵام: زانایان کۆمەڵە بنەمایەکیان باسکردووە هەرکەسێک لێی تێبگات بە هیچ شێوازێک گرفتی شەڕ کاریگەری لێ ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆی زیاتر پتەو بوونی باوەڕی.

١- خوا دادپەروەر و دانا و بەسۆز و میهرەبانە، مسقاڵە زەڕەیەک ستەم ناکات: دادپەروەری و دانایەتی واتە:

أ- نەرموونیانی لەشوێنێکدا نەرموونیانی بخوازێت.

ب - زبری و هێز لەشوێنێکدا زبری بخوازێت، کەواتە هەڵەیە دادپەروەری و دانایی بەتەنها بەنەرموونیانی لێکبدرێتەوە، پێویستە بزانرێت خوا چۆن بەسۆز و میهرەبانە بەهەمان شێواز سزای بەئێش و تونده بۆ ئەوانەی شایستەن.

٢- ئێمە مولْک و بەندەی خواین: ئایا ئەوەی هەمانە لە ئەقڵ و ژیری و ماڵ و منداڵ و سامان و لەش ساغی و...هتد هەمووی خوا پێینەبەخشیوین؟ بێ گومان بەڵێ، کەواتە خوا خۆی خاوەنی هەموو شتێکە، ئەویش هەڵسوکەوت دەکات لە مولْک و سامانی دا بەحەق، نابێت پرسیاری لێ بکرێت بۆ وادەکەیت؟ بۆ وا ناکەیت؟ پاشان کاتێک خوا یەکێک لە نیعەتەکانی لە بەندەیەک دەسینێتەوە بەهیچ شێوازێک زوڵم و ستەم نییە بۆ نموونە: ئەگەر ملیۆنیک دینار بدەیت بەکەسێک پاش ماوەیەک پێنج هەزاری لێ وەربگریتەوە، ئایا زوڵمت لێ کردووە؟ بێ گومان نەخێر، ئیتر دەبێت بیرکردنەوەمان بەرانبەر خوا چۆن بێت کە خاوەنی هەموو شتێکە، بۆیە سوننەتە کاتێک توشی ناخۆشی و موسیبەت هاتین بڵێن: (إنا لله وإنا إليه راجعون)إنا لله واته: ئێمە مولْکی خواین.

٣- زانست و زانیاریمان هیچ نییە لەبەرانبەر زانستی خوا، زۆر جار ئێمە شتانێکمان پێ ناخۆشە، بەڵام ئەوە خێری تێدایە بۆمان، چەند لە مرۆڤەکان تووشی ناخۆشی و موسیبەت هاتوون پاشان بۆیان دەرکەوتووە ئەوەی ڕوویداوە خێری تێدابووە بۆیان، چەند جار ویستوومانە کارێک بکەین و زۆر پێداگر بووین لەسەری، بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوتووە کە چەند شەڕ و موسیبەت بووە.

نموونەی ئەم حاڵتە: وەک منداڵێکە بچێتە ناو تاقیگەی زانایەکی بواری کیمیاوە، ئەم تاقیگەیە لێوان لێوە لە ئامێری تاقیکردنەوە و دروستکردنی دەرمان... منداڵەکە کاتێک دەبینێت ئەو ئامێرەیان دوکەڵ دەکات، ئەوەی دیکەشیان ئاگر فڕێ دەدات، ئەوەی کەشیان بۆنێکی ناخۆشی لێدێت... ئایا چۆن بیردەکاتەوە؟ بێ گومان لە ئاگرکە دەترسێت و ڕقی لە دوکەڵەکەیە؛ لەوانەیە ڕقیشی لە زانای ناو تاقیگەکە بێتەوە، بۆچی منداڵەکە وا بیر دەکاتەوە؟ وەڵام: چونکە زانیاری نییە دەربارەی کار و تاقیکردنەوەی زاناکە، لە کاتێکدا ئەو زانایە خەریکی دروستکردنی دەرمانە بۆ چارەسەری نەخۆشی منداڵەکە. جا نموونەی بەرز بۆ خوا، ئایا دەبێت زانیاری مرۆڤەکان چۆن بێت دەربارەی کاروکردەوەکانی خوای بێهاوتا؟!

٤- پێویستە بزانین بۆ لای خوا دەگەڕێینەوە و ئەم دونیایە شوێنی مانەوە

ASTANA

نییە بەڵکو ڕێگایەکە بۆ تێپەڕبوون بۆ ژیانێکی نەبڕاوە: گرفتی شەڕ و موسیبەتەکان گەورە دەبێت کاتێک مرۆڤ تەنها بیر لەژیانی دونیا بکاتەوە، وە باوەڕی بە ژیانی دوارۆژ نەبێت، بەڵام ئەو مرۆڤەی باوەڕی وابوو ژیانی دونیا ژیانێکی کاتییە نەک ژیانی نەبڕاوە و یەقینی بە هاتنەدی دادپەروەری هەیە لە قیامەتدا، ئەو هەرگیز بێزار و بێتاقەت نابێت بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆشی و موسیبەتەکانەوە، ئەم بنەمایە زیاتر ڕوون دەبێتەوە بەهۆی بنەمای پێنجەمەوە.

٥- دڵخوش بوون و چاوەڕوان کردنی پاداشت لەسەر ناخۆشی و موسیبەتەکان: کاتێک باوەڕدار دڵنیابوو ژیانی دونیا ژیانێکی کاتییە و، شەڕ و موسیبەتەکان بۆ بڕوادار مایەی پاداشت و بەرزبوونەوەی پلە و پایەیەتی لای خوای باڵادەست؛ هەرگیز بێزار و نارەحەت نابێت لە سەرەنجامی ناخۆشی و موسیبەتەکان، بەڵکو وەک هەڵێک لە نارەحەتی و موسیبەتەکان دەڕوانێت بۆ بەدەست هێنانی خێر و پاداشت و ڕەزامەندی خوا.

٦- هەبوونی شەڕ و نارەحەتییەکان هۆکاری هاتنەجێی زۆرێکە لە خێر و خۆشحاڵی: بێگومان ئەگەر شەڕ و موسیبەتەکان نەبوایە زۆرێک لە خێر و خۆشیەکان نەدەهاتنە کایەوە، وا دابنێ مرۆڤ برسی و تینوی نەبێت، ئایا چێژ لە خواردن و خواردنەوە دەبینێت؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو خواردن و خواردنەوە دەبوو بەبارگرانی بەسەریەوە، وا دابنێ هەژاری بوونی نییە، ئایا لەکوێدا سەخاوەت و دەستکراوەی بەدەر دەکەوێت؟ وا دابنێ شەڕ و شۆڕ بوونی نییە، ئایا لەکوێدا زیرەکی و چاونەترسی بەدەر دەکەوێت؟ وا دابنێ زوڵم وستەم بوونی نییە، ئایا لەکوێدا نرخی عەدالەت و دادپەروەری دەزانرا...هتد، کەواتە شەڕ و موسیبەتەکان هۆکاری هاتنەجێ بوونی زۆرێکن لە خێر و خۆشییەکان، بۆیە داواکاری نەهێشتنی شەڕ و موسیبەت داواکاری لەبنەڕەتانی خێر و خۆشییەکانە.

٧- شەڕوشۆڕ و زوڵم و ستەم لێکەوتەی ئازادیی مرۆڤەکانە (حرية الاختيار): داواکاری نەهێشتنی شەڕ و موسیبەتەکان داواکاری نەهیشتنی (حرية الاختيار) ئازادی مرۆڤەکانە لەهەڵبژاردنی خێر و شەڕدا؛ چونکە (حرية الاختيار) ئازادی هەڵبژاردن وا دەخوازێت مرۆڤ سەرپشک بێت لەئەنجامدانی خێر یان شەڕ. ئەگەر

ڕوودانی شەڕ و موسیبەتەکان هیچ کاتێک داخوازی نەبوونی خوا ناکات؛ چونکە عەقڵ و ژیریش ڕێگری لەوە ناکات بەدیهێنەری بوونەوەر خۆی ویستبێتی ئەم دونیایە بەم شێوازە بێت [واتە: کەم و کورتی و شەڕ و موسیبەتی تێدابێت] هەر خۆشی دونیایەکی دیکە دروست کردبێت بۆ پاداشت دانەوە و ژیانێکی خۆشی نەبڕاوە [بۆ چاکەکاران و سزادانی خراپەکاران و بێباوەڕان].

ASTANA

وا دابنرێت شەڕ و خراپە بوونی نییە، ئیتر مرۆڤ لەکوێدا سەرپشک کراوە؟! پەروەردگاریش شەڕی دروستکردووە، بەڵام ڕێنمایی مرۆڤەکانی نەکردووە بۆ ئەنجامدانی، بەڵکو ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردوون بۆ دوورکەوتنەوە لێی.

٨ - شەڕوشۆڕ و زوڵم و ستەم لێکەوتە و سەرەنجامی تاقیکردنەوەی خواییە: خوا مرۆڤەکان تاقیدەکاتەوە بە ئاسان کردنی ئەنجام دانی خێر و شەڕ بۆیان، تاوەکو دەربکەوێت کێ خۆپارێزە و کێ خراپەکارە، تاقیکردنەوەی خوایی لەسەر دوو پایە وەستاوە:

یەکەم: پایەی خێر و چاکە.

دووەم: پایەی شەڕ و خراپە.

تاقیکردنەوەش بەبێ هەریەکێک لەم دوانە نایەتە کایەوە. بڕوانە «خريف فكر اليوناني» و «موسوعة الفلسفة١/٢٢٩» دانراوی: عبدالرحمن بدوي و، «مشكلة الشر ووجود الله» دانراوی: د. سامي عامري و، «شفاء العليل» دانراوی: پێشەوا ئیبن قەییم. (وەرگێڕ)

ب- حیساب نەکردن و گوێنەدان بەو بەڵگانەی پێچەوانەی بۆچوونەکانیان دەکات، هەرچەندە بەهێزتر و ڕاجیحتریش بێت: (۸)

نموونە لەسەر ئەمە:

حیساب نەکردن و پشتگوێ خستنی بەڵگە عەقڵییەکان لەسەر بوونی خوا، پاشان کردنە بەڵگەی هەندێک بیردۆز و گریمانە وەک: بیردۆزی پەرەسەندن (Evolution) و فرەگەردوونی (Multiverse)[1]و هەندێک بابەتی زانستی «فیزیای کەم»

---

(۱) لەساڵی ۱۹۵٤ «هیۆ ئیڤیرت» -کە پاڵێوراو بوو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی پرینستۆن- ئەم گریمانەیەی بۆ یەکەمین جار باسکرد، پاشان مولحیدان زۆر گرنگیان پێداو بڵاویان کردووە لەناوەندە زانستییەکاندا.

*ئەم گریمانەیە دەڵێت: ئەم گەردوونەی مرۆڤەکان تێدادەژین تەنها نییە، بەڵکو یەکێکە لە گەردوونە دوانەهاتووەکان، یان یەکێکە لە ژمارەیەکی زۆر لە گەردوونەکان، هەر گەردوونێک لەو گەردوونانە یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، ئیتر بەڕێکەوت یاسا و ڕیساکانی ئەم گەردوونە گونجاو و پێکهاتوو لەبارە بۆ ژیانکردن تێیدا، بە پێچەوانەی گەردوونەکانی دیکەوە.

*مەبەستی مولحیدان بە دەستگرتن بەم گریمانەوە ئەوەیە دەیانەوێت بەم گریمانەیە، لێکدانەوە بۆ ڕێکوپێکی و وردەکاری و ڕێکخستن و ئامادەسازیی و سیستەمێتی ئەم گەردوونە بکەن؛ چونکە ئەم ڕێکوپێکی و وردەکاری و ڕێکخستن و ئامادەسازی و سیستەمێتیە؛ بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر بەدیهێنەرێکی مەزن، هەروەک زانای فیزیایی مولحید «ستیڤن واینبێرگ» دەڵێت: «ئەگەر بۆت دەرکەوت ئەم گەردوونە سەرسوڕهێنەرە زۆر بە وردەکاری سازکراوە، پێم وایە تەنها دوو ڕێگەت لەبەردەستە بۆ لێکدانەوەکەی: یان بەدیهێنەرێکی مەزن، یان گەردوون گەلێکی زۆر.»

*گریمانەکان لە سێ حاڵەت بەدەرنین:

١. گریمانەیەکە پشتگیری دەکرێت بە بەڵگەی ڕاست و ڕاشکاو لەم کاتەدا پلەیەک بەرزدەبێتەوە و دەچێتە چوارچێوەی بیردۆزەوە، ئەوکات دەکرێت بەشێوازێکی زانستی و لە سنووری خۆیدا بەکاربهێنرێت.

٢. گریمانەیەکە پووچەڵ دەکرێتەوە بە بەڵگەی ڕاست و ڕاشکاو، ئەوکات کۆتایی پێدێت.

٣. گریمانەیەکە بە گریمانەیی دەمێنێتەوە، نەپشگیری لێ دەکرێت بە بەڵگەی ڕاست و ڕاشکاو، نە پووچەڵ دەکرێتەوە.

*ڕوون و ئاشکرایە لەم سێ حاڵەتەدا تەنها حاڵەتی یەکەم دەکرێت بکرێت بە بەڵگە ئەویش لەسنووری خۆیدا؛ چونکە ڕێگە نادرێت لەڕووی زانست و لۆژیکەوە گریمانەکان بکرێت بە بەڵگە هەتاوەکو خودی ئەو گریمانەیە پشتگیری نەکرێت بە بەڵگەی ڕاست و ڕاشکاو، ئەگەر وا نەبێت هەرکەسێک بییەوێت خەیاڵێک بۆ خوی دروست دەکات و گریمانەیەکیشی بۆ دەسازێنێت و بانگەشەی شتێکی پێدەکات، بەکردنەوەی ئەم دەروازەیەش بەم شێوازە هیچ گرنگییەک بۆ بەڵگە ڕاست و ڕاشکاوەکان نامێنێتەوە.

*گریمانەی فرەگەردوونیش تەنها گریمانەیەکی بێ بەڵگەیە، وەک واینبێرگ دەڵێت: «هیچ کەسێک بەڵگەیەکی نەخستووەتە ڕوو لەسەر ڕاستێتی فرەگەردوونی، بەڵکو تەنیا گریمانەیە و هیچی تر».

ئەنتۆنی فلو -لە تونڕەوترینی مولحیدەکان بوو، پاشان لە کۆتایی تەمەنیدا پەرتوکێکی نووسی بەناوی «There is a God» - دەڵێت: «یەکسانە بوترێت فرەگەردوونی بوونی هەیە یاخود نا؛ چونکە پێویستە لەسەرمان بگەینە ڕیکەوتن دەربارەی بنەمای یاساکانی گەردوون و سروشت، تەنها لێکدانەوەی گونجاویش لێرەدا بریتییە لە دەستکاری خوایی».

بڕوانە «هناک إله» دانراوی: ئەنتۆنی فلو، وەرگێڕانی: صلاح الفضلي، «عجائب الكون» دانراوی: إبراهيم الراجحي و، «موسوعة الرد على الملحدين

(Quantum mechanics)[1] لەسەر نەبوون و نکۆلێکردنی خوای پەروەردگار.

نموونەیەکی دیکە:

گوماندروستکردن لە بێ پێویستی و کەمالی خوای پەروەردگار بەهۆی ئەم پرسیارانەوە:

- **ئێمە بۆ دروست کراوین؟!**

العرب» دانراوی: د.هیثم طلعت. (وەرگێڕ)

(۱) دەڵێن «میکانیکی کەم» (Quantum mechanics) پێچەوانەی بنەما ئەقڵییەکان دەکات؛ چونکە یەک ئەلیکترۆن دەکرێت لەیەک کاتدا لە دوو شوێنی جیاواز بێت، کەواتە ئەوەی ئێوە بانگەشەتان دەکرد لە ڕاستێتی بنەما ئەقڵییەکان، ئەوەتا بە میکانیکی کەم هەڵوەشاوەتەوە، بۆیە ئەوەی باسی دەکەن دەربارەی بەڵگە ئەقڵییەکان لەسەر بوونی خوا، هیچ ئەرزشێکی نییە، چونکە بەهۆی فیزیای کوانتمەوە بنەما ئەقڵییەکان پوچەڵ بوونەوە.

وەڵام: ئەلیکترۆنەکان لە میکانیکی کەم بە دوو شێواز دەردەکەون: بەشێوازی شەپۆل (الموجة)، بەشێوازی تەن (الجسم)، بۆیە هەرکات ئەلیکترۆن لە دوو شوێندا بەدیکرا، ئەوە لەو حاڵەتەدایە کە خۆی وەک شەپۆل دەردەخات، ئەمەش بەهەمان شێوازی شەپۆلی دەنگی وایە، بۆ نموونە کاتێک کەسێک لە هۆڵێکی گەورەدا سیمینارێک پێشکەش دەکات و، دەنگی زیاد لە پەنجەرەیەکەوە دەچێتە دەرەوە ئەمە واتای ئەوەیە پێچەوانەی بنەما ئەقڵییە نەگۆڕەکان دەکات؟! بێگومان نەخێر، چونکە دەنگ وەک شەپۆل بڵاودەبێتەوە.

زانایانیش ئەم وتەیەیان پشتڕاستکردووەتەوە کە «میکانیکی کەم» هەڵوەشێنەرەوەی بنەما ئەقڵییەکان نییە، لەوانەش «ماکس بورن» یەکێکە لە دامەزرێنەرانی میکانیکی کەم و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە لە فیزیادا، بڕوانە «إختراق العقل» (لا: ۷۰-۹۲). (وەرگێڕ)

• بۆ داوامان لێکراوە پەرستش وعیبادەت ئەنجام بدەین؟!

بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکان بە ڕوونی گوزارشت دەکەن لە بێ پێویستی و کاملّی خوای پەروەردگار کە یەکناگرنەوە لەگەڵ ئەو گومانانەدا، لە کاتێکدا ئەم گومانانە هیچ بنەمایەکی پتەو و بەهێزیان نییە.

نموونەی سێیەم:

گومانڕوستکردن لە بوونی خوا بەهۆی شەڕ و ئاژاوە و موسیبەتەکان.

دەبینین گومانڕوستکەر ئەو هەمووە بەڵگە ڕوون و ئاشکرایە لەسەر بوونی خوا پشتگوێ دەخات و بوونی شەڕ و موسیبەتەکان دەکەن بە پاساو بۆ نکۆڵیکردنی خوا.

ASTANA

ج- دەستگرتن بە کۆمەڵە بابەتێکی بەتاڵ و وەهمییەوە، پاشان نکۆڵیکردنی زانراوە سەرەتاییەکان:(۹)

نموونە لەسەر ئەمە:

گومانی: کێ خوای دروستکردووە؟ ئەمەش بەکەوتنە ناو موستەحلێکی عەقڵییەوە، ئەویش:«بەدوای یەکهاتنی دوانەهاتوو»ە (التسلسل الممتنع في الفاعلين[۱]).[۲]

---

(۱) بەو واتایەی ئەو دروستکارە(خالقە)ی ئێمە بڕوامان پێی هەیە دروستکراو (مخلوق) نییە و لەپێش ئەویش هیچ شتێک بوونی نەبووە، بەڵکو هەر هەبووە و بوونیشی لەسەر هیچ شتێک نەوەستاوە، ئەمەش موافیقە و پێک دێتەوە لەگەڵ یاساکانی عەقڵدا، ئەگەر بەدیهێنەر(خالق) پێویستی بە بەدیهێنەر(خالق)ێکی دیکە بێت، ئەوکات دەوترێ کێ ئەوەی تریانی دروستکرد، پاشان کێ ئەوی دیکەشیانی دروستکرد... ئا بەم شێوازە دڕێژە دەکێشێت بەبێ کۆتا، ئەمەش وا دەخوازێت هیچ بەدیهێنەرێک نەهاتبێتە بوون.

[نموونەش لەسەر ئەمە] وەک ئەو سەربازەی فرمانی کوشتنی دەسبەسەرکراوێک لە ئەفسەری سەرو خۆیەوە وەربگرێت، ئەفسەرەکەش لە ئەفسەری سەروتر لەخۆی، ئابەم شێوازە هەر ئەفسەرێک لە ئەفسەری سەرو خۆیەوە فەرمان وەربگرێت، ئەگەر ئەم تەسەسولە ئاوا بەردەوام بێت، هەرگیز فیشەکەکە ناتەقێت، بەڵام کاتێک بینیمان فیشەکەکە تەقێنراوە[و دەست بەسەرکراوەکە کوژراوە]، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت تەسەسولەکە کۆتایی پێ هاتووە لە ئەفسەرێکدا کە چاوەڕوانی فەرمان لە کەسەوە ناکات. (نووسەر)

(۲) زۆربەی جار مولحیدەکان بۆ ڕخنەگرتن لە بەڵگەکانی بوونی خوا، دەپرسن: کێ خوای دروست کردووە؟ دەوترێت خودی ئەم پرسیار پووچ و نا لۆجیکییە، وەک وایە بوترێت: ڕەنگی هێلکەی کەڵەشێر چۆنە؟ چەند جار لەگەڵ باوکت چوون بۆ پارک پێش ئەوەی لەدایک بیت؟ ماوەی سک پڕی پیاوان چەندە؟ لە پێشبڕکێیەکدا ئازاد پلەی یەکەمی بەدەست هێنا ئایا کێ لەپێش ئازادەوە بووە؟ هاوشێوەی ئەم پرسیارە نالۆجیکیانە...

نموونەیەکی دیکە:

ڕەخنەگرتن لە بەڵگەکان لەسەر بوونی خوای بەهۆی ڕەخنەگرتن لە بنەمای هۆکاربوون (مبدء السببية[1]).

ئایا ئەم پرسیارانە نا مەنتیقییە؟ دەی دڵنیابە پرسیاری: (کێ خوای دروست کردووە؟) زۆر نامەنتیقی تر...

لە کاتێکدا ئەم پرسیارانە لە خۆیدا دژبەیەکی تێدا بێت، پرسیاری: (کێ خوای دروست کردووە؟) زۆر زیاتر دژبەیەکی تێدایە...

ئەم پرسیارە دەربارەی بەدیهێنەر(خالق)ە کە ناکرێت بەدیهێنراو (مخلوق)بێت، خوای باڵادەست بەدیهێنەرە نەوەک بەدیهێنراو هەتا پرسیاری ئەوە بکرێت کێ بەدیهێناوە! بڕوانە«فمن خلق الله؟» دانراوی: د. سامی عامری، «شموع النهار» دانراوی: عبدالله صالح العجيري. (وەرگێڕ).

(١) هۆکاربوون زەرورەتێکی عەقڵییە، کەس نکۆڵی لێ ناکات مەگەر کەسی بێ بنەما و چەوت نەبێت، بنەمای هۆکاربوون واتە: هاتنەدی هەر شتێک دوای ئەوەی بوونی نەبووە، پێویستە هۆکارێک هەبێت لە هاتنەبوونیدا، شتەکان بە بێ هۆکاری نایەنە بوون. ئەمەش بە کورتی پێی دەوترێت: هەموو هاتوەبوونێک(حادث) هۆکارێک و بەدیهێنەر(محدث)ێکی هەیە، بەڵام خوای باڵادەست (خالق) هاتوەبوو(حادث) نییە هەتاوەکو بوترێت ئەم یاسایە دەیگرێتەوە و [بوترێت: کێ خوای دروستکردووە؟] بەڵکو خوا بنەمای هەموو دروستکراوەکانە، هەر هەبووە و دروستکار و بەدیهێنەری هەموو بەدیهێنراوەکانە. (نووسەر).

د- تێنەگەشتن لە وتەی باوەڕداران بەشێوازێکی تێر و تەواو: (۱۰)

نموونە لەسەر ئەمە:

گومانی: «کێ خوای دروستکرد؟» ئەمەش بە یەکسانی کردن لەنێوان دوو یاسای جیاوازدا ئەوانیش:

- (هەموو هەبوویە(موجود)ێک، بەدیهێنەر(موجد)ێکی هەیە).
- (هەموو دروستکراو(حادث)ێک، بەدیهێنەر(محدث)ێکی هەیە).

بڕوادارانی بڕوایان بە یاسای دووەم هەیە نەک یەکەم لەم بابەتەدا[۱]، کەچی مولحیدەکان خۆیان پەیوەستی یاسای یەکەم دەکەن و پاشان دەست دەکەن بە دروست کردنی گومان.

نموونەیەکی دیکە:

بە یەکسانی ڕووانینە نێوان ئەگەری هەبوونی بوونەوەر لە ئاسماندا کە هیچ شوێنەوارێک بەدی ناکرێت، بەڵگە بێت لەسەری، لەگەڵ باوەڕبوون بە بەدیهێنەری بەدەسەڵات (الخالق العظیم) کە شوێنەواری دەسەڵاتی لە هەموو دروستکراوەکاندا دیارە، بەهۆی گریمانەی گۆزەوە.[۲]

---

(۱) هەندێک لە بڕواداران کە پسپۆڕ و شارەزانین ئەم دەستاوەژایە دەڵێنەوە: (هەموو هەبوو(موجود)ێک، بەدیهێنەر(موجد)ێکی هەیە). هەرچەندە بڕواشیان وایە خوا بوونی هەیە و پێویستی بە بەدیهێنەر نییە [واتە: بەهەڵە ئەم دەستەواژەیە بەکار دێنن]. (نووسەر)

(۲) گریمانەی گۆزە فەیلەسوفی مولحید (برتراند ڕاسل) باسی لێوە کردووە، مەبەستیشی ناشرین کرنی بەڵگەکانە لەسەر بوونی خوای پەروەردگار، بەشێوازێک بوونی خوا وەک بوونی گۆزەیەک سەیر دەکات لە بۆشاییدا بەدووری نەستێرەیەکدا

نموونەی سێیەم:

گومان دروستکردن لە کاملّی خوا بەهۆی پرسیاری: بۆچی دروست کراوین (لماذا خلقنا)؟! یان بۆچی فەرمانمان پێکراوە بەپەرستش (لماذا أمرنا بالعبادة)؟!

دەڵێن: ئەم داواکارییە، یان بۆ پڕکردنەوەی پێویستی خوایە، یان شتێکی بێ هودە و گاڵتەجاڕییە!

وەڵام: بڕوادارانبە فراوانتر سەیری حیکمەتی خوا دەکەن لەم بابەتەدا، پاشان دانەنێن بەو ڕاستییەدا کە زانستی مرۆڤەکان ناتوانێت پەیی بە هەموو حیکمەت و وردکاریی ئەم بابەتە ببات[1]،

دەسوڕێتەوە (مەبەستی ئەوەیە ناتوانێت دڵنیابێتەوە لە بوونی یان نەبوونی)، برتراند خۆی گێل دەکات لەوەی گۆزە خەیاڵییەکە هیچ شوێنەوارێکی نییە بەڵگە بێت لەسەر بوونی، بە پێچەوانەی بوونی خوا هەموو دروستکراوەکان بەڵگەن لەسەر دروستکارەکەیان کە خوای باڵادەستە. (نووسەر)

(١) نموونەی ئەو کەسەی ڕەخنە لە کارەکانی خوا دەگرێت و دەیەوێت وردەکاری هەموو حیکمەتەکانی بزانێت، وەک ئەو کەسە وایە بڕیاریداوە هیچ شتێک وەرنەگرێت لە ژیانیدا هەتاوەکو شارەزای وردەکارییەکانی نەبێت! ئەم کەسە خواردن و خواردنەوەیان بۆ هێنا، وتی: دەستی بۆ نابەم هەتاوەکو نەزانم ئەم خواردنە لە چی و چی دروستکراوە و، ڕێژەی هەریەکێکیان چەندە و سوود و زیانیان چییە بۆ جەستە، کەی و لە چ شوێنێک دروستکراوە و، چەندی پێچووە تاوەکو گەشتووە بە دەستمان و چەندێ ماوەتەوە لەکۆگاکان و، بە چ جۆرێک ئۆتۆمۆبێل گواستراوەتەوە و شۆفێری ئۆتۆمۆبێلەکە کێ بووە و، لە ناوخۆ دروستکراوە، یان هاوردەی دەرەکییە، ئەگەر هاوردەیە لە چ خاڵێکی سنووریەوە هاتوەتە ناو ولّاتمان و... کۆمەڵێک داواکاری دیکە! منداڵەکانی وتیان: ئاخر ئەمە داوەکاریەکی زۆر گران و نامەعقولە و شتی وا زۆر ئەستەمە، بەڵام ئەو هەر پێداگربوو لەسەر داواکاریەکەی. پاش ماوەیەک نەخۆش کەوت

هەرگیز حیکمەتی دروستبوون و داواکاری پەرستش لەم دوو هۆکارەدا کۆناکەنەوەهەتاوەکو بکرێت تانە لەحیکمەتی خوابدرێت، کەواتە ئەم وتەی مولحیدەکان بەهۆی تێنەگەشتنیانەوەیە لە باوەڕی بڕوادارانە[1].

کاتێک منداڵەکانی وێستیان سەری بخەنە سەر نۆتۆمۆبێل بۆئەوەی بیبەن بۆ نەخۆشخانە، وتی: "هەرگیز سەرناکەوم، هەتاوەکو بە وردی شێواز و حیکمەتی دروست بوون و بەڕێوەچوونی ئەم نۆتۆمۆبێلە نەزانم! هەتاوەکو نەزانم چەند جۆر کەرەستەی تێدا بەکار هاتووە و هەر کەرەستەیەک بۆچی بەکار هاتووە و لە چ شوێنانەدا دانراوە و بۆ بەو شێوازە دروستکراوە و ئەی بۆ بەشێوازێکی دیکە دروستیان نەکردووە، وردەکاری بزوێنەری ئەم سەیارەیەم بۆ باس بکەن! ئەی بۆ چوار تایەی بۆدانراوە، بۆ نەیانکردووە بەشەش؟ بۆ تەنها یەک پاتری هەیە؟" کۆمەڵە پرسیارێکی دیکەشی کرد! منداڵەکانی پێیان وت: ئاخر ئەمە داوەکاریەکی زۆر گران و نامەعقولە و شتی وا زۆر نەستەمە. بەڵام پێداگربوو لەسەر داواکاریەکەی، بەناچار بەپێ بردیان بۆلای پزیشکی پسپۆڕ، پزیشک چارەسەری بۆ دیاریکرد و ڕێنمایی شێوازی بەکارهێنانی کرد، ئەم کەسەش وتی: "هیچ شتێک لە چارەسەر و ڕێنمایەکانت بەکارناهێنم هەتاوەکو وردەکاری و حیکمەتی چارەسەریەکانت نەزانم!" پزیشکیش پێی وت: "ئەو داوەکاریەی تۆ ژیرانە نییە و عیلمی تۆ پەی بە زانستی پزیشکی نابات"، بەڵام ئەو هەرپێداگربوو لەسەر داواکاری خۆی، ئەگەر کاری ئەو کەسە ژیرانە بێت، ئەوە پرسیارکردن لە وردەکاری و حیکمەتەکانی خواش ژیرانەییە. (وەرگێڕ)

(۱) دەوترێت داخوازیکردن لە جیهانی مرۆڤەکانیشدا لەهەموو کاتێکدا بۆ پڕکردنەوەی پێویستی و لەسەرەنجامی نەقس و کەموکورتییەوە نییە، بۆ نموونە کاتێک پزیشکێک داخوازی لەنەخۆش دەکات دەمی بکاتەوە بۆ ئەوەی دەرمانی پێ بدات بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی، یان مامۆستایەک داخوازی لەخوێندکارەکانی دەکات هەوڵبدەن بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن لەتاقیکردەوەکاندا یان...یان...هتد. ئایا ئەم داخوازیانە و هاوشێوەکانی بۆ پڕکردنەوەی پێویستی و لە دەرەنجامی کەموکورتییە؟! بێگومان نەخێر.

بابەتی دووەم: (گومانەکان دەربارەی قورئانی پیرۆز)

• زۆرترین هەڵەکان کە لەم بابەتەدا باوە بریتییە لە:

أ- بەتەنها بانگەشەکردن و باس نەکردنی بەڵگە لەسەر ڕاستێتی بانگەشەکە: (١)

نموونە لەسەر ئەمە:

بانگەشەی ئەوەی کە گوایە پێغەمبەر ﷺ قورئانی لە وەرەقەی کوڕی نەوفەلەوە وەرگرتووە[١].

ب- بوونیاتنانی حوکمەکان لەسەر کۆمەڵە بەڵگەیەک کە بەشێوازێکی ڕاست و دروست لێی تێنەگەشتوون:(٣)

نموونە لەسەر ئەمە:

بانگەشەکردن دژبەیەکی لە نێوان ئایەتە پیرۆزەکانی قورئاندا کە لە ڕاستیدا بە شێوازێکی دروست لێی تێنەگەشتوون، وەک ئەو ئایەتانەی باسی ژمارەی ئەو ڕۆژانە دەکات ئاسمانەکان و زەوی تێیدا دروست بوون[٢].

بە هەمان شێواز لە بابەتی داخوازی کردنی خوا بۆ ئەنجامدانی عیبادەت و پەرەستشەکان، ئەم داخوازییە دیاری و چاکەی خوایە بۆ مرۆڤەکان، بەهۆیەوە چەندەها سوود و قازانج بەدەست دێنن، هەروەک چۆن خوا داخوازی چەسپاندنی دادپەروەری دەکات لەپێناو قازانجی مرۆڤەکان. بڕوانە «لماذا يطلب الله من البشر عبادته؟» دانراوی: د. سامي عامري. (وەرگێڕ)

(١) وەڵامی ئەم گومانە شێوازێکی گشتی هەمان وەڵامی گومانی بوحیرای ڕاهیب ە. (وەرگێڕ)

(٢) پوختەی گومانەکەیان دەڵێن: لە چەند ئایەتێکدا خوا باسی ئەوەی کردووە

ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروستکردووە، کەچی لە ئایەتەکانی سوورەتی فوسیلەت دا باسی ئەوە دەکات، ئاسمانەکان و زەوی لە هەشت ڕۆژدا دروستکردووە، بەم شێوازە: سەرەتا باسی دوو ڕۆژ دەکات، پاشان باسی چوار ڕۆژ دەکات، پاشان دوو ڕۆژ، دیارە هەموویان پێکەوە دەکاتە هەشت ڕۆژ، ئەمەش دژبەیەکیەکی ڕوون و ئاشکرایە!

وەڵام: لەقورئانی پیرۆزدا لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بە ماوەی دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی دراوە لەوانە:{ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ} هود: ٧ و{ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ } الفرقان: ٥٩ و {قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ مِن فَوْقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِى كُلِّ سَمَآءٍ أَمْرَهَا ۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفْظًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿١٢﴾} فصلت: ٩ - ١٢

پێشەوا «شەنقیطی» دەفەرموێت: «ئەوەی دیارە ئەم ئایەتە {فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ} واتە: لەتەواوی چوار ڕۆژەکەدا، تەواوی چوار ڕۆژەکەش دێتەجێ بە دوو ڕۆژ [واتە: دوو ڕۆژی دروست بوونی زەوی، لەگەڵ دوو ڕۆژی دروستکردنی شاخەکان و دانانی بەرەکەت و ڕزق و ڕۆزی دەکاتە چوار]؛ چونکە خوای تەعالا فەرموویەتی{قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ} پاشان کە فەرموویەتی: لە چوار ڕۆژدا واتە لە تەواوی چوار ڕۆژەکەدا، پاشان دەفەرموێت: {فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ} ئەم دوو ڕۆژە دەدرێتە پاڵ چوار ڕۆژەکە، ئەوکات ژمارەی ئەو ڕۆژانەی ئاسمانەکان و زەوی تێدا دروستبووە دەکاتە شەش ڕۆژ، ئەمەی باسمانکرد لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتانە جگە لەمە هیچ لێکدانەوەیەک ڕاست نییە. «أضواء البيان ٧/٧٤». بەهەمان شێواز لە تەفسیری «زاد المسير» و «الوسيط» و «إرشاد العقل السليم إلى مزايا الكتاب الكريم» فەرموویانە {فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ} واتە: لە تەواوی چوار ڕۆژەکەدا،

ج- بەڵگە داخوازیکاری بەڵگە بۆهێنراوە ناکات:(٧)

نموونە لەسەر ئەمە:

ئەو بڕە لێکچوونەی لەنێوان هەندێک لە چیرۆکەکانی قورئاندا هەیە لەگەڵ ئەوەی لە تەورات و ئینجیلدا باسکراوە، ئەم لێکچوونە وا ناخوازێت قورئانی پیرۆز وەرگیراوە، یان نەقڵکراو بێت لە تەورات و ئینجیلەوە؛ چونکە دەگونجێت -لەڕووی عەقڵەوە- هۆکارەکەی بگرێتەوە بۆ یەک سەرچاوە ئەویش وەحیی خواییە [واتە: هەموویان لەلایەن خوای میهرەبانەوە نێردراون بۆ مرۆڤەکان] نەک [قورئان] وەرگیراو یان نەقڵکراو بێت، ئەمە لەڕووی ئەگەری عەقڵییەوە. ئەگینا لە ڕووی چەسپاندنەوە هەموو بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی پشتیوانی لەوە دەکەن کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەک سەرچاوەیی.

ASTANA

شەوکانی لە «فتح القدیر»دا دەفەرموێت: «تەواوی چوار ڕۆژەکە، بە دوو ڕۆژەکەی پێشەوە»، ئەمەش وتەی زەجاج و هەندێکی دیکە لە زانایانە، ئیبن ئەنیاری دەفەرموێت: ئەمە وەک وتەی هەندێک وایە کە دەڵێن: "لەبەصرەوە چووم بۆ بەغداد بە دە ڕۆژ، پاشان بۆ کوفە بە پازدە ڕۆژ"، واتە: لە تەواوکاری پازدە ڕۆژەکەدا کە دەکاتە پێنج ڕۆژ، کەواتە واتای ئایەتەکە: هاتنەجێ بوونی هەمووی، لە دروست بوونی زەوی و دروستکردنی شاخەکان و دانانی بەرەکەت ڕزق و ڕۆزی هەمووی دەکاتە چوار ڕۆژ.

ئیبن تەیمیە دەفەرموێت: «بێگومان بەقورئان و سوننەت و، کۆدەنگی زانایان چەسپاوە، خوا ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروستکردووە.» «مجموع الفتاوی» (٢٥٦/١). (وەرگێڕ)

د- حیساب نەکردن و گوێ نەدان بەو بەڵگانەی پێچەوانەی بۆچوونەکانیان دەکات، هەرچەندە بەهێزتر و ڕاجیحتریش بێت: (٨)

ئەمەش وەک پشت هەڵکردنیان لەو هەموو بەڵگانەی کە گوزارشت دەکەن لە ڕاستی و دروستی قورئانی پیرۆز[١].

---

(١) واتە: بێباوەڕان تانە و تەشەر لە قورئانی پیرۆز دەدەن بەچەند بیانو و گومانێکەوە لەبەرانبەردا سەدان جار بەڵکو زیاتریش- بەڵگە پشتگوێ دەخەن کە دەرخەری ڕاستی و دروستی و پارێزراوێتی قورئانی پیرۆزە. (وەرگێڕ)

بابەتی سێیەم: (گومانەکان دەربارەی پێغەمبەر ﷺ)

• زۆرترین هەڵەکان کە لەم بابەتەدا بڵاوە بریتییە لە:

أ- بەتەنها بەنگەشەکردن و، باسنەکردنی بەڵگە لەسەر ڕاستێتی بانگەشەکە: (١)

نموونە لەسەر ئەمە:

بانگەشەکردنی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ صەفیەی هێناوە لەو ڕۆژەی مێردەکەی تێیدا کوژراوە بەر لە بەسەرچوونی عیدەکەی.

ئەمەش درۆیەکی ڕوون و ئاشکرایە[1].

---

(١) وێڕای ئەوەی ئەمە پێچەوانەی بەسەرهاتەکەیە کە بوخاری و موسلیم هێناوینە، بەڵام گوماندروستکەران دژ بە ئیسلام زۆر بڵاویدەکەنەوە و، خەڵکیش پێی کاریگەر دەبن.

دەقی چیرۆکەکە لە چەند فەرموودەیەکدا هاتووە لەوانە لە سەحیحی موسلیم لە ئەنەسەوە بە دریژی باسی فەتحی خەیبەر دەکات. پاشان دەفەرموێت: سەفیە درا بە دیحیە (کە یەکێکە لە هاوەڵان)، هاوەڵێکی بەڕێز هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و وتی: ئەی نێردراوی خوا ﷺ سەفیەی کچی حویەی کەسێکی خاوەن پلەوپایەیە بۆیە تەنها شایستەی بەڕێزتانە. ئەوە بوو پێغەمبەر پێشنیازی ئەو هاوەڵە بەڕێزەی قەبوڵکرد. لە سەحیحی بوخاری دا بەم شێوازە هاتووە: «باسی (سەفیەی کچی حویەی) یان کرد بۆ پێغەمبەر ﷺ، سەفییە تازە بووک بوو مێردەکەی کوژرا، پێغەمبەر ﷺ [وەک دڵدانەوە و ڕێزگرتن] بۆ خۆی هەڵبژارد، پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ خۆی بردی هەتا گەشتینە «سەدوڕەوحا» سەفیە عیدەکەی تەواو بوو، ئینجا لەوێدا گواستییەوە). (وەرگێڕ)

نموونەیەکی دیکە:

دەڵێن ئەو کەسەی فریشتە سنگی لەت کردووە و دڵ و دەروونی پاکردەوە ئومەیەی کوڕی صەڵت بوو نەک پێغەمبەر ﷺ، ئەمەش هەر درۆیەکی ئیجگار ڕوونە[1].

ب- بوونیاتنانی حوکمەکان لەسەر بەڵگەی ناڕاست: (٢)

نموونە لەسەر ئەمە:

- تانە و تەشەردان لە پێغەمبەر ﷺ گوایە ئافرەتێکی هەڵگەڕاوەی بە ناوی «ئوم قیرفە» بە شێوازێکی زۆر وەحشییانە کوشتووە و کردوویەتی بە دوو کەرتەوە[2].

---

(١) چیرۆکی لەت کردنی سنگی پێغەمبەرﷺ و پاککردنەوەی دڵ و دەروونی بە موتەواتر جێگیر بووە لای زانایان، لە چەندین فەرموودەی سەحیح دا بەڕاشکاوی ئاماژەی پێدراوە، لە بوخاری و موسلیم و پەرتوکەکانی فەرموودەدا بەدرێژی باسکراوە، لەوانە پێشەوا موسلیم دەگێڕێتەوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە فەرموویەتی: «پێغەمبەرﷺ لەگەڵ منداڵاندا یاری دەکرد، جبریل هاتەلای و پاڵیخست و سنگی لەت کرد و پارچە خوێنێکی مەیوی لەناو دڵی دەرهێنا و، وتی: ئەمە بەشی شەیتانە، پاشان دڵ و دەروونی پێغەمبەرﷺ شۆرد بەئاوی زەم زەم، پاشان سنگی پێکەوە نوساند و دوورییەوە. ئەنەس دەفەرموێت: من شوێنەواری دورینەوەکەم لەسەر سنگی پێغەمبەرﷺ بینیوە).

بەڵام ئەوەی باسەکرێت دەربارەی ئومەیەی کوڕی سەڵت لە پەرتوکی «طبقات فحول الشعراء» و «تاریخ مدینة دیمشق»دا هاتووە، بەڵام هیچ بنەمایەکی نییە. (وەرگێڕ)

(٢) چیرۆکی ئوم قیرفە یەکێکە لەو چیرۆکانەی زۆر دەوروژێنرێت لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و مولحیدان و هاوشێوەکانیانەوە، بۆ تانە و تەشەردان لە پێغەمبەری خواﷺ.

وەک لە ڕیوایەتەکاندا هاتووە: ئافرەتێک بەناوی فاطمەی کچی ڕەبیعە ناسراو بە ئوم قیرفە، ئەم ئافرەتە پلەیەکی تایبەتی هەبوو لەناو هۆزەکەیدا. ئەم ئوم قیرفە نزیکەی چل سەربازی کۆکردەوە بۆ هێرشکردنە سەر مەدینە و کوشتنی پێغەمبەر ﷺ بە دیاریکراوی، دوای ئەوەی ئەم دەنگوباسە گەشتبێتە پێغەمبەر ﷺ سریەیەکی لە ژێرچاودێری زەیدی کوڕی حاریسە نارد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی، دوای بەیەک گەشتن زەید و هاوەڵانی توانیان سەربکەون بەسەر ئوم قیرفە و سەبازەکانیدا و ئوم قیرفەش کوژرا، تاوەکو ئێرە هیچ شوێنی ڕەخنە نییە؛ چون مسوڵمانان بەرگریان لەخۆیان کردووە، ئوم قیرفەش کە کوژرا لەبەر ئەوەبووە کە شەڕکەر بوو، بگرە ئەو چل سەربازە بە فەرمان و لەژێر دەسەڵاتی ئەودا هاتن بۆ پەلامارادانی شاری مەدینە. وەک ئەسڵ نابێت ئافرەت بکوژرێت، بەڵام ئەگەر شەڕکەر بوو ئەوە دەکوژرێت بە کۆدەنگی زانایان، بەڵام ئەوەی دەوروژێنرێت ئەوەیە گوایە ئوم قیرفە قاچی ڕاستی بەستراوە بە حوشترێکەوە و قاچی چەپیشی بەحوشترێکی دیکەوە، پاشان لە هەردوو حوشترەکە دراوە و ئوم قیرفە بووە بە دوو کەرتەوە.

ئەو گێڕانەوەی باسی ئەم شێوازە کوشتنە دەکات لە پەڕتوکی: «المغازي» واقيدي و «الطبقات الكبرى»ی ئیبن سەعد و «تأريخ الطبري» طەبەری دا هاتووە.

* ڕێگای یەکەم: ڕێگای واقیدییە، ئەم ڕێگایە وەرناگیرێت لەبەر دوو هۆکار:

أ. واقیدی ـ کە ئەم بەشە دەگێڕێتەوە ـ خۆی لاوازە و ڕیوایاتی لێ وەرناگیرێت، پێشەوا بوخاری و موسلیم و نەسائی و ئەحمەد و شافعی و عەلی کوڕی مەدینی و یەحیای کوڕی مەعین و ئەبو زورعە و ئیسحاقی کوڕی ڕاهویە و ئیبن حیبان و قازی عیاز و زەهەبی و ئیبن حەجەر و جگە لەمانیش بە لاوازیان داناوە لەگێڕانەوەدا. بڕوانە «الجرح والتعديل ٢١/٨» و «سير أعلام النبلاء ٤٦٢/٩» و «الضعفاء ١٠٨/٤» و «تأريخ بغداد ١٤/٣» و «أحوال الرجال ص: ١٣٥».

ب ـ موحەممەدی کوڕی شوجاع یەکێکە لە ڕاویەکانی فەرموودەکە ئەمیش

ئەم چیرۆکە لە ڕووی ئیسنادەوە سەحیح نییە، جگە لەوەی

زانایان بەلاوازیان داناوە، پێشەوا ئیبن حەجەر فەرموویەتی: "فەرموودەی لێ وەرناگیرێت و وتراوە بیدعەچیە." پێشەوا ئەحمەد فەرموویەتی: "بیدعەچییە." پێشەوا زەکەریای ساجی فەرموویەتی: "کەسێکی درۆزن بووە بۆیە ئەبو زورعە و بوخاری گێڕانەوەیان لێ وەرنەگرتووە." ئەبو فەتحی ئەزدی فەرموویەتی: "کەسێکی دۆزنە و دروست نییە گێڕانەوەی وەربگیرێت، فەرموودەیەکیش ڕاوی وای تێدابێت هەر بە هەڵبەستراو هەژماردەکرێت." بڕوانە «تأریخ بغداد ۳۵۰/۵» و «تهذیب الکمال۳٦۲/۲۵».

* ڕێگەی دووەم: ڕێگەی موحەممەدی کوڕی سەعدە لە «الطبقات الکبری»دا، ئیبن سەعد چیرۆکەکەی هێناوە بەبێ ئیسناد و وتوویەتی: وتراوە... پاشان چیرۆکەکە باس دەکات، ناوی ئەو ڕاویانەی نەهێناوە کە چیرۆکەکەی لێوە گێڕاونەتەوە. ئیبن سەعدیش لە ساڵی ۲۳۰ کۆچی وەفاتی کردووە، واتە دوای نزیکەی دوو سەدە و نیو لەو ڕوودداوە، لێرەدا پرسیار دەکرێت ئەو ڕاویانە کێن ئیبن سەعد ئەم چیرۆکەی لێ وەرگرتوون؟ ئەو ڕاویانەش دیارنین، بۆیە بە کۆدەنگی زانایان ئەم ڕێگەیەش وەرناگیرێت.

* ڕێگەی سێیەم: ڕێگەی طەبەرییە لە «تأریخ الطبري»دا، ئەمیش وەرناگیرێت لەبەر سێ هۆکار:

أ. ئیرسالی نێوان عبدالله کوڕی ئەبوبەکر و ڕووداوەکە. واتە: عبدالله کوڕی ئەبوبەکر ئەم ڕووداوەی گێڕاوەتەوە لە کاتێکدا خۆی لە تابعینە و لەساڵی ۱۳۵ کۆچی وەفاتی کردووە و، ناوی ئەو کەسەشی باس نەکردووە کە لێی وەرگرتووە، کەواتە ئەم بەشەی مورسەلە؛ ڕیوایەتی مورسەلیش وەرناگیرێت لای زانایان. بڕوانە -«علوم الحدیث ص: ۵۸»-.

ب- موحەممەدی کوڕی ئیسحاق کەسێکی مودەلیسە -بڕوانە: «مراتب المدلسین، المرتبة الرابعة، ص: ۵۱»ی پێشەوا ئیبن حەجەر- و ڕیوایەتەکەی بە (عن) گێڕاوەتەوە، ئەم شێوازە گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاقیش لای زانایان وەرناگیرێت.

دەقی چیرۆکەکە زۆر شوێن ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیە.

ج ـ سەلەمەی کوڕی فەزڵ کەسێکی لاوازە و ڕیوایەتی لێ وەرناگیرێت، پێشەوا بوخاری و عەلی کوڕی مەدینی و نەسائی و ئیبن عودەی و جگە لەمانەش بە لاوازیان داناوە.

* هەر هۆکارێک لەم هۆکارانە بەسە بۆ وەرنەگرتنی ئەم ڕێگەیە، چ جای هەر سێکیان پێکەوە کۆببێتەوە.

ڕوونبوونەوە ئەم ڕیوایەتەی باسی ئەو شێوازە کوشتنە دەکات بەهیچ شێوازێک وەرناگیرێت لەبەر ئەو هۆکارانەی باسکرا، بۆیە هیچ یەکێک لە زانایان ئەم ڕیوایەتەیان بە ڕاست دانەناوە.

* بەهەمان شێواز ئەو بەشەش کە باسی ڕودانی ئەم چیرۆکە دەکات بەبێ ئەو شێوازە کوشتنە، ئەوەش سەحیح نییە؛ چونکە لە هەندێک ڕیوایەتدا باسی ئەوە دەکرێت ئەو ئافرەت هەڵگەڕاوەتەوە لە ئیسلام. لەهەندێک ڕیواتی دیکەدا باسی ئەوە نەکراوە هەڵگەڕابێتەوە لە ئیسلام، لە هەندێک ڕیوایەتدا؛ سی کەسی کۆکردووەتەوە بۆ پەلامار دانی شاری مەدینە، لەهەندێک ڕیواياتدا چل سەربازی کۆکردووەتەوە، لەهەندێک ڕیوایەتدا تەنها باسی کوشتنی کراوە، لەهەندێک ڕیوایەتی دیکە باسی ئەوە دەکرێت قەیسی کوڕی موحەسەر بەو شێوازە کوشتویەتی، لە هەندێک ڕیوایەتدا باسی ئەوە دەکرێت ئەو ڕووداوە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ڕوویداوە، لە هەندێک ڕیوایەتدا باسی ئەوە دەکرێت لە سەردەمی پێشەوا ئەبوبەکر دا ڕوویداوە، لەبەر ئەم هەموو ناڕێکیە و چەند هۆکارێکی دیکە زانایان بە لاوازیان داناوە، وەک پێشەوا ئیبن حەجەر لە «الدراية في تخريج أحاديث الهداية» ئەم چیرۆکەی لاواز هەژمارکردووە.

* ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لە هیچ یەکێک لە ڕیوایەتەکاندا -هەرچەندە لاوازیشن- باسی ئەوە ناکراوە پێغەمبەرﷺ بەو شێوازە ئەو ئافرەتەی کوشتبێت یان فەرمانیشی پێکردبێت. بەڵکو لە ڕیوایەتی واقیدی و ئیبن سەعد و طەبەرییشدا قەیسی کوڕی موحەسەر ئەو کارەی کردووە! ئیتر لەسەر چ بنەمایەک ئەوە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەرﷺ؟! (وەرگێڕ)

ASTANA

ج- نەبوونی یەکترداواکردن لە نێوان بەڵگە و بەڵگە بۆ هێنراوەدا: (٧)

نموونە لەسەر ئەمە:

کردنە بەڵگەی یەکتربینینی پێغەمبەر ﷺ و بوحەیرای ڕاهیب لەسەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ دروشمەکانی ئیسلام و قورئان لە بوحەیراوە فێربووە!

بەڕاستی ئەم وتەیە لە چەند لایەکەوە هەڵەیە لەوانە:

• پێچەوانەی چیرۆکەکەیە کە تێیدا بوحەیرا دان بە پێغەمبەرایەتی موحەممەددا ﷺ دەنێت.

• پاشان ئەم یەکتربینینە وا ناخوازێت پێغەمبەر ﷺ لە بوحەیراوە فێری ئیسلام و قورئان بووبێت؛ چونکە یەکتربینینەکە یەک جار بووە لە دەرەوەی شاری مەککەدا، کاتی یەکتربینینەکەش زۆر کەم بووە، پێغەمبەر ﷺ لەو کاتەدا منداڵێکی بچووک بووە.

هەموو ئەمانە ئەگەر وای دابنێین ئەم چیرۆکە ڕاستە و ڕوویداوە، هەرچەندە چیرۆکەکە لە ڕووی سەنەدەوە لاوازە![1]

د- حیساب نەکردن و گوێنەدان بەو بەڵگانەی پێچەوانەی بۆچوونەکانیان دەکات، هەرچەندە بەهێزتر و ڕاجیحتریش بێت: (٨)

وەک حیساب نەکردنیان بۆ بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی کە زیاتر لە سەدان بەڵگە دەبێت لە جۆراوجۆری و تێر و تەواوەتیەوە[2].

---

(١) پێشتر بەدرێژی ئەم بابەتەمان ڕوونکردەوە. (وەرگێڕ)

(٢) واتە: گومان دروستکردن لە پێغەمبەرایەتی محمد ﷺ و گوێنەدانە بەڵگە ڕاشکا و حاشا هەڵنەگرەکان.

بابەتی چوارەم: (گومانەکان دەربارەی ئەحکامە شەرعییەکان)

دیارترین باسەکان لەم بابەتەدا:

یەکەم: بانگەشکردنی ستەملێکراوی ئافرەت لە ئایینی ئیسلامدا.

• زۆرترین هەڵەکان کە لەم بابەتەدا بڵاوە بریتییە لە:

أ- بوونیاتنانی حوکمەکان لەسەر کۆمەڵە بەڵگەیەک کە بەشێوازێکی ڕاست و دروست لێی تێنەگەشتوون: (٣)

نموونە لەسەر ئەمە:

فەرموودەی ((يَقْطَعُ الصَّلاةَ المَرْأَةُ وَالحِمَارُ وَالكَلْبُ))[1]، واتێگەشتوون

بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی گەلێک زۆرن لەوانە:

١- ڕاستگۆیی و ڕەوشت بەرزیی.

٢- بەڵگەکانی قورئان لەسەر ڕستگۆیی و پێغەمبەرایەتییەکەی.

٣- بەڵگەی کەمالّی تەشریعات و بیروباوەڕ و ئەو ڕەوشتانەی لەسەر زاری پێغەمبەر ﷺ باسکراون.

٤- بەڵگەکانی موعجیزە هەستپێکراوەکان.

٥- بەڵگەی هەواڵدانە پێشوەختەکانی پێغەمبەرانی پێشوو کە موژدەی هاتنی پێغەمبەری خوایان ﷺ داوە.

هەریەک لەم خاڵانەی سەرەوە بە دەها و سەدەها ڕێوایەت و بەڵگە لەخۆ دەگرن. بڕوانە «براهين النبوة». دانراوی: د. سامی عامری. (وەرگێڕ)

(١) فەرموودەکە لە سەحیحی موسلیم و چەند پەڕتوکێکی فەرموودەدا بەسەحیحی هاتووە بە چەند دەستەواژەیەک لەوانە: ئەبوزەڕ دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموویەتی: «هەرکاتێک یەکێک لە ئێوە نوێژی دەکرد، ئەگەر شتێک وەک پشکۆی سەر حوشتر لەبەر دەستیدا بوو، ئەوە دەبێتە سوترە و بەربەست بۆی، ئەگەر سوترەی نەبوو ئەوە (فإنه يقطع صلاته الحمار والمرأه والكلب الأسود) نوێژەکەی

لەم فەرموودەیەدا ئافرەت و سەگ و گوێدرێژ یەکسان کراون،

دەبڕێت ئەگەر گوێدرێژ و ئافرەت و سەگی ڕەش بە بەردەستیدا تێپەڕی».

ئەو کەسانەی تێنەگەشتوون یان دەیانەوێت گومان دروستبکەن دەڵێن: ئەوەتا لەم فەرموودەیەدا هەرسێکەیان یەکسان کراون!

وەڵام: ۱ ئەم لێکدانەوەیە هەرگیز زمانی عەرەبی هەڵیناگرێت، بەڵکەش لەسەر ئەمە بێ دەنگ بوونی مونافیقەکان و یەهود و موشریکەکانە لە بەرانبەر ئەم فەرموودەیە و هاوشێوەکانی؛ چونکە ئەوان خاوەن زمان و ڕەوانبێژی بوون، خۆئەگەر ئەو واتایەی لێ بخوێنرایەتەوە کە گوماندروستکەران باسی دەکەن، ئەوە ئەو مونافیق و موشریکانە پێش هەموو کەسێ دەیانزانی و دونیایان تێدەگەیاند؛ چونکە ئەوان بەشوێن بچوکترین هەڵەدا دەگەڕان بۆ ناشرین کردنی ئیسلام و مسوڵمانان. کەواتە بێ دەنگبوونیان ئەوە دەگەیەنێت ئەم فەرموودەیە هیچ کاتێک واتای یەکسانکردنی ئەو سیانە لەخۆناگرێت.

۲ پاشان هیچ دوو شتێک نییە، ئیلا لەنێوانیاندا جۆرە لەیەکچوونێک هەیە، ئەگەر لە چەند ڕوویەکی کەمیشەوە بێت، بۆ نموونە: بەرد وەک مرۆڤ وایە لەڕووی ئەوەی هەردووکیان دروستکراون و بوونیان هەیە (واتە: مرۆڤ بوونی هەیە و، بەردیش بوونی هەیە)، ئاژەڵانیش وەک مرۆڤ وان لەڕوی ئەوەی هەردوولا دروستکراون و پێویستیان بە خواردن و خواردنەوە و ئیسراحەتکردن هەیە، بەهەمان شێواز دارودرەختیش وەک مرۆڤ وایە لەڕووی ئەوەی هەردوولا ژیانیان هەیە و هەروەها کۆتایی بە تەمەنیان دێت.

کەواتە هەموو دوو شتێک بێگومان هەندێ لێکچوونیان هەیە، ئەگەر لە چەند ڕوویەکی کەمیشەوە بێت، هیچ یەکێک لەزانا و بیرمەندان ئەم لێکچوونەیان بە نەقس و کەم و کورتی دانەناوە، وەک ئیبن تەیمیە فەرموویەتی لە «بیان تلبیس الجهمیة۱/۹۳».

۳ پێش وەڵامدانەوە بەدرێژ پێویستە ئەو دەقانە باسبکرێت کە بەڕوونی باسی ڕێز و قەدری ئافرەتان دەکات لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا؛ چونکە لە چەواشکاریە ئەگەر ئەم دەقە کە بە هەڵە لێی تێگەشتوون زەقبکرێتەوە و هەموو ئەو ئایەت

ئەمەش ڕاست نییە، بەڵکو فەرموودەکە باسی حوکمێکی دیاریکراو دەکات کە پچڕانی نوێژە، نەک لە هەموو ڕوویەکەوە بیان شوبهێنێت پێکەوە.

و حەدیسانەی دیکە پشتگوێ بخرێت. لەپەراوێزی دواتردا هەندێک لەو دەقانە دەخەمە پێش چاو.

٤. وەک پێشتر باسکرا کۆکردنەوەیان هیچ کات واتای شوبهاندن نییە، بەڵکو زانایان باسی هۆکاری ئەم کۆکردنەوەیان کردووە، ئەویش: سەرقاڵکردنی نوێژخوێنە لەلایەن هەریەکێکیانەوە بەجۆرێک، وەک قورطوبی لە «المفهم لما أشكل من تلخيص مسلم٢/١٠٩» فەرموویەتی، بۆیە فەرمانکراوە بەدانانی سوترە لە کاتی نوێژکردندا، پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «هەرکات یەکێک لە ئێوە نوێژیکرد با سوترە دابنێت و نزیک بێتەوە لە سوترەکەی» ئەبو داود و ئیبن ماجە ڕیوایەتیان کردووە، فەرمانکراوە بەڕێگرتن لە هەر شتێک کە بیەوێت بە بەردەست نوێژ خوێندا تێپەڕێت، لە فەرموودەی بوخاری و موسلیم دا هاتووە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «هەرکاتێک یەکێک لە ئێوە نوێژی دەکرد و سوترەی دانابوو، کەسێک ویستی تێپەڕێت بە بەر نوێژەکەیدا، باڕێگەی نەدات؛ (فإنه شيطان) چونکە ئەوە شەیتانە.» واتە: شەیتان وای لێ دەکات ئەو کارە بکات.

٥. لە فەرموودەکەدا کە دەفەرموێت (يقطع) ئەمە بەواتای بەتاڵبوونەوەی نوێژنایەت، پێشەوا ئەبوحەنیفە و مالک و شافعی زۆربەی زانایان لە سەلەف و زانایانی موتەئخیرین فەرموویانە: «نوێژ بەتاڵ نابێتەوە بە تێپەڕبوونی ئەو سیانە و جگە لەوانیش.» فەرموویانە مەبەست بە (يقطع) کەمبوونەوەی پاداشتەکەیەتی بەهۆی سەرقاڵ بوونی نوێژخوێن لە کاتی تێپەڕبوونی شتێک بە بەر نوێژەکەیدا، پێشەوا ئەحمەدیش فەرموویەتی: «تەنها بەتێپەڕ بوونی سەگ نوێژ بەتاڵ دەبێتەوە.» بڕوانە «المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج». (وەرگێڕ)

ب- هەڵبژاردنی نادروست لە بەڵگەکانی یەک بابەتدا بەدەستگرتن بە بەڵگە ناڕوونەکان و، وازهێنان لە بەڵگە ڕوون و ئاشکراکان:(٥)

ڕێزگرتن لە ئافرەتان چەندین بەڵگەی ڕاست و ڕوونی لەسەر هاتووە [لە قورئان و سوننەتدا] [1] هەموو ئەم بەڵگانە ئەوە بەدیار

---

(١) ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر ڕێزی لە ئافرەتان ناوە و، پلە و پایەیەیانی بەرزکردووەتەوە بەشێوازێک، لە هیچ ئایین و بەرنامەیەکدا بەو شێوازە ڕێزیان نەگیراوە، ئافرەت لە ئیسلامدا هاوشانی پیاوانە، باشترین کەسیش ئەو کەسەیە چاکەکارە لەگەل خێزان و خانەوادەیدا، لەمافەکانی ئافرەت کاتێک منداڵە، شیر پێدان و خزمەت کردن و، پاراستن و، جوان پەروەردەکردنە. لەهەمان کاتدا مایەی خۆشحاڵی باوک و دایک و براکانە، پەروەردەکردنی دەبێتە هۆی بوون بەهاوەڵی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی دوایدا، کاتێک گەورە بوو، کەسی سەرپەرشتیاری دەپارێزێت و ڕێزی لێ دەگرێت، تاوەکو هاوسەرگیری دەکات، کاتێک هاوسەرگیری کرد بە وشەی خوا هاوسەرگیریەکەی دەستپێدەکات، پەروەردگار ئەو عەقد و پەیمانەی ناوبردوە بە (میثاقا غلیظا)، کاتێک دەچێتەماڵی خۆی پێویستی کردووە لەسەر هاوژینی ڕێزی بگرێت و بەجوانی لەگەڵی هەڵسوکەوت بکات؛ بەڵکو باشترین پیاو، ئەو پیاوەیە بۆ خێزان و خانەوادەی چاکە، پێغەمبەریش ﷺ لەهەمووان زیاتر بۆ ماڵ و خانەوادەی باش بووە، کاتێک دەبێت بەدایک، مافی لەپاش مافی خواوە دێت و، ئازاردان و خراپ بوون لەگەڵی هاوشانی هاوەڵدانانە بۆ خوا، بەڵکو نابێت بەرانبەری بوترێت ئۆف! مافی سێ جار بەسەر مافی باوکانەوەیە. ئەگەر خوشک بوو ئەوە پێویستە لەسەر براکانی ڕێزی بگرن و پارێزگاری بکەن و نەرموونیان بن لەگەڵی، ئەگەر پوور بوو ئەوە وەک دایک وایە. ئەگەر داپیرە بوو ئەوە هەمان مافی دایکانی هەیە. ئەگەر دوور و نەناسراو بێت ئەوە واجبیکردووە لەسەر مسوڵمانان چاویان بپارێزن لە ناستی و کاری بۆ ناسان بکەن، لەهەر کاتێکدا پێویستی بەیارمەتی بوو، یارمەتی بدەن و، پارێزگاری لێ بکەن... هتد.

خوای میهرەبان دەفەرموێت: {وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ} النساء: ١٩ ((ئێوە

دەخەن ئافرەت پلە و پایەیەکی بەرز و بڵندی هەیە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، ئەمەش ڕوون و ئاشکرا و موحکەمە لە بابەتی ئافرەتدا

بەجوانی و بە باشە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا بکەن و کردار و گوفتارتان چاک بێت لەگەڵیاندا)) (تەفسیری ڕێبەر).

{وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا} الإسراء: ٢٣

((پەروەردگارت بڕیاریداوە و وەسیەتی کرد کە: دەبێت هەر خۆی بپەرستن و، فەرمانیدا کە؛ دەبێت لەگەڵ دایک و باوکدا چاکە بکەن)) (تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان).

لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «هەرکەسێ دوو کچ پەروەردە بکات، هەتاوەکو باڵغ دەبن، لە ڕۆژی قیامەت دا من ئەو ئاواین، دوو پەنجەی پێکەوە نوساند.»

لە بوخاری و موسلیم دا هاتووە، پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، کێ شایستەیە من لەگەڵی باشبم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: دایکت. وتی: پاشان کێ؟ فەرموویەتی: دایکت. وتی: پاشان کێ؟ فەرموویەتی: دایکت. وتی: پاشان کێ؟ فەرموویەتی: باوکت.

فەرموویەتی ﷺ: «پوور لە شوێنی دایک دایە.» هەروەها فەرموویەتی ﷺ: «ئامۆژگاریتان دەکەم چاک بن لەگەڵ ئافرەتاندا»، فەرموویەتی ﷺ: «نەرموونیان بن بەرانبەر بە شوشەکان»، سەحیحی بوخاری. فەرموویەتی ﷺ: «باشترینتان، باشتریتانە بۆ ماڵ و خێزان و خانەوادەکەی، منیش لەهەمووان باشترم بۆ ماڵ و خێزان و خانەوادەکەم»، ئەبو داوود و ئیبن ماجە ڕیوایەتیان کردووە. فەرموویەتی ﷺ: «خوا فەرمانتان پێدەکات چاکبن لەگەڵ ئافرەتاندا، خوا فەرمانتان پێدەکات چاکبن لەگەڵ ئافرەتاندا، ئەوان یان دایکتانن، یان کچتانن، یان پورتانن...» سیلسیلە سەحیحەی شێخ ئەلبانی، بەژمارەی (٢٨٧١).

یەکێک لە پەرتوکە بەسوودەکان لەم بابەتەدا پەرتوکی: «فتاة الضباب: أحاديث المرأه... أين الخلل؟». (وەرگێڕ)

بۆیە ئەگەر واتای بەڵگەیەکیش ڕوون نەبوو لامان لێکدانەوەی بۆ دەکەین لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بەڵگە موحکەمانەدا[1].

بەڵام گوماندروستکەران گوێ نادەنە ئەو هەموو بەڵگە ڕوون و ڕۆشنانە و دەچن دەستەگرن بە چەند بەڵگەیەکی زۆر کەمەوە لەکاتێکدا خۆیان بەهەڵە لێی تێ گەشتوون بەمەبەستی دروستکردنی گومان لەم بابەتەدا.

ج ـ حیساب نەکردن و گوێنەدان بەو بەڵگانەی پێچەوانەی بۆچوونەکانیان دەکات، هەرچەندە بەهێزتر و ڕاجیحتریش بێت:(۸)

ڕوونکردنەوەی لە خاڵی(ب)دا هاتووە.

دووەم:بانگەشەکردنی ئەوەی ئیسلام ئایینێکی وەحشی گەرییە و تینووی خوێنی خەڵکە.

• زۆرترین هەڵەکان لەم بابەتەدا بڵاوە بریتییە لە:

أ- بە تەنها بانگەشەکردن و باسنەکردنی بەڵگە لەسەر ڕاستێتی بانگەشەکە: (۱)

زۆرجار ئەم بانگەشەیە دووبارە دەکرێتەوە: ئیسلام ئایینێکە تینوی خوێنی خەڵک و کوشتنی بێتاوانەکانە؛ بەبێ باسکردنی بەڵگەیەک یان نموونەیەک لەسەر ئەم بانگەشەیە، بەڵکو تەنها دووبارەی دەکەنەوە وەک چۆن بیستویانە لەو ڕاگەیاندنانەی دژایەتی ئیسلام دەکەن.

---

(۱) هاوشێوەی ئەم فەرموودەیە (یقطع الصلاة المرأة والحمار والكلب...) کە پێشتر ڕوونکرایەوە. (وەرگێڕ)

ئەگەر کەسێک ئەم بانگەشەیەی دووبارە کردەوە وەڵام نادرێتەوە هەتاوەکو بەڵگە نەهێنێت لەسەر قسەکانی.

ب- لێکدانەوەی بەڵگەکان بەشێوازێک پێچەوانەیە لەگەڵ ناوەڕۆک و چوارچێوەی دەقەکان:(٤)

نموونە لەسەر ئەمە:

فەرموودەی عورەنییەکان[1]، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد چاویان

---

(١) چیرۆکی عورەنییەکان لە سەحیحی موسلیم و سونەنی ئەبوو داوود و سونەنی نەسائی و جگە لەمانیشدا هاتووە بەم شێوازە: خەڵکانێک لە عوکل و عورەینە هاتنە شاری مەدینە مسوڵمان بوون و بەیعەتیان بە پێغەمبەر ﷺ دا، ئاو و هەوای مەدینەیان پێ نەکەوت بۆیە نەخۆش کەوتن. پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کردن بچن لە شیر و میزی حوشتری زەکات و سەدەقە بخۆن! ئەوانیش ئەم کارەیان جێبەجێکرد بۆیە چاکبوونەوە، دوای چاک بوونەوەیان شوانی حوشترەکانیان کوشت و چاویشیان هەڵکۆڵی، وە حوشترەکانیشیان ڕفاند، ئەم دەنگوباسە گەشت بە پێغەمبەر ﷺ، دەست بەجێ کۆمەڵە هاوەڵێکی نارد بۆ دۆزینەوەیان، ئەوە بوو پاش ماوەیەک گەشتن پێیان و هێنانیانە خزمەت پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی کرد و بەسزای خۆیان گەیەندران.

وەک لە گێڕانەوەکەی پێشەوا نەسائی دا هاتووە ئەبوقیلابە کە لە ئەنەسەوە فەرموودەکە دەگێڕێتەوە، فەرموویەتی: ئەم کۆمەڵە خەڵکە دزییان کرد و شوانەکەشیان کوشت و پاشگەزبوونەوە لەئیسلام و دەستیان دایە دژایەتی کردنی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ.

لە گێڕانەوەی یەحیای کوڕی سەعید لە ئەنەسەوە هاتووە عەبدولمەلیک پرسیاری لە ئەنەس کرد: بە هۆی پاشگەزبوونەوەیان کوژان، یان بەهۆی تاوانەکانی دیکە؟ ئەنەس فەرمووی: بە هۆی پاشگەزبوونیانەوە بوو.

لە گێڕانەوەی پێشەوا ئەبوو داوودا هاتووە ئەنەس فەرمووی: خوای بەرز وبڵند

هەڵبکۆڵرێت...

سیاق و واتای گشتی فەرموودەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەم کارە تۆڵەسەندنەوە بوو لێیان، چونکە ئەوان [ئەو چەند کەسە وەک لە فەرموودەکەدا هاتووە هاتنە مەدینە و ئاو و هەوای شاری مەدینەیان پێ نەکەوت و نەخۆش کەوتن، پێغەمبەر ﷺ چارەسەری نەخۆشییەکەی بۆ دانان، پاش ماوەیەک چاکبوونەوە، دوای چاکبوونەوەیان] پەلاماری شوانی حوشتری سەدەقەیاندا و کوشتیان و چاویان هەڵکۆڵی و حوشترەکانیشیان ڕفاند [و هەڵگەڕانەوە لە ئایینی ئیسلام]، پاش ئەم هەموو تاوانە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد بە هەمان شێوازی شوانە بێ تاوانەکە سزا بدرێن کە چاکەی لەگەڵ کردن و چوو بۆ نیشاندانی شێوازی بەکارهێنانی چارەسەری نەخۆشییەکەیان کەچی ئەوان خیانەتیان کرد و بەو شێوازە کوشتیان.

ئەم ئایەتەی لەم ڕوداوەدا دابەزاند:{إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ} المائدة: ٣٣. (وەرگێڕ)

ج- هەڵبژاردنی نادروست لە بەڵگەکانی یەک بابەتدا بەدەستگرتن بە بەڵگە ناڕوونەکان و وازهێنان لە بەڵگە ڕوون و ئاشکراکان:(٥)

د- حیساب نەکردن و گوێنەدان بەو بەڵگانەی پێچەوانەی بۆچوونەکانیان دەکات، هەرچەندە بەهێزتر و ڕاجیحتریش بێت:(٨)

نموونە لەسەر ئەم دوو خاڵە:

پشت هەڵکردنی گوماندروستکەران لەهەموو ئەو بەڵگانەی سنووری جیهادکردن دیاری دەکات و، یاسا و بنەماکانی دەستنیشان دەکات و ئادابەکانی ڕوون دەکاتەوە وەک: نەهی کردن لە کوشتنی ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتەکان و فەرمان دەکات بە غەدر نەکردن و نەشێواندنی جەستەی کوژراوەکان و، دەستهەڵگرتن لە شەڕ لەگەڵ ئەو کەسانەی ئیسلام بوونی خۆیان ڕادەگەیەنن ئەگەر لە بەپێتترین و دەوڵەمەندترین زەوی و زاریشدا بن [1].

---

(١) لە سەحیحی موسلیم(١٧٣١) و سونەنی ئەبوو داوود (١٦١٣) و سونەنی ترمزی(١٤٠٨) و سونەنی ئیبن ماجە(٢٨٥٨) و جگە لەمانیشدا هاتووە، پێغەمبەرﷺ کاتێک فەرماندەی سوپا یان سریەیەکی دیاری دەکرد؛ ئامۆژگاری دەکرد بە لەخوا ترسان و چاک بوون لەگەڵ سەربازەکانی، پاشان دەیفەرموو: بجەنگن بەناوی خوا، لە پێناو خوا، بجەنگن لەگەڵ ئەوانەی کافربوون بەخوا، بجەنگن و دزی و تاڵانی نەکەن، غەدر و خیانەت نەکەن، جەستەی مردوان نەشێوێنن و، منداڵان مەکوژن، کاتێک گەشتن بە دوژمنان بانگیان بکە بۆ سێ بژاردە، هەر کامێکیان قەبوڵکرد، ئێوەش لێیان قەبوڵ بکەن و جەنگیان لەگەڵ مەکەن، سەرەتا بانگیان بکەن بۆ ئیسلام و مسوڵمان بوون، ئەگەر مسوڵمان بوون ئێوەش ئیسلامەتیەکەیان لێ قەبوڵبکەن، ئەگەر ڕازینەبوون بە مسوڵمان بوون، داوای جزیەیان لێبکەن، ئەگەر ڕازی بوون جزیە بدەن، ئیتر ئێوەش شەڕیان لەگەڵ مەکەن، ئەگەر ڕازیش نەبوون بە دانی جزیە، ئەوکات پشت بەخوا ببەستن و جەنگیان لەگەڵ بکەن.

ئەم بەڵگانە و هاوشێوەکانیان یاسا و بنەماکانی جیهادکردن و ئەخلاق و ئادابی شەڕکردن لە ئیسلامدا ڕوونەدەکەنەوە[1].

لە سەحیحی بوخاری (٣٠١٥) هاتووە پێغەمبەرﷺ نەهی کردووە لە کوشتنی ئافرەت و منداڵان.

لە سونەنی بەیهەقیدا بە ژمارە (١٧٩٣٤) هاتووە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «منداڵ و ئافرەت و پیر و پەکەوتەکان مەکوژن!»

پێشەوا ئەبووبەکر -ڕەزای خوای لێ بێت- ئامۆژگاری فەرماندەکانی دەکرد و دەیفەرموو: «ئافرەت و منداڵ پیرۆپەکەوتەکان مەکوژن، داری بەردار مەبڕنەوە، شوێنی ئاوەدانی وێران نەکەن، مەڕ و ماڵات و ئاژەڵانی خەڵکی سەر نەبڕن، دار خورماکان نەسوتێنن، دزی و تاڵانی نەکەن، ترسنۆکیش نەبن». بڕوانە «إرشاد الفقيه» دانراوی: پێشەوا ئیبن کەسیر.

بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: «أخلاقيات الحرب في السيرة النبوية» دانراوی: ناصر محمدي و، «أخلاق الحروب في السيرة النبوية» دانراوی: د.راغب السرجاني. (وەرگێڕ)

(١) یەکێک لەو ڕوداوانەی کە گوزارشت دەدات لە ڕەوشتی بەرزی مسوڵمانان لەکاتی جیهاد و تێکۆشاندا، بڕیتیە فەتحکردنی سەمەرقەند، چیرۆکێک کە زیاتر لە خەیاڵ دەچێت، بەڵکو لە میژوودا ڕوداوی لەو چەشنە ڕوونەداوە و ڕوشنادات مەگەر لەلای مسوڵمانان، لێرەدا ئەم ڕوداوە بەکورتی باس دەکەین:

لەسەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی عبدالعزیز ڕەزای خوای لێبێت، فەرماندەی مسوڵمانان قوتەیبەی کوڕی موسلیمی باهیلی ڕەزای خوای لێبێت توانی سەمەرقەند و چەند ناوچەیەکی دەوروبەری فەتح بکات، بەڵام قوتەیبە لەسەرەتادا نە بانگی نەکردن بۆ ئیسلام نە داوای جزیەی لێکردن، بەڵکو ڕاستەوخۆ فەتحی ئەو ناوچانەی کرد، دوای ئەوەی پیاوانی ئاینی سەمەرقەند زانیان ئەم کارەی قوتەیبە پیچەوانی یاسا وڕێساکانی جیهاد وتێکۆشانە لەلای مسوڵمانان، پەیامێکیان نارد بۆ پێشەوای باوەڕداران عومەری کوڕی عبدالعزیز بۆ ئەوەی سکاڵای خۆیان بکەن و پێی ڕابگەیەنن کە قوتەیبە بەو شێوازە فەتحی

ولّاتیانی کردووە، دوای گەشتنی پەیامەکەیان بە پێشەوای باوەڕداران، ڕاستەوخۆ نامەیەکی نارد بۆ باوەڕداران لە سەمەرقەند بۆ ئەوەی دادگایی قوبیبە بکەن و دلّنیایی بکەنەوە لەو ڕووداوە، بۆیە بڕیاردرا ڕۆژێک دیاریبکرێت بۆ سازدانی دادگایی لە نێوان کێ؟! لە نێوان فەرماندەی مسولّمانان و نوێنەری پیاوانی ئاینی لە سەمەرقەند، لە ڕۆژی دادگادا دادوەری مسولّمانان بەناوی خۆیەوە بانگی قوتەیبەی کرد ـ واتە: نە دەستەوەژەی فەرماندەی لەپێش ناوەکەیەوە دانا نە هیچ شتێکی تر بەڵکو بە قوتەیبە بانگی کرد ـ پاشان بانگی نوێنەری پیاوانی ئاینی سەمەرقەندی کرد، دادوەر بە نوێنەری پیاوانی ئاینی وت چیت هەیە فەرموو باسی بکە: ئەویش وتی: فەرماندە قوتەیبە فەتحی ولّاتمانی کرد بەبێ ئەوەی بانگمان بکات بۆ ئیسلام یان داوای جزیەمان لێبکات! دادوەر وتی: ئایا ئەوە ڕاستە ئەی قوتەیبە؟! قوتەیبە وتی: بەڵام جەنابی دادوەر خۆتان دەزانن جەنگ فێڵ و سیاسەت و زەفەربردنە، دادوەر وتی: کەواتە نەبانگت کردن بۆ ئیسلام نە داوای جزیەت لێکردن! ئەی قوتەیبە دلّنیابە خوا ئەم ئومەتە بەهۆی غەدر و ناپاکییەوە سەرناخات بۆیە بڕیارماندا: مسولّمانان هەموو ئەوناوچانەی کە قوتەیبە بەوشێوازە فەتحی کردن دەبێت لێی بچنەدەرەوە وجێی بهێڵن! دادگایەکە تەواوبوو! هەرئەوەندە! بەڵێ تەواوبوو، بەڵێ عەدالەت ودادپەروەری ئیسلام بەو شێوازەیە، وەک میژووونوسان باسی دەکەن خەڵکی سەمەرقەند باوەڕیان بەوە نەکرد کە بەچاوەکانی خۆیان بینیان، دوای چەند کاژێرێک مسولّمانان خۆیان کۆکردەوە وکەوتنەڕێ هەموو ئەو ناوچانە چۆڵبکەن، دوای ئەوەی خەڵکی سەمەرقەند ئەم دادپەروەری و جوانییەیان بینی بەدووبارەکردنەوەی شایەتوومان:(لا إله إلا الله محمد رسول الله) چوونە پیر مسولّمانەوە و مسولّمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند، نەک خەڵک بەڵکو پیاوانی ئاینیش مسولّمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند، ئەمەیە میژووی پرشنگداری مسولّمانان لە کاتی جیهاد وتێکۆشاندا، ئاخر چ باوەڕێک، چ فەرماندەیەک، چ دادوەرێک، قەبوڵی دەکات دوای گرتنی شوێنێکی پڕ بەپیت و بەرەکەتی وەک سەمەرقەند کە بە خوێن گیراوە جێی بهێڵێت و ئامادەبێت ڕادەستی دانیشتوانەکەی بکاتەوە! تەنها لەبەر هەڵەیەک کە ڕوویدابوو!

بڕوانە: «فتوح البلدان» دانراوی ئەحمەدی کوڕی یەحیای بەلازوری. (وەرگێڕ)

[و موحکەمن لەبابەتی جیهاد و تێکۆشان لەپێناو خوا، کەچی دەچن دەستدەگرن بە ڕووداوێکەوە و گومانەکانی لەسەر بونیات دەنێن؛ ئەو ڕووداوەش یان ڕاست نییە و ڕووینەداوە، یان بە تەواوی هەموو ڕووداوەکە باس ناکەن، یان لێی تێنەگەشتوون وەک خۆی یان هەرهۆکارێکی دیکە].

گومانەکان دژی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام

جۆری دووەم لە گومـــانە هزریەکانی سەردەم گومانەکان دژی بنەمـــا نەگۆڕەکانی ئیسلام

ئەمەش خۆی لە چوار بابەتدا دەبینێتەوە:

بابەتی یەکەم: (گومانەکان دەربارەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ)

- زۆرترین هەڵەکان لەم بابەتەدا بڵاوە بریتییە لە:

أ- بەتەنها بانگەشەکردن و باسنەکردنی بەڵگە لەسەر ڕاستێتی بانگەشەکە:(۱)

نموونە لەسەر ئەمە:

بانگەشەکردنی ئەوەی ناکرێت دڵنیا ببینەوە لە ڕاستێتی فەرموودەکان کە چوارده سەدە لەمەوپێش وتراون!

ئەم بانگەشەیە ئەگەر خاوەنەکەی بەڵگەی لەسەر باس نەکات هیچ گرنگییەکی نییە و، وەڵامیش ناردێتەوە، بەڵکو داوای بەڵگەی لێ دەکرێت لەسەر ئەم گومانە، ئەگەر بەڵگەی نەهێنا ئەوە لە ڕووی زانستیەوە ئیتر بەسە بۆ وەڵامدانەوەی.

ب- بونیاتنانی حوکمەکان لەسەر بەڵگەی ناڕاست:(۲)

نموونە لەسەر ئەمە:

گومان خستنەسەر سوننەت بە پشت بەستن بەوەی گێڕدراوەتەوە پێشەوا ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لەسەر بێت- هەندێک پەڕاوی سوتاندووە کە فەرموودەی تێدا نووسراوەتەوە.

ئەم ڕووداوە ناڕاستە و ڕووی نەداوە، پێشەوا موعەللیمی لە پەڕتوکی «الأنوار الکاشفة»دا، دوای ئەوەی وتەی ئەبو ڕەییەی هێناوە کە ئەو ڕووداوە دەکات بە بەڵگە، دەفەرموێت: «بەڵام ئەمە ڕووداوە ڕاست نییە و ڕووی نەداوە، ئەبو ڕەییە دەڵێت: لە «تذکرة الحفاظ»ی پێشەوا زەهەبی و «جمع الجوامع»ی سیوتی دا هاتووە، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە کە ئەوان بە ڕاستیان دانەناوە، لە «تذکرة الحفاظ»دا پێشەوا زەهەبی دەفەرموێت: (لا یصح) واتە: ئەم ڕووداوە ڕاست نییە[۱].»

---

(۱) الأنوار الکاشفة (٤٩) عالم الفوائد.

ج- بوونیاتنانی حوکمەکان لەسەر کۆمەڵە بەڵگەیەک کە بەشێوازێکی ڕاست و دروست لێی تێنەگەشتوون:(٣)

نموونە لەسەر ئەمە:

تانە و تەشەردان لە سوننەت بە گومانی ئەوەی کۆمەڵە بابەتێکی تێدایە شایستەی پێغەمبەر ﷺ نییە، وەک ئەوەی باسکراوە لە سوننەتدا پێغەمبەر ﷺ (النبیذ)ی خواردوەتەوە.

[وەڵام:] پێشتر باسی ئەوەمان کرد ئەوان بەهەڵە لەو دەقانە تێگەشتوون؛ چونکە (النبیذ) لە زمانی عەرەبییدا ئەو خواردنەوەیەش دەگرێتەوە کە سەرخۆشکەر نییە.

د- هەڵبژاردنی نادروست لە بەڵگەکانی یەک بابەتدا بەدەستگرتن بە بەڵگە ناڕوونەکان و وازهێنان لە بەڵگە ڕوون و ئاشکراکان:(٥)

نموونە لەسەر ئەمە:

پشتبەستن بەو فەرموودەیەی باسی ڕێگری نووسینەوەی هەر شتێک دەکا جگە لە قورئانی پیرۆز، گوێ نەدانە ئەو فەرموودانەی باسی ڕێگەدان بە نووسینەوەی فەرموودەکان دەکات.

هـ- نەبوونی پێوەرێکی دیاریکراو و جێگیر بەرانبەر بەڵگەکان، دەبینین بەڵگەیەک وەردەگرێت و قەبوڵی دەکات، کەچی هەمان بەڵگە یان هاوشێوەکەی ڕەد دەکاتەوە لەبابەتێکی دیکەدا، بەبێ پێوەرێکی زانستی:(٦)

نموونە لەسەر ئەمە:

بە بەڵگەهێنانەوەی ئەو فەرموودەیەی باسی ڕیگری لە نووسینەوەی فەرموودە دەکات [ئەمە لە کاتێکدا لە بەرژەوەندیان

ASTANA

دایە، دەبینین بەکاریدەهێنن دژی شوێنکەوتوانی سوننەت] لەگەڵ ئەوەی نەک ئەم فەرموودەیە بەڵکو هەموو فەرموودەکان بە بەڵگە دانانرێت لەلای نکۆڵیکارانی سوننەت [بەڵام مادەم لەو کاتەدا لە بەرژەوەندییانە دەبینیت بە بەڵگە دەهێننەوە].

و- نەبوونی یەکترداواکردن لە نێوان بەڵگە و بەڵگە بۆ هێزاوەدا:(٧)

نموونە لەسەر ئەمە:

کردنە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی باسی ڕێگری لە نووسینەوەی فەرموودەکان دەکات، لەسەر بە بەڵگەدانەنانی هەموو سوننەت. پێشتر باسی ئەوەمان کرد هیچ کاتێک ئەم بەڵگە داخوازی ئەو حوکمە ناکات کە ئەوان مەبەستیانە، ئەم فەرموودەیە باسی ڕێگری لە نووسینەوەی فەرموودە دەکات نەک بە بەڵگەدانەنانی هەموو سوننەت[١].

---

(١) فەرموودەکە بریتییە لە: ((لا تكتبوا عني ومن كتب عني غير القرآن فليمحه وحدثوا عني ولا حرج)). واتە: «وتەکانی مەنووسنەوە و، هەرکەس شتێکی لێمەوە نووسیوە جگە لە قورئان با بیسڕێتەوە، فەرموودە لەمنەوە بگێڕنەوە و هیچتان لەسەر نییە.» صحیح مسلم(٣٠٠٤).

پەیامبەر فەرمووێەتی: ((حدثوا عني ولا حرج)) واتە: فەرموودە لەمنەوە بگێڕنەوە و هیچتان لەسەر نییە. کەواتە ڕێگەی بەبڵاوبوونەوەی فەرموودەکان داوە، بەمەرجێک بە نووسین نەبێت ئەمەش لە کاتێکی دیاریکراودا بوو، بۆ ئەوەی تێکەڵ بە قورئان نەبێت. بەڵام ئەگەر هۆکاری ڕێگریکردن لە نووسینەوی فەرموودە ئەوەبێت کە ئەوان دەیڵێن، ئەبوایە ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی فەرموودەکانیش بکردایە و، بیفەرموویایە بەدەمیش مەیگوازنەوە، دەبینین بە پێچەوانەوە فەرمانی کردووە بە گێڕانەوەی فەرموودەکان، بەمەش بەڵگەکەیان هەڵوەشایەوە بەخودی ئەو فەرموودەیەی کە دەیکەن بە بەڵگە. (وەرگێڕ)

دەبینیت ئەم فەرموودەیە لە چەند بنەمایەکی هەڵەکردن لەگەڵمان دووبارە بوویەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نکۆڵیکارانی سوننەت زۆرجار دەیکەن بە بەڵگە بۆ خۆیان.

بابەتی دووەم: (گومانەکان دەربارەی هەوەڵانی[1] پێغەمبەر ﷺ)

• زۆرترین هەڵەکان لەم بابەتەدا بڵاوە بریتییە لە:

أ- بونیاتنانی حوکمەکان لەسەر بەڵگەی ناڕاست:(٢)

نموونە لەسەر ئەمە:

لە پەڕتوکی «بەڵگەیەتی فەرموودە»[2]دا باسم کردووە هەندێک تانە و تەشەر لە هاوەڵی بەڕێز ئەبوو هورەیرە ـڕەزای خوای لەسەر بێت- دەدەن زۆر پەیوەستی پێغەمبەر ﷺ بووە، لەبەرئەوەی خواردنی پێبدات سەرنجام پێغەمبەر ﷺ بێزار بووە لە زۆرهاتن و سەردانیکردنی ئەبوو هورەیرە لەبەر خاتری خواردن، بۆیە پێی فەرموو: ((یا أبا هر! زر غبًّا تزدد حبًّا)). واتە: «ئەی ئەبوهورەیرە! کەم سەردانم بکە تا زیاتر خۆشەویست ببیت». ئەم فەرموودەیە سەحیح نییە، ئەویش لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەمیان لاوازترە لەوی تریان:

بەشی یەکەم: بەستنەوەی فەرموودەی (زر غبا...) بە بابەتی خواردنەوە لە ئەوپەڕی لاوازیدایە.

---

(١) هاوەڵ: بریتییە لەو کەسەی گەشتووەتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ بە مسوڵمانی، بە مسوڵمانیش وەفاتی کردووە. (وەرگێڕ)

(٢) (لا. ١١١)

بەشی دووەم: فەرموودەی (زر غبا...) بە بێ بابەتی خواردنەکەش هەر سەحیح نییە و لاوازە، بەڵام لاوازییەکەی کەمترە لە بەشی یەکەم، هەرچەندە هەندێک لە زانایان ئەم فەرموودەیان بە حەسەن داناوە، بەڵام بۆچوونی ڕاست و دروست ئەوەیە لاوازە.

پێشەوا بەززار -بەڕەحمەت بێت- فەرموویەتی: «دەربارەی (زر غبا...) فەرموودەیەکی سەحیح مان نییە»[١].

پێشەوا عوقەیلی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- فەرموویەتی: «هیچ فەرموودەیەکی سەحیح لەو بارەوە جێگیر نەبووە»[٢].

هەردوو پێشەوا عوقەیلی و بەززار -بەڕەحمەت بن-، شارەزاترن بە زانستی فەرموودەناسی و عیلەلەکانی لەو زانایانەی ئەو فەرموودەیان بە حەسەن داناوە.

ب- هەڵبژاردنی نادروست لە بەڵگەکانی یەک بابەتدا بەدەستگرتن بە بەڵگە ناڕوونەکان و وازهێنان لە بەڵگە ڕوون و ئاشکراکان: (٥)

نموونە لەسەر ئەمە:

دەستگرتن بە چەند بەڵگەیەکەوە سەرزەنشتی هەندێک کار و کردەوە دەکات کە هەندێک لە هاوەڵە بەڕێزەکان کەوتوونەتە ئەو هەڵانەوە، لە بەرانبەردا پشتهەڵکردن لە چەندەها دەق و بەڵگە لەسەر فەزڵ و گەورەیی هاوەڵە بەڕێزەکان.[٣]

---

(١) كشف الأستار، للهيثمي (٢/٣٩٠).

(٢) الضعفاء الكبير، للعقيلي (٢/١٣٨-١٣٩).

(٣) فەزاڵ و گەورەیی و شکۆی هاوەڵە بەڕێزەکان دەتوانین بە دوو شێواز لێی بڕوانین، شێوازی یەکەم: فەزڵ و گەورەیی گشتییەکان ئەمەش ئێجگار زۆرە لەوانە:

*هاوەڵان باشترینی خەڵکین: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «باشترینی خەڵکان، خەڵکی سەدەی منە.» (واتە: هاوەڵانن). سەحیحی بوخاری(٢٦٥٢)، سەحیحی موسلیم(٢٥٣٣).

* ڕازیبوونی خوا لێیان: خوای بێهاوتا دەفەرموێت: {وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ} التوبة: ١٠٠.

*خوا بەڵێنیداوە بەهەشتیان پێ ببەخشێت: خوای پەروەردگار دەفەرموێت: {لَا يَسْتَوِى مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ ٱلْفَتْحِ وَقَٰتَلَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ ٱلَّذِينَ أَنفَقُوا۟ مِنۢ بَعْدُ وَقَٰتَلُوا۟ ۚ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ} الحديد: ١٠. {أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ} التوبة: ٨٩.

*خوا تەزکیەی مەبەست و عیبادەتیانی کردووە و بەڵێنی پاداشی گەورەی پێداون: خوای میهرەبان دەفەرموێت: {مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ۖ تَرَىٰهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا ۖ سِيمَاهُمْ فِى وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ ٱلسُّجُودِ ۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ ۚ وَمَثَلُهُمْ فِى ٱلْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسْتَغْلَظَ فَٱسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعْجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلْكُفَّارَ ۗ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًۢا} الفتح: ٢٩.

*خوا شاهیدی ڕاستگۆیی بۆ داون: خوای گەورە دەفەرموێت: {أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُون} الحشر: ٨.

* خوا شاهیدی سەرفەرازی بۆ داون: خوای خاوەن شکۆ دەفەرموێت: {وَأُولَئِكَ لَهُمُ الْخَيْرَاتُ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ} التوبة: ٨٨

*خوا شاهیدی ئیمان و بڕوای ڕاستەقینەی بۆ داون: خوای کارڕەوا دەفەرموێت: {أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا} الأنفال: ٧٤

شێوازی دووەم: فەزڵ و گەورەیی تایبەتەکان مەبەست بەم جۆرەیان ئەو فەزڵ و گەورەییانەیە بۆ بەشێک لە هاوەڵان جێگیر بووە وەک: ئەهلی بەدر و ئەهلی

ج- تێنەگەشتن لە وتەی ئەهلی سوننە بەشێوازێکی تێر و تەواو:(۱۰)

وێناکردنی باوەڕی ئەهلی سوننە وەک ئەوەی بانگەشەی پارێزراوێتی و عیسمەتی هاوەڵان بکەن، ئەمە شتێکی ناڕاست و بێ بنەمایە، بەڵکو ئەهلی سوننە باوەڕی بە دادپەروەری و ڕێز و قەدر و پێشەوایەتی هاوەڵان هەیە، نەک پارێزراوێتیان لە هەڵە و کەموکورتی.

کەواتە هەڵەی[1] هەندێک لە هاوەڵان هیچ کاتێک تێکناگیرێت

ئوحود و ئەهلی بەیعەی ڕیزوان موهاجیر و ئەنسار و جگە لەمانەش یان ئەو فەزڵ و گەورەییانەیە بۆ چەند هاوەڵێک جێگیربووە وەک: ئەو دە هاوەڵە بەڕێزەی لەیەک فەرموودەدا موژدەی بەهەشتیان پێدراوە، یان بۆ هاوەڵێک بەدیاریکراوی جێگیر بووە، ژمارەی دەقەکان لەم شێوازەشیاندا ئێجگار زۆرە، بۆیە زانایان بەتایبەت پەرتوکیان لەم بوارەدا نووسیوە، لەوانە: «فضائل الصحابة» دانراوی عبدالملکی ئەندەلوسی، «فضائل الصحابة» دانراوی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، «فضائل الصحابة» دانراوی بەقیەی کوڕی مەخلەدی ئەندەلوسی،و «فضائل الصحابة»دانراوی پیشەوا نەسائی، «فضائل الصحابة» دانراوی: خەیسەمەی کوڕی سولەیمان، «فضائل الأنصار» دانراوی: وەهبی کوڕی وەهب، «تحفة الصديق في فضائل أبي بكر الصديق» دانراوی: عەلی مەقدیسی، «محض الصواب في فضائل أمير المؤمنين عمر بن الخطاب» دانراوی: یوسفی کوڕی حەسەنی کوڕی عبدالهادي، «فضائل عثمان بن عفان» دانراوی: عبدالله ی کوڕی پێشەوا ئەحمەد، «مناقب أمير المؤمنين علي بن أبي طالب» دانراوی: عەلی کوڕی حەسەنی واسطی. ئەمە جگە لەوەی لە پەرتوکەکانی فەرموودە باسکراوە لە فەزڵ و گەورەیی هاوەڵان، بۆ ناسینی پەرتوکی زیاتر بڕوانە «معجم ما ألف عن الصحابة وأمهات المؤمنين وآل البيت» دانراوی: موحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی شەیبانی.

(۱) ئەوەی باسدەکرێت لەهەڵە یان تاوانی هاوەڵێک لە هاوەڵان، دەکرێت

بەسێ بەشەوە:

بەشی یەکەم: ئەوە بەشەیە کە درۆیە و جێگیر نەبووە.

بەشی دووەم: ئەوەشی جێگیر بووە، بەڵام یان لێی زیاد کراوە، یان لەسەر شێوازی ڕاستی باس ناکرێت.

ئەم دوو بەشەیان بەبێ جیاوازی وەرناگیرێت و ڕەددەکرێتەوە.

بەشی سێیەم: ئەوەی ڕاستە و وەک خۆی گێڕدراوەتەوە، لێرەشدا هاوەڵان لەدوو حاڵەت بەدەر نین، یان ئیجتیهادیان کردووە و پێکاویانە لێرەدا دوو پاداشتیان بۆ هەیە پاداشتێکی ئیجتیهاد و، پاداشتێکی پێکان، یان ئیجتیهادیان کردووە و نەیان پێکاوە، لێرەدا پاداشێکیان هەیە، ئەویش پاداشتی ئیجتیهاد کردنە.

*ئەو هەڵە و تاوانانەی باسدەکرێن -ئەوەی ڕاستە و وەک خۆی گێڕدراوەتەوە- وەک دڵۆپێک ئاو وایە بەرانبەر ئۆقیانووسی ئیمان و چاکە و تەقوایان.

*ئەگەر تاوانێکیشیان ئەنجام دابێت، ئەوە بەهۆی کۆمەڵە هۆکارێکەوە لەسەریان نەماوە و سڕاوەتەوە لەوانە: بەهۆی زوو ئیمان هێنان یان بەشداریکردن لە جەنگی بەدر، وەک لە چیرۆکی حاطەبی ئیبن ئەبی بەلتەعە هاتووە کاتێک ئاشکرا بوو ویستویەتی دەنگوباسی پێغەمبەرﷺ و هاوەڵان بدات بە موشریکەکانی مەککە، بۆ پاراستنی ماڵ و منداڵەکەی، پێشەوا عومەر فەرمووی بابیکوژم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: «ئەو بەشداری جەنگی بەدری کردووە، تۆ چوزانیت، خوا سەیری ئەهلی بەدری کرد و فەرمووی لەمەودوا هەرچی بکەن من لێتان خۆشبووم».

یان بە دوایدا چاکەیەکیان کردووە بوەتە هۆی سڕینەوەی ئەو هەڵە و تاوانە، یان خوا لێیان خۆشبووە بەهۆی پشتگیری کردنی پێغەمبەرﷺ لە کاتی تەنگانە و کەمی ژمارەی بڕوادارانداً، یان ڕاستەوخۆ تەوبەیان کردووە، یان خوا لێیان خۆشبووە بەهۆی ئەو ناڕەحەتی و موسیبەتانەی هاتووە بەسەریاندا، یان لێیان خۆشبووە بە هۆی شەفاعەت و دۆعای خێری پێغەمبەرﷺ، یان لێیان خۆشبووە بە هۆی فەزڵ و منەتی خۆییەوە، یان... یان... کەواتە هاوەڵە بەڕێزەکان

لەگەڵ باوەڕی ئەهلی سوننە؛ چونکە ئەوان بانگەشەی پاڕێزراوێتی هەوەڵانیان نەکردووە.

بابەتی سێیەم: (گومانەکان دەربارەی کۆدەنگی[1] زانایان)

• زۆرترین هەڵەکان لەم بابەتەدا بڵاوە بریتییە لە:

أ- هەڵبژاردنی نادروست لە بەڵگەکانی یەک بابەتدا، کە بەکۆکردنەوەی هەموو بەڵگەکان بابەتەکە ڕوون دەبێتەوە:(٥)

نموونە لەسەر ئەمە:

پشتهەڵکردن لە چەندنین وتەی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بەڕاشکاوی بوونی کۆدەنگی (ئیجماع) دەچەپسێنێت، لە بەرانبەردا خۆپەیوەستکردن بە یەک وتەیەوە کە فەرموویەتی: «هەرکەسێک بانگەشەی بوونی ئیجماع بکات ڕاستی نەوتووە»، بۆ بەرپەرچدانەوەی کۆدەنگی زانایان.

کەچی دەبینین زیاتر لە چەند بابەتێکدا جێگیر بووە پێشەوا ئەحمەد -بەڕەحمەت بێت- باسی کۆدەنگی زانایانی کردووە و

باشترین دروستکراوەکانن لەدوای پێغەمبەران، ئەگەر هەڵەیەکیشیان کردبێت، خوا لێیان بووراوە لەبەر یەکێک لەو هۆکارانەی باسکران. (وەرگێڕ)

(١) الإجماع: بریتییە لە کۆدەنگی زانایان لە سەردەمێکدا لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەرﷺ لەسەر حوکمێکی شەرعی. بڕوانە: «معالم أصول الفقه،ص: ١٥٦» دانراوی: موحەممەد حوسەین جیزانی. و، «مذكرة في أصول الفقه،ص: ٢٤٢» دانراوی: پێشەوا موحەممەد ئەمین شەنقیطی و، «نزهة الأعين النواظر بشرح روضة الناظر،ص: ٢٦٦» دانراوی: د. موحەممەد مصطفى رمضان. (وەرگێڕ)

وەریشی گرتووە.

ئایا ئەم وتەیەی پێشەوا ئەحمەد (هەرکەسێک بانگەشەی بوونی ئیجماع بکات ڕاستی نەوتووە) بکەینە هۆی ڕەددانەوەی وتەکانی دیکەی، یان هەوڵبدەین لەگەڵ وتەکانی پێشەوا ئەحمەد و هەموو پێشەوایانی دیکەشدا بەشێوازێکی ڕاست و دروست و زانستی لێی تێبگەین؟

پێشەوا ئەبوو داوود بەڕەحمەت بێت دەفەرموێت: گوێم لێ بوو بە پێشەوا ئەحمەد وترا: فلان کەس دەڵێت: خوێندنی سورەتی فاتیحە لە دوای ئیمامەوە پێویستە؛ چونکە تایبەتکراوە و(مەخسوسە[١]) ئەم ئایەتە: {وَإِذَا قُرِئَ ٱلْقُرْءَانُ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥ وَأَنصِتُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ} الأعراف: ٢٠٤ [٢] نایگرێتەوە، پێشەوا ئەحمەد فەرمووی: دەربارەی چی وا دەڵێ؟! زانایان کۆدەنگن کە ئەم ئایەتە و عامەم و قورئان خوێندنی ناو نوێژیش دەگرێتەوە[٣]. [٤].

---

(١) التخصيص: بریتییە لە تایبەت کردنی دەستەواژە گشتگیرەکان. بڕوانە: «معالم في أصول الفقة، ص: ٤٢١» دانراوی: موحەممەد حوسەین جیزانی. (وەرگێڕ)

(٢) ((کاتێک کە قورئان خوێندرایەوە ئێوە گوێی بۆ بگرن وە بێدەنگ بن)) (تەفسیری ڕێبەر).

(٣) مسائل الإمام احمد رواية أبي داود السجستاني، مكتبة ابن تيمية (ص٤٨).

(٤) قازی ئەبوو یەعلای حەنبەلی -بەڕەحمەت بێت- فەرموویەتی: «ئیجماع بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە پێویستە کاری پێبکرێت و، حەرامە پێچەوانەکردنی، هەرگیز ئوممەتیش کۆنابێتەوە لەسەر گومڕایی، پیشەوا ئەحمەدیش بەدەق وای فەرموە لە گێڕانەوەی عبدالله و ئەبو حارس دا...» پاشان دەفەرموێت:

ئەمە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە پێشەوا ئەحمەد باسی کۆدەنگی زانایان دەکات لەسەر حوکمێکی شەرعی[1].

بانگەشەی ئیجماعی کردووە لە گێڕانەوەی حەسەنی کوڕی سەوبدا و فەرموویەتی: من دەڵێم: (الله أكبر) بکرێت لە بەرەبەیانی ڕۆژی عەرەفەوە هەتاوەکو کۆتا ڕۆژی چەژن، پرسیاری لێکرا: بە چ بەڵگەیەک وا دەفەرموون؟ فەرمووی: بە بەڵگەی ئیجماع. بڕوانە «العدة في أصول الفقه١٠٥٨/٤ ١٠٥٩١٠٦٠» بە تەحقیقی د.ئەحمەد موبارەکی.

کەواتە ئەمە لە سێ شوێندا پێشەوا ئەحمەد -بەڕەحمەت بێت- بەڕاشکاوی کاری بە ئیجماعی زانایان کردووە. (وەرگێڕ)

(١) لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت ئەگەر پێشەوا ئەحمەد بڕوای بە ئیجماعی زانایان هەبووە، باشە بۆ فەرموویەتی: (هەرکەسێک بانگەشەی بوونی ئیجماع بکات، ڕاستی نەوتووە)؟

وەڵام: زانایان باسی چەند هۆکارێکیان کردووە کە بوەتە هۆی ئەوەی پێشەوا ئەحمەد وا بفەرموێت، لەوانە:

مەرداوی -بەڕەحمەت بێت- دەفەرموێت: «ئیبن ڕەجەب لەکۆتایی لێکدانەوەی سونەنی ترمزی دا فەرموویەتی: ئەوەی گێڕدراوەتەوە لە پێشەوا ئەحمەدەوە: (هەرکەسێک بانگەشەی بوونی ئیجماع بکات ڕاستی نەوتووە) ئەو وەک نکۆڵیکردن لە فوقەها موعتەزیلەکان وای فەرموە، ئەوانەی لەخۆیانەوە بانگەشەی کۆدەنگیان دەکرد لەسەر وتەکانیان، لە کاتێکدا کەمترین زانیاریان هەبووە بەوتەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان». بڕوانە «التحبير شرح التحرير في أصول الفقه ١٥٢٨/٤».

ئەوەی پشتگیری لەم وتەیە دەکات تەواوکاری وتەکەی پێشەوا ئەحمەدە کە فەرموویەتی: «هەرکەسێک بانگەشەی بوونی ئیجماع بکات ڕاستی نەوتووە، لەوانەیە جیاوازی لەنێوان زانایاندا هەبێت، بیشری مەریسی و ئەصەم لەخۆیانەوە وا دەڵێن». بڕوانە: «العدة في أصول الفقه١٠٥٩/٤».

ASTANA

پێشەوا ئیبن تەیمیە -بەڕەحمەت بێت- فەرموویەتی: «هەندێک لە فوقەهای موتەکەلمین وەک: بیشری مەریسی و ئەصەم بانگەشەی کۆدەنگی زانایان دەکەن، کەچی تەنها ئاگایان لە وتەی ئەبوو حەنیفە و مالیکە، ئاگایان لە وتەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان نییە». بڕوانە «المسودة في أصول الفقه،ص: ٣١٦».

بیشری مەریسی و عبدالرحمانی ئەصەم لە سەرانی ئەهلی بیدەع بوون لەسەردەمی پێشەوا ئەحمەد دا.

پێشەوا ئیبن قەییمیش -بەڕەحمەت بێت- فەرموویەتی: «مەبەستی پێشەوا ئەحمەد نکۆڵی کردن نییە لە هەبوونی کۆدەنگی، بەڵکو ئەحمەد و پێشەوایانی فەرموودە تووشی خەڵکانێک بووبوون فەرموودە سەحیحەکانیان ڕەد دەکردەوە بەبیانوی ئەوەی کۆدەنگی پێچەوانەی دەکات، بۆیە شافعی و ئەحمەد ڕوونیان کردەوە ئەم بانگەشەیە ئەسڵ و ئەساسی نییە و درۆیە، هەرگیز دروست نییە فەرموودە سەحیحەکان ڕەد بکرێتەوە لە پێناو ئەو بانگەشەیەدا». بڕوانە «مختصر الصواعق المرسلة، ص: ٥٨٣».

هەندێکی دیکە لە زانایان فەرموویانە هۆکارێکی دیکەشی هەبووە ئەویش: وەرەع و خۆپارێزی بووە لە بانگەشەکردن؛ بە واتای: بانگەشەکردنی ئیجماع و کۆدەنگی کارێکی وا ئاسان نییە؛ چونکە دەکرێت خیلاف و جیاوازی هەبێت، بەڵام کەسی بانگەشەکار هەستی پێ نەکردووە، بۆیە پێشەوا ئەحمەد زانایان ڕێنوێنی دەکات هاوشێوەی ئەم دەستەواژیە بەکار بهێنن: «ئەوەندەی من بزانم جیاوازی لەنێوان زانایاندا نییە».

قازی ئەبو یەعلا -بەڕەحمەت بێت- فەرموویەتی: «ئەوەی دیارە لەوتەی ئەحمەد نکۆڵی کردنی هەبوونی ئیجماعە، بەڵام لەڕاستیدا بەو شێوازە نییە، بەڵکو وەکو وەرەع و خۆپارێزی وای فەرموە؛ چونکە دەکرێت خیلاف و جیاوازی هەبێت، بەڵام کەسی بانگەشەکار هەستی پێ نەکردووە، یان وای فەرموودە بەرانبەر ئەو کەسانەی شارەزای وتەی زانایانی پێشین نین». بڕوانە «العدة في أصول الفقه٤/١٠٦٠».

ب- تێنەگەشتن لە وتـەی ئەهلی سوننە بەشـێوازێکی تێر و تەواو: (۱۰)

ئەمەش وەک وێناکردنی باوەڕبوون بە کۆدەنگی زانایان کە گوایە بانگەشەکردنە بۆ لاسایی کردنەوە و تەقلیدی پیاوانی ئایینی.

بەڵام بڕوابوونی ئەهلی سوننە بە کۆدەنگی زانایان بونیاتنراوە لەسەر بنەمای پارێزراوی و عیسمەتی هەموو ئوممەتی ئیسلام نەک دانە دانەی بڕوادارانِ[1].

ASTANA

بەهەمان شێواز پێشەوا شافعی -بەڕەحمەت بێت- لە پەڕتوکی «الرسالة»دا ڕێنوێنی زانایان دەکات وەک وەرەع و خۆپارێزی ئەم دەستەواژەیە بەکار نەهێنن. (وەرگێڕ)

(۱) چونکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: «بەڕاستی ئومەتەکەی من کۆنابنەوە لەسەر گومڕابوون و لادان لەڕێی ڕاست». سونەنی ئەبوو داوود (٤٢٥٣) و سونەنی ترمزی(٢١٦٧) و سونەنی ئیبن ماجە (٣٩٥٠). (وەرگێڕ)

بابەتی چوارەم: (گومانەکان دەربارەی حودودە شەرعیەکان[1])

• زۆرترین هەڵەکان لەم بابەتەدا بڵاوە بریتییە لە:

أ- لێکدانەوەی بەڵگەکان بەشێوازێک پێچەوانەیە لەگەڵ ناوەڕۆک و واتای گشتی دەقەکاندا:(٤)

نموونە لەسەر ئەمە:

نکۆڵیکردنی سزای بەردبارانکردن (الرجم) بەکردنە بەڵگەی ئەم ئایەتە: {فَإِذَآ أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَٰحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى ٱلْمُحْصَنَٰتِ مِنَ ٱلْعَذَابِ} النساء:٢٥[2] ئەویش بەلێکدانەوەی (الْمُحْصَنَاتِ) بە (المتزوجات) واتە:(مێرددار) ئەم دەستەواژەیە (المحصنات) دوو واتا هەڵدەگرێت، بەڵام لەم بەشەی ئایەتەکەدا ئەگەر بێتو بە (المتزوجات) مێرددار لێکبدرێتەوە هەڵەیە؛ چونکە لە سەرەتایی ئایەتە پیرۆزەکەدا مەبەست بە (الْمُحْصَنَاتِ) (الحرائر) واتە:(ئافرەتە ئازادەکان) نەک(المتزوجات)مێرددارەکان؛ چونکە خوای باڵادەست هانی بڕوادارانی دەدات لەسەر مارەکردنیان و

---

(١) حەدی شەرعی: بریتییە لە سزایەکی دیاری کراو لەشەرعدا بەهۆی گوناهـ و تاوانێکەوەیە.

حەدە شەرعیەکان وەک: حەدی داوێن پیس و، حەدی تۆمەتبارکردن (القذف) و، حەدی دزیکردن و، حەدی مەشروب خواردن و، حەدی شەوکوت و ڕێگریکردن و، حەدی پاشگەز بوونەوە. (وەرگێڕ)

(٢) ((خۆ ئەگەر شویانکرد و لەوەودوا داوێن پیسیەکیان ئەنجامدا ئەوە نیوەی سزای ئافرەتی ئازاد دەدرێن، ئافرەتی ئازاد سەد شەلاقی لێدەدرێت ئەوان کە کەنیزەکن پەنجا شەلاقیان لێدەدرێت)). (وەرگێڕ)

دەفەرموویێت: ﴿ وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ الْمُحْصَنَاتِ [1] ﴾ النساء: ۲۵ [2].

---

(۱) لێکدانەوەی (الْمُحْصَنَاتِ) لەم بەشەی ئایەتەکەدا بە (ئافرەتە ئیماندارە ئازادەکان) لێکدانەوەی هەموو زانایانی ئەهلی تەفسیرە، پێشەوا ئیبن جەریر -بەڕەحمەت بێت- فەرموویەتی: ((هن الحرائر المؤمنات)) [واتە: (الْمُحْصَنَاتِ) بریتین لە ئافرەتە ئیماندارە ئازادەکان]. پاشان دەفەرموویێت: ((وبنحو ما قلنا قال في المحصنات قال أهل التأويل)). [واتە: بەهەمان لێکدانەوە بۆ (المحصنات) زانایانی ئەهلی تەفسیر لێکدانەوەیان کردووە]، پاشان ئەم لێکدانەوەیە نەقڵ دەکات لە ئیبن عەباس و موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر و ئیبن زەید و جگە لەمانیش. بڕوانە «فتح القدير» و «التحرير والتنوير» و «زاد المسير» و «معالم التنزيل» و «تفسير القرآن الكريم» و «النكت والعيون» و جگە لەمانەش.

(۲) ((ئەگەر یەکێک لە ئێوە نەیتوانی لەبەر دەست کورتی ئافرەتی ئازادی باوەڕدار مارەبکات ئەوە با لە کچە کەنیزە ئیماندارەکان بخوازێت)).

*لەسەحیحی بوخاری و سونەنی ترمزی دا هاتووە پێشەوا عومەر -ڕەزای خوای لەسەر بێت- فەرموویەتی: «خوای باڵادەست پێغەمبەری بەحەق و ڕاستی ناردووە، قورئانی پیرۆزیشی بۆ دابەزاندووە، یەکێک لەو ئایەتانەی خوا دایبەزاند ئایەتی ڕەجم کردن بوو، بۆیە پێغەمبەر ڕەجمی کەسانێکی کرد کە شایستە بوون، ئێمەش بەهەمان شێواز، بەڕاستی من دەترسم کاتێک بەسەر خەڵکیدا بێت، کەسانێکیان تێدا پەیدا ببێت و بڵێن: سزای ڕجم کردن لەقورئاندا نەهاتووە [و سەرەنجام وازی لێبهێنن]، بەهۆی وازهێنان لەم حوکمەی خوا؛ گومڕابن، ئەی مسوڵمانان بەڕاستی سزای ڕەجم کردن حەقە و حوکمی خوایە بۆ ئەو کەسانەی داوێنپیسی دەکەن دوای ژنهێنان یان شوکردن، کاتێک چوار شاهید شاهیدیاندا یان ئافرەتەکە حامیلە بوو یان خۆی دانینا بەتاوانەکەیدا».
(وەرگێڕ)

ب- هەڵبژاردنی نادروست لە بەڵگەکانی یەک بابەتدا، کە بە کۆکردنەوەی هەموو بەڵگەکان بابەتەکە ڕوون دەبێتەوە:(٥)

نموونە لەسەر ئەمە:

کردنە بەڵگەی ئەم ئایاتە پیرۆزە ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ﴾ البقرة: ٢٥٦ بۆ پەکخستنی ژمارەیەک لە ئەحکام و حدودە شەرعییەکان وەک: سزای پاشگەزبوونەوە، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە واتە هەڵوەشاندنەوەی بەڵگەکانی دیکە لەم بابەتەدا، کە ڕوونکەرەوەی واتا و سنووری زۆرلێکردن دیاری دەکات؛ چونکە زۆرلێکردن سنووردار نییە کەسی بەرانبەریش بڕوای بەو سنوورە هەیە، بۆ نموونە دارکاری داوێنپیس کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، لەهەندێک ڕووەوە زۆرلێکردنی تێدایە.

ASTANA

بڵاو بوونەوەی بنەماکانی هەڵەکردن

بەپێی جۆری بەڵگەکان

داوای ڕوونکردنەوەی نەخشەی بڵاوبوونەوەی بنەماکانی هەڵەکردن لەسەر بابەتی گومانەکانی سەردەم، ئێستا بەکورتی نەخشەیەکی دیکە ڕوونەدەکەمەوە، ئەویش ڕوونکردنەوەی بنەماکانی هەڵەکردنە بەپێی جۆری بەڵگەکانە. ئەمەش بۆ ئاسانکردن و دیاریکردنی چەواشەکاری گوماندروستکەرانە بەهۆی جۆراوجۆرێتی شێوازی ڕوونکردنەوەی سەرابی گومانەکانیان.

جۆری بەڵگەکان :

بەشێوازێکی گشتی ئەو بەڵگانەی خاوەن ژیرییەکان پشتی پێ دەبەستن سێ جۆرن:

جۆری یەکەم: بەڵگە خەبەرییەکان.

جۆری دووەم: بەڵگە ئەقڵییەکان (دەکرێت بەڵگە فیتریەکانیش بخرێتە ژێر ئەم جۆرە بەڵگەیە لە هەندێک شوێندا).

جۆری سێیەم: بەڵگە حیسییەکان، یان بەڵگە تەجریبییەکان[1] لە هەر یەکێک لەم سێ جۆرەدا دەکرێت هەموو ئەو دە بنەمایەی

---

(١) لێرەدا مەبەستمان کورتهەڵهێنانی هەموو جۆری بەڵگەکان نییە، بەڵکو ئەوەمان باسکردووە کە زۆر بەکار دەهێنرێت. (نووسەر)

کە دەبنە هۆی هەڵەکردن بێتەجێ، بەڵام بەدواداچوون ئەوەی سەلماندووە جیاوازی هەیە لە نێوان هاتنەجێی ئەم سێ جۆرەدا لەڕووی زۆرێتی و کەمێتییەوە لە ناو جۆری بەڵگەکاندا کە گومانڕوستکەران پشتی پێدەبەستن.

جۆری یەکەم: (ئەو بنەمایانەی هەڵەکردن زۆر بڵاون و بونیاتنراون لەسەر بەڵگە خەبەرییەکان)

ئەو گومانانەی بونیاتراون لەسەر بەڵگە خەبەرییەکان بەزۆری لە پێنج لە بنەماکانی هەڵەکردن ڕوودەدەن ئەوانیش:

١- ناڕاستێتی و نەچەسپاندنی بەڵگەکان.

٢- کۆنەکردنەوەی بەڵگەکان کە لەسەر یەک بابەت هاتوون.

٣-نەبوونی پێوەرێکی دیاریکراو و جێگیر لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا و کەوتنە ناو تێکەڵکردن و تێکگیرانی پێوەرەکان.

٤- نەبوونی پەیوەندی لەنێوان بەڵگە و بەڵگە بۆ هێنراوەدا.

٥- حیساب نەکردن بۆ کۆمەڵە بەڵگەیەک کە پێچەوانەی بۆچوون و لێکدانەوەکانیان دەکات هەرچەندە بەهێزتر و ڕاجیحتریش بێت.

پێشتر باسی نموونەکانمان کرد لەسەر هەریەکێکیان.

لە زۆرترین بنەماکانی هەڵەکردن ڕوودەدات دەربارەی بەڵگە خەبەرییەکان و، گومانڕوستکەران دەکەونە ناویەوە بریتییە لە:

(نەبوونی پێوەرێکی دیاریکراو و جێگیر لە کاتی بەڵگە هێنانەوەدا).

لەدوای ئەزموونێکی چەند ساڵە و گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ گوماندروستکەراندادەتوانمبڵێم:هیچیەکێکلەگوماندروستکەران نییە پارێزراو بێت لە ئەم بنەمایەی هەڵەکردن.

جۆری دووەم:(بنەماکانی هەڵەکردن کە زۆربڵاون و بونیاتنراون لەسەر بەڵگە عەقڵییەکان)

ئەو گومانانەی بونیاتنراون لەسەر بەڵگە ئەقڵییەکان؛ بە زۆری لە سێ لە بنەماکانی هەڵەکردندا ڕووەدەدەن ئەوانیش:

١- ناڕاستێتی ئەو بنەما و پێشەکیانەی بانگەشەکەی لەسەر بونیات دەنرێت:

لە دیارترین نموونەکان لەسەر ئەم بنەمایە ئەوەیە گوماندروستکەران باسی دەکەن دەربارەی بوون و کاملّی خوای باڵادەست، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵە شوبهە و گومانێکدا کە بونیاتنراوە لەسەر قیاسکردن و چواندنی بەدیهێنەر(خالق) بە بەدیهێنراو(مخلوق)ەوە.

بەزۆریش ئەم بابەتە ڕووەدات لە کاتی ڕەخنەگرتن لە کار و کردەوە و حیکمەتەکانی خوای بێهاوتا.

نموونە لەسەر ئەمە:

گوماندروستکەر دەڵێت: بۆچی خوا فەرمان بە پەرستش دەکات ئەگەر ئەم پەرستشە سوودی پێ ناگەیەنێت؟!

کەسی گوماندروستکەر حاجەت و پێویستی داوەتە پاڵ خوای باڵادەست ئەمەش بونیاتنراوە لەسەر چواندنی بەدیهێنەر (خالق) بە بەدیهێنەراو (مخلوق)ەوە.

نموونەیەکی دیکە:

کەسی مولحید دەڵێت: ئەگەر خوا بوونی هەبوایە، ئەوە ژیان هەمووی خۆشی دەبوو و، هیچ ناخۆشی و موسیبەتێک نەدەهاتە کایەوە.

ئەم گومانە دروست بووە لە سەرەنجامی بێ بنەمایەتی ئەو تێگەشتن و، پێشەکییانەی کە لەسەری بونیاتنراون.

نموونەی سێیەم:

کەسی مولحید دەڵێت: هەموو هەبوو(مەوجود)ێک بەدیهێنەر (خالق)ێکی هەیە، خواش مەوجودە [واتە: بوونی هەیە]کەواتە پێویستە بەدیهێنەر (خالق)ێکی هەبێت!

سەرچاوەی هەڵە لەم وتەیەدا بریتییە لە فەساد و نارێکی پێشەکییەکەی، ئەویش (هەموو هەبوو(مەوجود)ێک، بەدیهێنەر (خالق)ێکی هەیە).

بەڵکو ڕاستوایەبوترێت:«هەموودروستکراوێکبەدیهێنەرێکی هەیە».

خواش دروستکراو نییە هەتاوەکو بەدیهێنەری هەبێت.

ئەم نموونەیە یەکێکی دیکە لە بنەماکانی هەڵەکردنی تێدایە ئەویش (تێنەگەشتنە لە وتەی باوەڕداران).

۲- کۆنەکردنەوەی بەڵگەکان کە لەسەر یەک بابەت هاتوون:

ئەم بنەمایەی هەڵەکردن دەردەکەوێت لە بابەتی بوونی خوا دا؛ کاتێک مولحیدان خۆیان پەیوەستی هەندێک بیانووی ئەقڵی

دەکەن و پشت هەڵدەکەن لە هەموو بەڵگە ئەقڵییەکان کە وا دەخوازن خوایەکی زانا و کارزان و دانا و بەهێز و شکۆمەند، ئەم بوونەوەرەی دروستکردبێت.

مولحیدان هیچ بیانوویەک باس ناکەن دەربارەی بوونی خوا ئیلا بەلایەنی کەمەوە بنەمایەک لە بنەماکانی هەڵەکردنی تێدایە کە پێشتر باسمان کرد، لە بەرانبەردا بڕوادارانی چەندین بەڵگەی حاشاهەڵنەگریان بەدەستەوەیە لەسەر بوونی خوا، ئەگەر مولحیدان هەموو بەڵگە ئەقڵییەکانیان لەم بابەتەدا کۆبکردایەوە و بە چاوێکی حەق ویستی و ئینسافەوە گەنگەشەی بەڵگەکانیان بکردایە، هەرگیز خۆیان پەیوەستی ئەو بیانووە بێ بنەمایانە نەدەکرد بەرانبەر ئەو هەموو بەڵگە حاشاهەڵنەگرە لەسەر بوونی خوا.

٣- تێنەگەشتن لە وتەی بـــڕوادارانی، یان وێناکردنی وتـــەی بڕوادارانی بەشێوازێکی شێوێنرا و، پاشان بەڵگەهێنانەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی وتە شێوێنراوەکە:

نموونە لەسەر ئەمە:

کەسی ڕەخنەگر دەڵێت: موعجیزاتی پێغەمبەران شتێکی ناڕاستە؛ چونکە ئەقڵی مرۆڤەکان ناتوانێت پەی بێببات و درکیان بکات...

- باشە چۆن دەکرێت دەریا شەق ببێت بە پیاماڵینی گۆچانێک؟!

- یان چۆن دەگونجێت مرۆڤێک بە ڕۆح و جەستەوە بچێتە ئاسمانەکان و، بشگەڕێتەوە لەیەک شەودا؟!

هۆکاری ئەم ڕەخنەیە بریتییە لە وێناکردنی وتەی باوەڕداران بەشێوازێکی شێوێنرا و، لە کاتێکدا ئیمانی بڕوادارانِ بە موعجیزاتی پێغەمبەران بونیات نەنراوە لەسەر هێز و توانایی پێغەمبەران، بەڵکو بونیاتنراوە لەسەر بڕوایان بە خوای باڵادەست کە خۆی ئەو موعجیزانەی پێبەخشیون و، هەر خۆشی هەموو بوونەوەری دروستکردووە و بەڕێوەشی دەبات.

بۆیە هیچ ڕێگرییەک نییە لە شەقکردنی دەریایەک بۆ پێغەمبەرێک لە پەیامبەرانی، یان چ ڕێگرییەک هەیە خۆشەویستیﷺ بۆ لای خۆی بەرزبکاتەوە[1].

---

(١) دەڵێن: مەحاڵە لەڕووی ئەقڵەوە موعجیزاتی پێغەمبەران ڕوویدات، خۆ ئێمە بە چاویش نەمان بینیوە ئیتر بۆیە بڕوای پێ ناکەین!

دەترێت: موستەحیل دەکرێت بە دوو بەشەوە:

یەکەم: موستەحیلی ئەقڵی (المستحيل عقلا).

دووەم: موستەحیلی عادەتی (المستحيل عادة).

موستەحیلی ئەقڵی هەرگیز ڕوونادات، وەک بوترێت: یەک زیاترە لە دوو.

فلان کەس لە یەک کاتدا لە دوو شوێنی جیاوازە.

بەڵام موستەحیلی عادەتی دەکرێت ڕوویدات، واتە عادەتەن ناکرێت ڕوویدات، بەڵام ئەگەر ڕوویدا پێچەوانەی ئەقڵ ناکات، بۆ نموونە: عادەتەن حوشتر لە بەرد لەدایک نابێت، بەڵام لەڕوی ئەقڵەوە موستەحیل نییە خوا حوشترێک لە بەردێک دەربهێنێت بۆ پێغەمبەرێک؛ چونکە خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵاتە، هەر بۆیە موعجیزات لە بەشی موستەحیلی عادەتی یە نەک موستەحیلی ئەقڵی.

هەندێ جار موستەحیلەکان بە ڕاهایی موستەحیلن (المستحيل المطلق) ئەم جۆرەشیان هەرگیز ناکرێت ڕوویدات بۆ نموونە: دروستکراوێک بێتەبوون بەبێ بەدیهێنەرێک.

هەندێ جار موستەحیلەکان ڕێژەییین (المستحيل النسبي) ئەمەیان دەکرێت

خواش خۆی بەدیهێنەری هەموو شتێکە.

جۆری سێیەم: (بنەماکانی هەڵەکردن کە زۆربڵاون و بونیاتنراون لەسەر بەڵگە تەجریبی و حیسییەکان)

ئەو گومانانەی بونیاتنراون لەسەر بیردۆزە زانستییەکان و دەدرێنە پاڵ بەڵگە تەجریبییەکان، بەزۆری چوار دانە لە بنەماکانی هەڵەکردندا دێنەجێ ئەویش:

۱- جێگیرنەبوونی و نەچەسپاندنی ئەو بەڵگەیەی کە بونیاتی بانگەشەکە (گومانەکە)ی لەسەر نراوە:

زۆرجار مولحیدان ڕەخنە لە بەڵگەکانی دەگرن لەسەر بوونی خوا بەهۆی پشت بەستنیان بە کۆمەڵە بیردۆز و گریمانەیەک تاوەکو ئێستا نەسەلمێنراون، بەڵکو هەندێکیان هەتاوەکو ئێستا هەر لە چوارچێوەی گریمانە و خەملاندندان؛ وەکو گریمانەی فرەگەردوونی (الأكوان المتعددة).

هەندێکیشیان بە شێوازێک لە شێوازەکان هەندێک شت گوزارشتی لێ دەکات، بەڵام بەڵگەی حاشاهەڵنەگری دژی دەوەستێتەوە وەک بیردۆزی پەرەسەندن (Evolution).

ڕووبدات، بۆ نموونە: ئایا دەکرێت ئاسن بفڕێت؟

پێش دوو سەد سێ سەد ساڵ موستەحیل بوو، بەڵام ئێستا نەخێر؛ ئەوەتە فڕۆکە لە ئاسن دروستکراوە و دەشفڕێت.

بۆیە بەم موستەحیلە دەوترێت نیسبی واتە بەنیسبەت توانای و زانستی مرۆڤ، بەڵام دەکرێت لە کاتێک لە کاتەکاندا ڕووبدات. (وەرگێڕ)

هەموو ئەمانە پێویستە ڕەچاو بکرێت لە کاتی وەڵامدانەوە و بەرپەرچدانەوەی گوماندروستکەراندا، کاتێک پشت دەبەستن بەم جۆرە بابەتانە[1].

٢- نەبوونی پەیوەندی لە نێوان بەڵگە و بەڵگەبۆهێنراوەدا:

پێشتر باسی چەند نموونەیەکمان کرد کە چۆن مولحیدان دەکەونە ناو ئەم جۆرە لە بنەماکانی هەڵەکردن، بەتایبەت لە کاتی کردنە بەڵگەی هەندێک گریمانە و بیردۆزەکان لەسەر نکۆڵیکردن لە بوونی خوا.

لە کاتێکدا لەم بیردۆزانە ورد دەبیتەوە بۆت دەردەکەوێت بە هیچ جۆرێک بەڵگە نین لەسەر نەبوونی خوا، بەڵکو ئەوپەڕی ئەم بیردۆزانە بریتین لە ڕوونکەرەوەی شێوازی گەشەندنی هەندێک لە دروستکراوەکان.

پێشتر ئەوەمان باسکرد؛ کردنە بەڵگەی ئەم بیردۆزانە بۆ نکۆڵیکردن لە بوونی خوا؛ چەندین هەڵە لەخۆدەگرێت.

٣- نەبوونی پێوەرێکی دیاریکراو و جێگیر بەرانبەر بەڵگەکان، دەبینیت بەڵگەیەک وەردەگرن لە بابەتێکدا، کەچی هەمان بەڵگە ڕەددەکەنەوە لە بابەتێکی دیکە بەبێ پێوەرێکی زانستی دیاریکراو:

زۆرجار مولحیدان بە ئاشکرا دەڵێن: زانست و زانیاری بە دەست نایەت تەنها لەڕێگەی حیس و تەجرەبەوە نەبێت، ئەما لەڕێگەی ئەقڵ و هەواڵ و فیترەت و ئیلهامەوە هەرگیز بە دەست نایەت.

---

(١) واتە: دەبێت کەسی باوەڕدار ئاگاداری وردەکاری ئەو بەڵگانە بێت کە پشتی پێدەبەستن، پاشان بەشێوازێکی زانستی وەڵامیان بداتەوە. (وەرگێڕ)

کەچی کاتێک بەڵگە دەهێننەوە لەسەر نکۆڵیکردنی بوونی خوا نابینیت بەڵگەی حیسی و تەجریبی بێت، بەڵکو بەناو بەڵگەی ئەقڵی بەکاردەهێنن[1]؛ چونکە هیچ بەڵگەیەکی حیسی نییە لەسەر نەبوونی خوا، ئەو بیردۆز و گریمانانەش بەکاریدەهێنن بۆ نکۆڵیکردن لە بوونی خوا هەر لە ڕێگەی ئەقڵەوە دەیکەن بە بەڵگەی بۆ خۆیان، نەک لەڕێگەی حیس و تەجرەبەوە.

ڕوون بوویەوە ئەمە هەڵەیەکی ڕوون و ئاشکرایە.

پاشان پێیان دەڵێین: ئەگەر ئێوە بەڵگە ئەقڵییەکان وەردەگرن و بەکاریشی دێنن بۆ نکۆڵیکردن لە بوونی خوا، باشە بۆچی وەریناگرن لە بابەتی بوونی خوادا، لەکاتێکدا زۆر ئاشکرا و حاشاهەڵنەگرە؟! بەڵکو لەم کاتەدا خۆتان بەری دەکەن لە هەموو جۆرە بەڵگەیەک جگە لە بەڵگە تەجریبی و حیسییەکان، بێ گومان ئەمەش ناڕێکی و شێرزەیی و نەچەسپاوییە لە بەرامبەر پێوەرەکاندا.

٤- حیساب نەکردن بۆ ئەو بەڵگانەی پێچەوانەی بیر و بۆچوونەکانیان دەکات، هەرچەندە بەهێزتر و ڕاجیحتریش بێت:

هەندێک جار ئەو بەڵگە تەجریبییەی نکۆڵیکار دەستی پێوە دەگرێت؛ بەڵگەیەکی گومانییە (ظني)، لەهەمان کاتدا بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر، یان چەندبەڵگەیەکی ڕوون و حاشاهەڵنەگر پێچەوانەی

---

(١) هەر چەندە بەڵگەکانیان لەبەڵگە ئەقڵیە ڕاست و ڕەوانەکان نین بەڵکو کۆمەڵە بیانوویەکی میتافیزیکییە، نووسەریش کاتێک دەڵێت: بەڵگەی ئەقڵی لەو ڕووەوە دەڵێت کە ناتوانرێت تاقیبکرێتەوە و لەئەرزی واقعدا نایەنەجێ واتە: بەڵگەی تەجریبی و حیسی نین. (وەرگێڕ)

ئەو بەڵگە زەنییە دەکات، جا ئیتر بەڵگەیەکی تەجریبی بێت، یان ئەقڵی، یان خەبەری، کەچی دەبینین هیچ حیسابێک ناکات بۆ بەڵگە ڕووون و حاشاهەڵنەگرەکان هەرچەندە بەهێزتر و ڕاجیحتریشن، بەڵکو تەنها تیشکدەخاتە سەر بەڵگە گومانییەکە، هەروەک بڵێی تەنها ئەو بەڵگەیە هەیە لەسەر ئەو بابەتە، هیچ بەڵگەیەک نییە پێچەوانەی بکات.

نموونە لەسەر ئەمە:

کردنە بەڵگەی بیردۆزی پەرەسەندن (Evolution) لەسەر نکۆڵیکردن لە بوونی خوا، پێشتریش ڕوونمان کردەوە ئەم کردنە بەڵگەیە لە چەند ڕوویەکەوە کەم و کورتی تێدایە.

ئێستاش دەریدەخەین لە چەند ڕوویەکی تریشەوە کەم و کورتی تێدایە، ئەویش حیساب نەکردنە بۆ چەند بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا و حاشاهەڵنەگر کە پێچەوانەی دەکات.

ڕاستێتی بیردۆزی پەرەسەندن شتێکی گوماناوییە[1]، بەڵام بەڵگەکان لەسەر بوونی خوا بەڵگە گەلێکی ڕوونی حاشاهەڵنەگری قەتعییە، کەچی نکۆڵیکاران هیچ حیسابێک بۆ ئەم بەڵگانە ناکەن، ئەمەش کەم و کورتی هەڵەی زانستییە دەربارەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بەڵگەکان.

---

(١) پێشتر باسکرا کە ئەم بیردۆزە خوڕافەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، بۆیە باش وایە پێی بوترێت: خوڕافەی پەرەسەندن نەک بیردۆزی پەرەسەندن؛ چونکە شایستە نییە نازناوی بیردۆزی پێ بدرێت. (وەرگێڕ)

کۆتـایی[1]

یەکلایی نەبووم لە نووسینی ئەوەی ڕابوورد لە ڕێگاکانی ئاشکراکردنی هەڵەکان لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا بەشێوازێکی گشتی و بەتایبەت لە بواری گومانە فیکرییەکانی سەردەمدا، هەتاوەکو زۆربەی نوسراوەکانم بینی لەم بابەتەدا [بابەتی چەواشەکاری و بەڵگەهێنانەوەی نادروستدا] کە بەروبوومێکی ئەوتۆی نییە لە بەرانبەر گومانە فیکریی و عەقیدەییەکاندا.

- هەوڵمداوە دەستەواژەکان کورت بکەمەوە و نموونەی زۆر باس بکەم لەسەر ناوەڕۆکی باسەکان.

- هەوڵمداوە واتا دووڕەکان نزیک بکەمەوە بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ماندووکردن و بێزارکردنی بیری خوێنەر، هەروەک چۆن لە هەندێک لە نووسراوەکانی ئەم بوارەدا دەبینرێت بە شێوازێک ناسراوەکان دەناسێنن، ئاشکراکان ڕوونەدەکەنەوە ئەمەش وادەکات ئاسانەکانیش قورس ببێت و ڕێگای تێگەشتن دوور بخرێتەوە. لەم نووسراوەدا بابەتی بەسوودی تێدایە بۆ ئەو لایەنانەی کار

---

(۱) سوپاس بۆ خوای گەورە لێبوومەوە لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەنرخ وبەسوودە، حەق وایە هەموو حەق ویستێک لە عەودالانی حەقیقەت، لە لێکۆڵەران و توێژەران و فێرخوازان ئەم کتێبە بخوێننەوە، لەوەش گرنگتر جێبەجێکردنیەتی لەکاتی بەرپەرچدانەوەی گومانەکاندا، خوا پاداشتی نووسەر و ئێوەش بداتەوە بۆ ئەم هەوڵە بەبایەخە، خوای میهرەبان ئیخڵاس و بەرەکەت بخاتە کار و کردەوەی هەمووان.
م. عەلی خان، شەوی ۲۰۲۰/۹/۲۹۳۰ ڕێگای هەولێر - کەلار.

دەکەن لەسەر پەروەردەکردن و دروستکردنی بانگخوازان، دەتوانن چەندین نموونە باس بکەن لەسەر ئەو بنەمایانەی هەڵەکردن کە باسمان کرد بۆ بواری بانگخوازییەکەیان.

داوا لە پەروەردگار دەکەم بەرەکەت بخاتە ناو ئەم نووسراوە و بیکاتە تۆشوێەک بۆ بەرگیکاران لە ئایینە پیرۆزەکەی، لێی دەپارێمەوە بیکاتە تۆشوێەک بۆ قیامەتم.

ستایشی نەبڕاوە بۆ پەروەردگاری جیهانیان، دروود و سڵاو بۆ گیانی پاکی پەیامبەری ئەمین و خانەوادە و شوێنکەوتوانی هەتاوەکو ڕۆژی دوایی[1].

---

(١) کۆتایی:

سوپاس و ستایشی دوانەهاتوو بۆ خوای میهرەبان، سڵاوات و دروود بۆسەر گیانی پیرۆزی پێغەمبەرﷺ و هاوەڵان.

سوپاسی بێ پایان بۆ خوای باڵادەست کە یارمەتیدام و کاری بۆئاسان کردم، توانیم کاری وەرگێڕان و لەسەر نووسینی ئەم پەرتوکە بەنرخە بگەیەنمە ئامانج لە شەوی ٩/جەمادی یەکەمی/١٤٤٢ لەشارۆچکەی زەرایەن، (وەرگێڕ).

نـاوەڕۆک

پێشەکی وەرگێڕ.....٥
پێشەکی (مرکز دلائل).....١٠
پێشەکی ١٢
هەنگاوەکان بۆ ئاشکرا کردنی هەڵەکان لەگومانی گومانسازان ١٤
بنەماکانی هەڵەکردن لەلای گومانسازان ٦٠
بنەماکانی هەڵەکردن لەلای گومانسازان لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا...٦٠
بنەماکانی هەڵەکردن لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا: ٦٠
نەخشەیەکی ڕووونکەرەوە بۆ ئەو دە بنەمایەی ٦٣
دەبنە هۆی هەڵەکردن لە بابەتە جیاوازەکانی سەردەمدا.....٦٣
گومانەکان دژی خودی ئاینی ئیسلام.....٦٤
بابەتی یەکەم: (گومانەکان دەربارەی بوون و کاملّی خواو حیکمەتەکانی لە کار و کردەوەکانیدا) ٦٤
بابەتی دووەم : (گومانەکان دەربارەی قورئانی پیرۆز).....٨٠
بابەتی سێیەم : (گومانەکان دەربارەی پێغەمبەر ﷺ) ٨٤
بابەتی چوارەم : (گومانەکان دەربارەی ئەحکامە شەرعییەکان).....٩٠
گومانەکان دژی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام.....١٠٢
بابەتی یەکەم : (گومانەکان دەربارەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ).....١٠٢

ASTANA

بابەتی دووەم : (گومانەکان دەربارەی هەوەڵانی پێغەمبەر ﷺ) ١٠٦
بابەتی سێیەم : (گومانەکان دەربارەی کۆدەنگی زانایان) ١١١
بابەتی چوارەم : (گومانەکان دەربارەی حودودە شەرعیەکان).....١١٦
بڵاو بوونەوەی بنەماکانی هەڵەکردن بەپێی جۆری بەڵگەکان.....١١٩
جۆری یەکەم: (ئەو بنەمایانەی هەڵەکردن زۆر بڵاون و بونیاتنراون لەسەر بەڵگە خەبەرییەکان) ١٢٠
جۆری دووەم : (بنەماکانی هەڵەکردن کە زۆر بڵاون و بونیاتنراون لەسەر بەڵگە عەقڵییەکان) ١٢١
جۆری سێیەم: (بنەماکانی هەڵەکردن کە زۆر بڵاون و بونیاتنراون لەسەر بەڵگە تەجریبی و حیسییەکان) ١٢٥
کۆتـایی ١٢٩

ASTANA

1+1=3

سەرابی گومانەکان

نووسەر بەپێی ئەو شارەزاییە زۆر و زانستە قوڵەی کە هەیەتی دەربارەی گومانە نوێ و تازەکانی سەردەم، هەستاوە بە دانانی چەندین بنەمای زێڕین بۆ بەرپەچ دانەوەی بنەما بێ بنەماکانی گومانسازان، ئەم بنەمایانەی بەشێوەیەکی زانستی داڕشتووە و خستویەتییە بەردەستی خوێنەر، تا خۆی شەنوکەوی گومانەکان بکات، وە ئەگەر گومانێکی توشبوو بەو پێوەر و بنەمایانە بنکەندی بکات و پاک و پیسی لێک جوێ بکاتەوە.

وە نووسەر هەرگیز لەبری تۆ وەڵامی گومانەکان ناداتەوە، بەڵکو ڕێسا و بنەماگەلێکی زێڕین دەخاتە بەردەمت و دەڵێت بەچاوی زانست و داناییەوە بڕوانە، بزانە ئەوەی دەیڵێیت یان ڕووبەڕووت بووەتەوە گومانێکی زانستیانەیە، یان تەنیا داهۆڵێکە و لێیان کردویت بە مرۆڤ.

نرخ : ٣٠٠٠ دینار